زانست

# بیری توندڕەویی و پەڕگیریی

# لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ

د. عومەر عەبدولعەزیز

Millet
PUBLISHING

زنجیرە کتێبی دەزگای میللەت

ژمارە ( ٩ )

- ناوی کتێب: بیری توندڕەویی و پەڕگیریی لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ
- نووسەر: د. عومەر عەبدولعەزیز
- بەرگ: تێکۆشەر خالید
- بابەت: لێکۆڵینەوەی ئایینی
- چاپ: یەکەم- ٢٠١٦
- چاپخانە: کارۆ

- بڵاوکار: دەزگای میللەت

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ١٠٢١ی ساڵی ٢٠١٦ی پێ دراوە

# بیری توندڕەویی و پەڕگیریی لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ

**(هۆکارەکان، دەرهاویشتەکان، چارەسەر)**

د. عومەر عەبدولعەزیز

بِسْمِ اللّهِ الرّحْمنِ الرّحِيمِ

﴿وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمّةً وَسَطًا لّتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النّاسِ وَيَكُونَ الرّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا، وَمَا جَعَلْنَا الْقِبْلَةَ الّتِي كُنتَ عَلَيْهَا إِلّا لِنَعْلَمَ مَن يَتّبِعُ الرّسُولَ مِمّن يَنقَلِبُ عَلَى عَقِبَيْهِ، وَإِن كَانَتْ لَكَبِيرَةً إِلّا عَلَى الّذِينَ هَدَى اللّهُ، وَمَا كَانَ اللّهُ لِيُضِيعَ إِيمَانَكُمْ، إِنّ اللّهَ بِالنّاسِ لَرَءُوفٌ رّحِيمٌ﴾ البقرة:١٤٣

# پێڕستی ناوەڕۆك


بابەت ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــ لاپەڕە

دەروازەی بابەت.................................... ٩

**بەشی یەکەم:** مانای زیادەڕۆیی (غلو) لە زمانو زاراوەدا.. ١٣

توندڕەویی لە ئیسلامدا، نەك توندڕەوی ئیسلامیی......... ٢١

توندڕەویی لە ئاییندا، مەترسیدارترین هەڕەشە لەسەر خودی ئایین................................................ ٢٦

**بەشی دووەم:** دەستەواژەکانی قورئان دەربارەی توندڕەویی‌و دیاردەو نموونەکانی........................... ٣٥

ئاماژەکانی قورئان‌و ڕاو بۆچوونی موفەسسیرکان ......... ٣٦

نمونەکانی زیادەڕەویی لە قورئاندا ..................... ٥٢

**بەشی سێیەم:** نمونەیەك لە باسی زێدەڕۆیی لە سوونتەتدا.٥٩

**بەشی چوارەم:** چەند نمونەیەکی زیادەڕۆیی قەدەغەکراو ٧٧

چەند نمونەیەك لە زاراوەو ئاماژەکان لە سوننەتدا ........ ٨٣

**بەشی پێنجەم:** ڕۆڵی پیلانی ناحەزانی ئیسلام لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی توندوتیژیی................................ ١١٥

ڕۆڵی پیلانی ناحەزانی سەردەمی یەکەمی ئیسلام ........ ١١٨
فیرقەو تاقمەکانو دیاردەی توندڕەویی فیکریی.......... ١٢٢
**بەشی شەشەم:** تایبەتمەندیی میانەڕەویی ئوممەتی ئیسلام ١٢٥
**بەشی حەوتەم:** هۆکارەکانی سەرهەڵدانی توندڕەویی لە مێژوودا ١٣٩
**بەشی هەشتەم:** هۆکارەکانی گەشەی توندڕەویی هاوچەرخ ١٤٧
هۆکارە بنەڕەتییەکانی توندڕەویی: خیانەتی ڕژێمەکان... ١٤٨
نمونەی خیانەتی ڕژێمەکان. (ناصرو سادات بە نمونە).... ١٥٦
بەڵگەنامەی (١): پیلانێکی سەردەمی (ناصر)........... ١٥٧
بەڵگەنامەی (٢): نامەی (ریتشارد.ب. میتشل) بۆ C.I.A... ١٥٩
بەڵگەنامەی (٣): پیلانێکی سەردەمی (ئەنوەر سادات).. ١٦١
**بەشی نۆیەم:** دیاردەی تەکفیرو ڕواڵەتەکانی............ ١٦٣
ناساندنی ڕێکخراوی (داعش)و هەڵوێست بەرامبەریان..... ١٨٢
**بەشی دەیەم:** بەشێك لە ڕێگاکانی چارەسەری پەرگیریی. ١٨٧
دوا پەیڤو هیوایەكو چەند ڕاسپاردەیەك................ ١٩٣

## دەروازەی بابەت

بابەتی پەڕگیریی‌و توندڕەویی‌و زیادەڕەویی لە ئاییندا، لە دێرزەمانەوە باسی لێکراوەو وەك دیاردەو حاڵەت لە سەرەتای بوونی ئایینەکانەوە هەبووە. بە ڕادەی دوریی‌و نزیکیی شوێنکەوتووانی ئایینەکانیش، دیاردەکە زیادو کەمی کردووە، لە ڕووی ئاسۆییشەوە هەموو ڕەهەندە هزریی‌و کردارییەکانی گرتۆتەوە.

بەهێزترین‌و پڕمتمانەترین سەرچاوەی تۆماری ئەم ڕاستییە، قورئانی پیرۆزە، کە چەندین نمونەی پەڕگیریی‌و زیادەڕەویی شوێنکەوتووانی ئایینەکانی تۆمار کردووە. بۆیە پەیڕەوانی ئیسلامیشی ئاگادار کردۆتەوە کە وەك ئەو نەتەوانە نەکەن، کە ناوی لێناون (أهل الكتاب). بۆیە لە دوو جێگەی قورئانی پیرۆزدا، ڕاستەوخۆ بە دەستەواژەی قەدەغەکردن، فەرمویەتی: ﴿لا تغلوا في دينكم﴾، یەکەمیان:

له ئایەتی (١٧١)ی سورەتی (النساء)دا ڕاستەوخۆ خوای گەورە خۆی ڕوو بە ئەهلی کیتاب فەرمویەتی:﴿يا أَهْلَ الْكِتَابِ لَا تَغْلُوا فِي دِينِكُمْ﴾، دووەمیان: لەئایەتی (٧٧) سورەتی (المائدة)شدا، فەرمان بەسەر پێغەمبەری ئیسلامدا دەدات، کە هەمان مەبەستیان پێ بگەیەنێت، دەفەرموێت: ﴿قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لَا تَغْلُوا فِي دِينِكُمْ غَيْرَ الْحَقِّ﴾، هەردوو ئایەتەکەش لەئاقاری باسکردنی نمونەو دیاردەکانی لادانو پەڕگیریی‌و زیادەڕۆچوونی مەسیحی‌و جولەکەکاندا هاتوون، وەك ئەوەی دەربارەی عیساو عوزەیر پێغەمبەرو فریشتەکان دەیانگوت.. جگە لەم ئایەتانەش دەیان ئایەتی تر هەن، کە جۆرو نمونەکانی تیژپەڕیی‌و زیادەڕەویی لە هەردوو لایەنی بیرو کرداردا قەدەغە دەکەن، کە پشت بەخوا لەم کتێبەدا ئاماژە بە گرنگترینیان دەکەین.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییە قورئانییەدا، پێغەمبەریش (ﷺ) لە دەیان فەرمودەدا دیاردەو نموونەی زیادەڕۆیی‌و

تیژپەڕییەکانی لە ئاییندا لە موسڵمانان قەدەغە کردووە، جەختیشی کردۆتەوە کە تیژپەڕیی‌و زیادەڕەویی هۆکاری تیاچوونی نەتەوەو کەسانێکی پێشتر بووە، دەفەرموێت: (إِيَّاكُمْ وَالْغُلُوَّ فِي الدِّينِ، فَإِنَّهُ أَهْلَكَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمُ الْغُلُوُّ فِي الدِّينِ)[1]، تەنانەت زیادەڕەویی لەگەڵ قورئانیشی قەدەغە کردووە، دەفەرمویٚ: (إقْرَءُوا الْقُرْآنَ، وَلاَ تَغْلُوا فِيهِ، وَلاَ تَجْفُوا عَنْهُ).[2] هەروەها ئاماژەشی کردووە، کە شەخصی خۆیشی وەك خۆی بناسن، کە بەندەی خواو نێردراوی خوایە، دەفەرمویٚ:(لَا تُطْرُونِي كَمَا أَطْرَتِ النَّصَارَى عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ، فَإِنَّمَا أَنَا عَبْدُ اللَّهِ وَرَسُولُهُ).[3] هەروەها لەبەر ڕۆشنایی ئاراستە قورئانییەکاندا چەندین فەرمودەی تر هەن،

---

١ صەحیحی بوخاری، بە ژمارە ٣٢٤٥.

٢ سونەنی نەسائی، بە سەنەدی صحیح، بە ژمارە ٣٠٥٧.

٣ موسنەدی ئەحمەد، بە ژمارە ١٤٩٨١.

دەربارەی ڕێگرتن لە زیادەڕەویی لە پەرستشکردنو هەڵسوکەوتو بیرکردنەوەدا.

ئێستەش لەم هەلومەرجەدا کە توندوتیژیی‌و تیژڕەویی لە بەرگە ئاینییەکەدا سەری هەڵداوەتەوە، بە پێویستم بینی کە ئەم بابەتە بخەمە بەردەستی خوێنەران، وەکو هەوڵێك بۆ شیکردنەوەی ئەو چەمکەو هۆکارەکانی سەرهەڵدانی لە کۆنو نوێداو ڕۆڵی پیلانی ناحەزانی ئایینی ئیسلام لە دنەدانی دیاردەکەو ڕێگاکانی دژوەستانەوەو ڕووبەڕوو بوونەوەی. بەو هیوایەی ئەم کارە دەسپێکەی بەندە، مەڵۆیەك بێت بۆ سەر خەرمانی هەوڵەکانی تری ئەم بوارەو پشکدارییەك بێت لە پرۆسەی گەشەدان بە بیری میانەڕەویی‌و ڕێگریی لە بیری توندڕەویی لە کوردستان.

زانست

# بەشی یەکەم

## مانای زیادەڕۆیی (غلوّ)

## لە زمانو زاراوەو بەکاربردندا

لەم توێژینەوەیەدا، لەجێی وشەی (غلوّ)ی عەرەبی، وشەی (زیادەڕەویی) کوردیم هەڵبژاردووە، وەك زاراوەو چەمكو بەكارهێنان، نەك وەك واتای دەقاودەقی وشەی (غلوّ)، چونكە لە ڕووی زمانەوانییەوە وشەی (غلوّ)ی عەرەبی بە واتای (زیادەڕۆچوون) دێت، بەڵام مەبەست لێی هەمان ئەو چەمكی (زیادەڕەویی)یەیە كە بۆتە زاراوەو دارای واتاو گەیاندنو مەدلولێكی تایبەتە.

لەگەڵ لێكدانەوە زمانەوانییەكاندا، لەم بەشەدا تیشك دەخەینە سەر ئەم تەوەرانە:

**١- ڕیشەكانی مانای (غلوّ) لە زمانی عەرەبیدا.**

**٢- (غلوّ)، زیادەڕۆیی لە زاراوەو بەكاربردندا.**

**٣- زیادەڕەویی لە ئاییندا، نەك زیادەڕەویی ئایینیی.**

**٤- زیادەڕەویی لە ئاییندا، مەترسیدارترین هەڕەشە لەسەر خودی ئاین.**

**١- ڕیشەکانی مانای (غلو) لە زمانی عەرەبیدا:**

ئەگەر لە کتێبە سەرچاوە ڕەسەنەکانی زمانی عەرەبیدا بەدواداچوونی وشەی (غلوّ)و وەرگێڕاوەکانی بکەین، بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕیشەکانی (غلوّ) مانایەکی لێکنزیک دەدەن بەدەستەوە، کە بریتییە لە: (دەرچوون لە سنوور). (فەیروزئابادی) لە فەرهەنگەکەیدا دەڵێت: (غلا، غلاءاً)، واتە: زیادەڕەویی، یان توندڕەویی کرد، چۆن زیادەڕەوییەك؟!، (غالي) واتە: کەسی توندڕەو، هەروەها (غلیّ) بە مانای پێچەوانەی ئاسانکارە، دەگوترێت: (تغالی النبت)، واتە دەنکۆکەکە زیاد لە پێویست بەرز بووەوە، (اغتلی) واتە پەلەی کرد.[٤]

---

٤ القاموس المحيط: مجد الدين يعقوب الفيروزآبادي، تحقيق: مؤسسة الرسالة، بيروت، ٣/١٧٠٠.

هەروەها (ابن فارس)یش دەڵێت: پیتی (غ)و (ل) و(ی)، بەڵگەن لەسەر بەرزبوونەوەو دەرچوون لە ئاستی پێویست.[5]

(رازی)ش لە هەڵبژاردەکانیدا دەڵێت: (غلا في الأمر) واتە: لە کارەکەدا زیادەڕۆیی کرد، لەسنوور دەرچوو، یان عەرەب دەڵێن: (غلا السعرُ)، واتە: نرخ بەرزبووەوە، یان: (غلا السهمُ)، تیرەکە زیاد لەحەد بەرز بووەوە،هەروەها (الغلواء): توندڕەوییە، ئەویش خێرایی گەنجیی‌و سەرەتاکەیەتی.[6]

(راغب ئەصفەهانی) –شارەزای زاراوەناسیی قورئان– بۆ کۆکردنەوەو جەخت لەسەر ئەو واتایانەی پێشوو، وتوویەتی: "(غلوّ) بریتییە لە (لە سنور دەرچوون)، کاتێك نرخ بەرز دەبێتەوە، یان ئاوی مەنجەڵ قوڵپ دەدات، دەڵێن: (غلوّ)، لە تیرئەندازیشدا (غلوّ) هەیە، کردارەکانی بریتین لە:(غلا،

---

٥ معجم مقاييس اللغة: أبو حسن أحمد ابن فارس، دار الكتب العلمية، إيران، د.ت، مادة (غ.ل.و).

٦ مختار الصحاح: محمد الرازي، دار الرسالة، الكويت، ١٩٨٣.

يغلو). (الغلي) و (الغليان)يش به ئاوی ناو مەنجەڵێك دەگوترێت قوڵپی سەرڕێژ بكات، لێرەوە گوتەی خوای گەورە وەرگیراوە: ﴿طَعَامُ الأَثِيمِ، كَالْمُهْلِ يَغْلِي فِي الْبُطُونِ، كَغَلْيِ الْحَمِيمِ﴾ الدخان/ ٤٤-٤٦ وشەی (غليان) توڕەیی‌و جەنگیش بەم وشەیە چوێنراوە. (غلواء)یش لە سنوردەرچوونە لە سەرکەشیدا، (غلواء الشباب) بەم وشەیە چوێنراوە."[٧]

کەواتە، ئەگەر مانای وشەی (غلوّ) لەسنوردەرچوون‌و بەرزبوونەوەو تێپەڕین‌و پەلەکرن‌و هەڵەشەیی‌و تووڕەیی‌و دوورهاوێژیی بێت -وەك سەرنجمان دا- ئەوا پێناسی (غلوّ) لە ئاییندا بریتییە لە: شکاندنی ئەو سنورەی لە لایەن شەرعدانەرەوە دیاریکراوە، ئەوەش چ بە هۆی نەزانین‌و بێئاگاییەوە بێت لە سروشت‌و کرۆکی دەقەکانی ئایین، یان لە ڕووی دەمارگیریی‌و کەللەشەقییەوە بێت. گوتراوە: (غلا في الدين غلوّا)، واتە: توندڕەویی کرد لە ئاییندا، چۆن

---

٧ مفردات ألفاظ القرآن: الراغب الأصفهاني: تحقيق: صفوان داودي، دار القلم، دمشق، ١٩٩٢، ص: ٦١٣.

توندڕەوییەك؟!، واتە زۆر دەستی داگرت، تا لە سنوور دەرچوو.[8]

وەرگێڕاوەکانی وشەی (غلوّ)لە هەندێك لە فەرموودەکانی پێغەمبەریشدا ﷺ هاتووە، بۆ نمونە: بۆ گەیاندنی مانای زیادەڕەویی لە مارەیی ژنانو لە بەکارهێنانی کفنی مردوودا، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (وریا بن! لە مارەیی ژناندا، زیادەڕەویی مەکەن).[9] هەروەها دەفەرموێت: (لە کفنەکاندا زیادەڕۆیی مەکەن).[10]

---

٨ المنجد الأبجدي: دار المشرق، بيروت، د.ت، ص: ٧٣٩.

٩ سنن النسائي: كتاب النكاح، بە ژمارە: ٣٩٢٧.

١٠ سنن أبي داود، بە ژمارە: ٢٧٩١.

## ٢- (غلو) زیادەڕۆیی لە زاراوەو بەکاربردندا:

لەو پێگە زمانەوانییەی سەرەوە، زانایانی پێشین‌و پاشین -وەك یەك- لە کاتی قسەو باسیاندا لەسەر مانای زیادەڕۆیی لە ئاییندا‌و ئاماژەکردنیان بۆ لێکەوتەکانی، جەختدەکەنەوە لەسەر ئەو مانایانە.

سەبارەت بەو مەسەلانەی پەیوەندیدارن بە بیرو بڕواو تێگەیشتنەکان‌و هەڵسوکەوت‌و حوکمەکانەوە، زانای ناودار (إبن تیمیە) دەڵێت: "لەسنور دەرچوون ئەوەیە زیادەیەك بخرێتە سەر شتێك، سا، بە پیاهەڵدان بێت، یان داشۆرینی لە سەروو مافی خۆیەوەو شتی لەو جۆرە.[11] (ابن حجر العسقلانی)یش دەڵێت: (غلوّ) زیادڕەوییە لە شتێکدا، (تەشدید)یش بریتیە لە شکاندنی ئەو سنوورە.[12]

---

١١ اقتضاء الصراط المستقیم: أحمد بن تیمة، ٢٨٩/١.

١٢ الفتح الباري في شرح صحیح البخاری: ابن حجر العسقلاني. طبعة بیت الأفکار الدولیة، الریاض، د.ت، ٣٢٦٤/٣.

(تەبەری)ش دەڵێت: بنەڕەتی (غلوّ) لە هەرشتێکدا، دەرچوونە لە سنوری ئەو شتە، هەر ئەمەشە سەبارەت بە ئایین دەگوترێت.[١٣] پێشەوا (شاتبی)یش دەڵێت: (غلوّ) بە مانای فرەڕۆیی‌و لەسنوردەرچوون دێت، تا ئاستی دەستبڵاویی.[١٤]

کەواتە لەژێر ڕۆشنایی مانای زمانەوانیی وشەکەو بۆچوونی زانایان لەوبارەیەوە، دەکرێت لەڕووی زاراوەوە (زیادەڕەویی لە ئاییندا) بەم جۆرە پێناسە بکەین: *(زیادەڕەویی لە ئاییندا بریتییە لە دەرچوون لە سنور، لە بیروباوەڕو پەرستش‌و گوفتاروو کرداردا، بە فرەڕۆیی‌و زیادەخستنە سەر، یان بە لێکردنەوەو کەم‌و کورتی تیایدا. جا، بەهۆی نەزانین‌و خراپ تێگەیشتنەوە بێت، یان بە هۆی توندڕەویی‌و دەمارگیرییەوە بێت بۆ ڕایەکی دیاریکراو).*

---

١٣ جامع البيان في تفسير آي القرآن: أبو جعفر بن جرير الطبري، (ت:٣١٠ه) دار الفكر، بيروت، ١٤٠٥، ص: ٣٤.

١٤ نبذة الاعتصام للشاطبي: ناصر سبحاني، السليمانية، ٢٠٠٧، ص: ١٢.

**٣- زیادەڕەویی لە ئاییندا، نەك زیادەڕەویی ئایینیی، یان توندڕەویی لە ئیسلامدا، نەك توندڕەوی ئیسلامی:**

هەڵەیەك- بێ ئاگایانە، یان بە ئاگایانەو بە مەبەست- لە بەکارهێنانی ئەو دەستەواژەیەی سەرەوەدا هەیە. ئەوەی ئێمە قسەی لەسەر دەکەین باسی زیادەڕەوییو تیژپەڕییە لە ئاییندا، بۆیە دەبێت بەو دەستەواژە قورئانییە: (الغلوّ في الدين) ئاماژەی پێبکرێت، نەك توندڕەوییو پەڕگیرییەکە نیسبەت بدرێتە پاڵ خودی ئایین، واتە: نابێ بگوترێت: (الغلوّ الديني).

ئەمە لەبەر ئەوەیە کە خودی (دین) خۆی لەخۆیدا پەڕگیرییو توندوتیژییو زیادەڕەویی تێدا نیە، چونکە لە لایەن خوای زاناو کاربەجێوە هاتووەو دانەپاڵی ئەو صیفەتە بۆ ئایین، یان بگوترێت لەوەوە هاتووە، جێگەی قبوڵکردن نیە، لە کاتێکدا ئایین لە خودی خۆیدا- وەك بەرنامەیەکی خودایی- دوورە لەوەی کە لە لایەن شوێنکەوتووانییەوە -

یان دەگونجێت بە مەبەستو بە پیلان نەیارانییەوە– دەخرێتە سەری، یان لێی کەم دەکرێتەوە، بەڵام دەکرێت کەسانێك لە پەیڕەوانی تووشی ئەمپەڕو ئەوپەڕگرتن، لادانو کورتهێنان، لە ئاییندا ببن، یان تەنانەت تووشی شێواندنیشی ببن.

هەر لەم ڕوانگەیەوە دەستەواژەی(توندڕەویی ئایینی)، یان (توندڕەویی ئیسلامی) هەڵەیەکی مەنهەجییەو هەق وایە بگوترێت: (توندڕەویی لە ئاییندا)، یان (توندڕەویی لە ئیسلامدا). چونکە قسەوباس لەسەر بۆچوونێك، یان قسەیەك، یان کردارێکە، کە خۆی لە زیادەڕۆیی ئایینیدا دەبینێتەوە، سا بەزیادکردن بێت، یان دەست توندکردن، جا، بە نەزانیی بێت، یان بە مەبەست.

پێشەوایانی تەفسیری قورئانو فەرموودە سەرنجی ئەم مەسەلەیەیان داوە. ئەوەندەی بەندە پێم زانیبێت لە هەموو کتێبەکانی کەلتوری ئیسلامیدا وشەی (الغلوّ الديني) بەکار

نەهاتووە، سەرباری بەدواداگەڕانی بەردەوامو لێکۆڵینەوەی بەرفراوانم لەو بوارەدا، بە حوکمی بەدواداچوونم بۆ باسەکە.

لێرەوەیە کە پێشەوا (بوخاری) بەشێکی لە (الجامع الصحيح)ەکەیدا تەرخان کردووە بە ناوی (ما يُكرَه من التعمّق والتنازع والغلوّ في الدين)، واتە: ئەوەی نەخوازراوە سەبارەت بە قووڵبوونەوەو ملەجەڕیو زیادەڕۆچوون لە ئاییندا)،[15] بەدوای ئەویشدا پێشەوا (موسلیم)ی نەیسابوریو چەندین پێشەوای فەرموودەناسی تریش – لە هەمان ڕێڕەودا– بەدوایدا ڕۆیشتوون.

هەروەها زانایانیش لە بیرمەندو نووسەرو بانگخوازە هاوچەرخەکانیش زاراوەی (الغلو الديني)، (توندڕەویی ئایینی)یان بەکارنەهێناوە، مەگەر کەسانێکی کەم، کە سەرنجی جیاوازیی نێوان دوو زاراوەکەیان نەداوە، یان هەندێك نووسەری چەپو سیکۆلار، کە بەلایانەوە گرنگ نیە

---

[15] بڕوانە: فتح الباری: العسقلانی، بیروت، بیت الأفكار، ٣/٣٢٦٢.

چ صیفەتێکی زیادەڕۆیی‌و توندڕەویی بخرێتە پاڵ خودی ئایین، یان ئایینپەروەران بکرێنە توندڕەو، لەوانەشە زۆرێکیان بەکارهێنانیان بۆ زاراوەی (زیادەڕۆیی ئایینی)، بەمەبەست بێت بۆ شێواندنی ئەو لایەنەی بیانەوێت لە ئیسلامدا ناشیرینی بکەن، ئەویش تۆمەتبارکردنیەتی بە توندڕەویی‌و ئوصولگەرایی‌و توندوتیژیی، لە کاتێکدا لەبیریان چووەتەوە -یان لەبیر خۆیان بردۆتەوە- کە ئایین -وەك سەرچاوە بنەڕەتییەکەی، نەك وەك هەلێنجان‌و بیری پەیڕەوانی- پاك‌و دوورو پارێزراوە لە هەر کەمیی‌و زیادەڕۆییەك، چونکە ڕێنومایی خودایەکە کە داناو زاناو شارەزایە بە کاروباری بەندەکانی‌و دوورە لە هەموو کەموکورتییەك.

دیارە کە باسمان لە ئایین کرد مەبەستمان کلتورو بۆچوونی زانایان نیە، چونکە ئاساییە کە هەندێکیان کەوتبنە هەڵەوەو شتانێکیان گوتبێت کە لەگەڵ تایبەتمەندیی میانەڕەویی ئیسلامدا، یەکنەگرێتەوەو ئاین لێی بەرپرس نیە.

**پابەندبوونی دروست، زیادەڕەویی‌و پەڕگریی نیە:**

پێویستە لەم ئاقارەدا ئاماژە بەوەش بدەین کە پابەندبوونی تەواو بە ئیسلام‌و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی‌و شوێنکەوتنی سوونەتە ڕاستەکان‌و دەستگرتن بە کاروبارە گرنگەکانەوەو دورکەوتنەوە لە جێگومانەکان‌و کارکردن بە فەرمانەکان‌و ئەو ڕاوبۆچوونانەی کە ڕای جیاوازیان لەسەرە.. ئەمانە پێیان ناگوترێ زیادەڕۆیی لە ئاییندا. زیادەڕۆیی لە ئاییندا وەك پێشتر لە پێناسە زمانیی‌و زاراوەییەکەیدا ڕوونمان کردەوە، تەنها بۆ شتێك دەگوترێت کە سنورشکێنییەکی ڕوونی تێدابێت لەوەی شەرعی خواوەند دایناوە، واتە: (غلوّ)و ڕۆچوونی زیاد، پەڕگیریی، زیادهێنان، کورتهێنان، توندگرتن، شلگرتن‌و بە گشتی لادان لە هێڵی دروست‌و چوارچێوەو مەودا دیاریکراوەکەی ئایینی خوای گەورە.

**٤ ـ توندڕەویی لە ئاییندا مەترسیدارترین هەڕەشە لە سەر خودی ئایین:**

١ـ بە پێی توێژتەوەیەکی وردم بۆ قورئانی پیرۆزو سیرە ی پێغەمبەران (درودی خوایان لەسەر بێت)، بە درێژایی زیاتر لە ٢٥ ساڵ، دڵنیا بوومەتەوە کە مەترسیدارترین هەڕەشە بۆ سەر ئایین، ڕۆچوون و زیادەڕەوییە لە خودی ئاییندا. بۆیە قورئانی پیرۆز، پێغەمبەری ئیسلامیی ئاگادار کردۆتەوە، کە خاوەن ئایینەکان ئاگادار بکاتەوە، بۆ ئەوەی زیادەڕۆیی و توندڕەویی لە ئاییندا نەکەن. دەفەرموێ: (قل يا أهل الكتاب لا تغلوا في دينكم) النساء/١٧١. واتە: بڵێ: ئەی خاوەن کتێبە کان! زۆر ڕۆمەچن لە ئایینتاندا.

٢ـ ئەو دیاردەیە - وەك وتمان- لە قورئاندا پێی دەگوترێت: (الغلوّ في الدين) واتە: زیادەڕۆچوون لە ئاییندا. وەصفەکەی قورئان زۆر وردو بە مەبەستە، چونکە ئەوانەی تووشی ئەو دەردە دەبن، وا دەزانن کە لە خەڵکیی زیاتر دیندارترن، واتە: لە بازنەی ئاییندا دەسووڕێنەوە, بۆیە نەیفەرمووە: (دەرمەچن لە ئایین)، یان (دوورمە کەونەوە لە ئایین)، چونکە ئەو دەستە

و تاقمانه، نەك خۆیان بە دەرچوو نازانن، بەڵكو خەڵكانێك كە لەگەڵیان نین، بە دەرچوو لە ئایین دەزانن.

٣ـ ئەم دەستەو تاقمانە لە سەدەی یەكەمی ئیسلامەوە پەیدا بوون و پێغەمبەری ئیسلام یاوەرانی لێ ئاگادار كردنەوەو پێشبینی كرد بۆیان كە دوای خۆی سە رهە ڵدە دەن. لەبەر ئەوە تایبەتمەندییەكاني ئەوانەی باسكردو وەصفەكانیشی بۆ گوتن. لە وەصفیاندا فەرمووی: (قورئان دەخوێنن، بەڵام لە قوڕگیانەوە دەردەچێت، (واتە لە دڵیانەوە دەرنایەت)، هەرزە كارن، كاڵفامن، چەك هەڵئەگرن، بێ وەعدو بەڵێنن، سەركردەكانیان نە فام و نەزانن، خراپترینی خەڵكن، هەر لە ناو موسڵمانانندان، دڵیان دڵی شەیتانە لە لاشەی مرۆڤدا، كارو ئیمارەتیان ئیمارەتی منداڵانە، شەوبێداریی دەكەن، بە ڕۆژ بە ڕۆژوو دەبن، عیبادە ت و پەرستشی زۆر دەكەن، بە ڕادەیەك كە ئێوە پەرستشی خۆتان لەچاو ئەواندا بە كەم دەزانن، لە دەم و چاویاندا ئاسەواری سوجدە بردن دیارە..!

(بەڵام سەرەڕای ئەو وەصفانە، دەفەرموێ): ئەوانە لە ئایین دەردەچن، هەروەك تیر لە نێچیر دەردەچێت..).!

ئەمەش دەقی ئەو وەصفانەیە بە زمانی عەرەبی، کە لە پێغە مبەرەوە گیڕراونەتەوەو دەقاودەق لە دەیان ڕیوایەت دەرم هێناون،[١٦] بەبێ گۆڕینی هیچ وشەیەك

(غِلمة)، (أحداث الأعمار)، (أحداث الأسنان)، (سفهاء الأحلام)، (سيماهم التحليق)، (يحملون السلاح)، (دعاة على أبواب جهنم)،(مشوا بعد رسول الله على القهقري)..

بۆ ئەمیرو سەرۆکەکانیشیان دەفەرموێ: (رؤوس جهال)، (شرار الناس)، (مرجت عهودهم وأماناتهم)، (من بني جلدة المسلمين)، (قلوبهم قلوب شياطين، في جثمان إنسان).

بۆ جۆری ئیمارەتەکەشیان دەفەرموێ: (إمارة الصبيان)، (يقرؤون القرآن، لا يجاوز حلاقيمهم) أو(حناجرهم)، (يقولون من قول خيرالبرية)، و(يحقر المؤمنون صلاتهم عند صلاتهم، وصيامهم عند صيامهم، وأعمالهم عند أعمالهم)، (يصومون النهار)، (يقومون الليل)، (يتعبدّون)، (وجوههم معلمة من آثار

---

[١٦] ئەو وەصفانە، لە بەشێکی توێژینەوەی تایبەت بە نامەی ماستە ری نووسەر، بە ناوی (الغلو والتطرف في الدين)، کە لەسەر ئاکارەکانی گروپ و تاقمە توندڕەوە کان کراوە، شیکراونە تە وە.

السجود).. بەڵام سەرەڕای ئەمانە، ئەفەرموێ: (يمرقون من الدين كما يمرق السهم من الرمية!.)

بە ڕاستی من دەڵێم: دەبوایە ڕیوایەتە صەحیحەکانی ئە و فەرموودانە بکرانایە بە یەکێك لە نیشانەکانی پێغەمبەرێتی ئەو پێغەمبەرە (درودی خوای لەسەر بێت)، کە پێش زیاتر لە ١٤٠٠ساڵ، هێندە بە وردیی وێنای ئەو دەستەو تاقم و گروپانەی کردووە، دەڵێی ئەمڕۆ بەرامبەریان وەستاوە.!

٤ـ ئەم تایبەتمەندییانە، هەموو پێچەوانەی ناوەرۆك و پەیامە سەرەکییەکەی ئیسلامن، کە پەیامی هیدایەت و ڕەحم وسۆزو میهربانیی ومرۆڤدۆستیی و چاوپۆشي و خۆشەویستییە، پێچەوانەی پێناسەی ئوممەتی ئیسلامیشن کە خوای گەورە ناساندوویە تی بە(ئوممەتی میانەڕەو)، داویاشی لە بانگخوازانی کردووە کە بە هێمنی و حیکمەت و ئامۆژگاریی جوان، پەیامەکەی بگەیەنن و دوور بن لە توندوتیژیی. خوای گەورە ڕوو بە پێغەمبەرەکەی دەفەرموێ: (فبما رحمة من الله لنت لهم، ولو كنت فظا غليظ القلب لانفضوا من حولك)، آل عمران/١٥٩.

٥ـ هەرگیز ڕاست و ڕەوا نیە، کە ناحەزانی ئایین، هەڵەکانی ئەو لادەرانە بقۆزنەوە بۆ دژایەتیی ئایینی ئیسلام، چونکە لە ناو پەیڕەوانی هەموو ئایینە ئاسمانیی و زەمینییەکانیشدا، توندڕەویی بەناوی خواوپێغەمبەران و ئایینەکان وبیرمەندان و فەیلەسوفان و دامەزرێنەرانی حزب و ڕەوتەکانەوە، کراوەو دەکرێت. مەگەر ئەوروپای مەسیحی کە - مەشهورە بە ئایینی سەماحەت- چییان نەکرد بە مرۆڤایەتی؟ مەگەر هەزاران حزبی لیبرال و سۆسیال دیموکرات و ڕاستڕەوو چەپڕەو لە دونیادا، بەرنەبوونەتە گیانی یەکترو میللەتانیان، بە ئیددیعای داکۆکيي لە هەمان ئایدیۆلۆژیاو بیروباوەڕی یەکتر..؟ مەگەر دەیان حزبی کۆمۆنیستی دونیا نەفرەتیان نەکرد لە (پۆل پۆت)[١٧]ی سەرکردەی دیکتاتۆری حزبی شیوعی (کەمبۆدیا)،

---

[١٧] پۆل پۆت (١٩٢٥-١٩٩٨) دیکاتۆری ناسراوو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وحاکمی (کەمبۆدیا)و سەرۆکی شیوعییەکان، (خەمیرەسوورەکان)، لە ١٩٧٥ تا ١٩٧٩ واتە لە ماوەی حوکمی خۆیدا، نزیکەی دوو ملیۆن کەسي لە کەمبۆدییەکان کوشت، لەبەر ئەوەی نەدەبوونە لایەنگری خۆی و حزبەکەی، بۆیە کەمبۆدیا ناونرا: کێڵگەکانی مەرگ. بەندە ساڵی٢٠١٣ بۆ بە شداريي

که به ناوی کۆمۆنیستییەوە ملیۆنها کەسی لە هاوولاتیان کوشت، لە پێناوی جێبەجێکردنی بیروباوەڕی کۆمۆنیستیدا..؟

٦ـ کەواتە ئەو بۆچوونانە زۆرهەڵەن کە دەڵێن: لە بازنەی شوێنکەوتووانی هەر ئایین، یان هەر ئایدیاو بیرکردنەوەیەکدا، توندڕەویی دروستبوو، ئەوئایینە یان ئەو ئایدیۆلۆژیایە هۆکارو بەرپرسە. نەخێر، بە پێچەوانەوە، لادان لە پرەنسیبەکانی و شێواندنی واتاو مەدلولەکانی ئەو ئایینە هۆکارن، نەك خودی دەقەکان،لەمەدا ئایین وحزب وڕەوتەکان هیچ جیاوازییان نیە.

٧ـ من لێرەدا ڕاستییەکی تاڵ دەڵێم: بە حوکمی ئیختیصاصم و موتالاکردنم بۆ هەزاران لاپەڕە لە سەرچاوەو کتێبەکانی توراسی ئیسلامیی، ناتوانم بیشارمەوەو نەیڵێم:

بە تەواویي دڵنیابوومەتەوە کە یەکێك لە هۆکارە بنەڕەتي و سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی دیاردەی پەڕگیریي و توندوتیژیي لە شوێنکەوتووانی ئایینی ئیسلامدا، (لە بازنەی هۆکارە

---

کۆنگرە یە ك سەردانی مۆزە خانەی هەزاران کەللەسەری کوژراوانم کرد لە شاری (پیوم پنە)ی پایتەختی (کەمبۆدیا)، کە لەسەر دەستی ئەو دیکتاتۆرە ستە مکارە لەسێدارە دران، یان لە ژێر شکەنجە دا کوژران.

زاتییەکاندا) دەگەڕێتەوە بۆ زۆرێك لەو بابەتانەی لەو کتێبانەدا هەن، کە لە سەدەکانی ڕوبەڕووبوونەوەی موسڵمانان لەگەڵ نەیارو دوژمنانی داگیرکەردا نووسراون، وەك ئەو کتێبانەی لە کاتی پەلامارەکانی ڕۆم و فەرەنگییەکان بۆ سەر وڵاتەکانی شام و سەرووی ئەفریقیا، نووسراون. یان ئەوانەی دواتر لە سەردەمی پەلامارەکانی تەتەرو مەغۆلدا بۆ سەر عیراق و دورگەی عەرەبیی نوسراون.

ئەم تاقم و گروپە هاوچەرخانە، دێن دەق و فتواکانی ئەو کاتە، دادەبەزێننە سەر ئەم سەردەمە هاوچەرخە، بە بێئەوەی کەمترین خاڵی هاوبەش و کۆکەرەوە لە نێوانیاندا هەبێت. بۆیە تۆ ئایەت و فەرمودە بۆ ئە و جۆرە کە سانە دێنیتەوە، ئە و دەڵێت: (ابن تیمیة) وای فەرموو! یان لە کتێبي (الأحکام السلطانیه)دا وا هاتووە. لە کاتێکدا (ابن تیمیة) کە ئەو کاتە باسی موبتەدیع دە کات، ئەو تەتەرو مەغۆلە داگیرکەرانە ی لەبەر چاو بووە کە پاش جەنگەکان لە ناو موسڵماناندا مانە وەو زۆرێکیان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان بە درۆوە ئیسلامەتیی خۆیان ڕاگەیاند. بەڵام ئەم تاقمانە بانگخوازان و خەڵکی موسوڵمانی ئەمڕۆ، دەبەنە ڕیزی ئەوان، بەبێ ئەوە ی

ئەو ڕاستییە ڕەچاو بکەن کە حوکمەکان و فتواکان بە گۆڕانی شوێن و کات و حاڵەت و ژینگەگان، دەگۆڕێن، چ جای بە تێپەڕینی زیاتر لە هەزار ساڵ.

٨ـ بۆیە ساڵانێکی زۆرە خۆزگەو خولیایەکی زانستیی بەندە یە کە هەڵمەتێکی خاوێنکردنەوە بۆ (توراث) دەست پێبکرێت،ئەویش لە دوو جەمسەرەوە: لە لایەکەوە خورافات و وتەو ریوایاتی بێ بنەماو پێچەوانەی قورئان و ژیاننامەی پێغەمبە ری ئیسلامیان، تێدا بۆ هەمیشە دە ربهێنرێت.

لە لایە کی تریشەوە ئەو فتواو بۆچوونە فیقهییانە کە کاتیان بەسەرچووەو بۆ ئەم سەردەمە ناگونجێن، دیاری بکرێنو خەڵکییان لێ ئاگادار بکرێتەوە. من ئە وە ش ئە زانم کە ئەم بابەتە ئاوکێشەو مشت ومڕو بگرەو بەردەی زۆریشی تێدایە، بەڵام ئەمڕۆ بێت یان سبەی، هەر دەبێت هەنگاوی بۆ بنرێت.[١٨]

---

[١٨] درێژەی ئەم توێژینەوەیە، دەبێتە وەرگێڕراوی تێزی ماستەری بەندە بەناوی: (توندڕەویی لە ئایندا.هۆکاری. نیشانەکانی. چارە ی) کە زیاتر لە٧٠٠ لاپەڕەیەو بەڕێز پارێزەر(بەکر حەمە صدیق)، وەریگێڕاوە بۆ کوردیی، هیوادارم بە زووترین کات چاپی بکە ین.

دانست

زانست

# بەشی دووەم

## دەستەواژەکانی قورئانی پیرۆز دەربارەی توندڕەویی

-١-

## ئاماژەکانی قورئانی پیرۆزو ڕاو بۆچوونی موفەسسیرکان

قورئانی پیرۆز له دەیان ئایەتدا ئاماژەی کردووه بەو هەڵس‌و کەوتانەی کە دەچنە خانەی توندڕەوییو لادان وەك: (اعتداء): دەستدرێژیی، (طغيان): سەرکەشیی، (عوسر): قورسکردن، (حەرەج): نارەحەتیی، (إصر): زەحمەتو بارگرانیی، (فظاظة): ڕووگرژییو زبریی، (غلطة): دڵڕەقیی.. هتد. له بەرامبەر ئەمانەشدا ئاماژەی کردووه به نمونەو دیاردەکانی پێچەوانەی ئەوانه، وەك: میانڕەویی، سنورپارێزیی، پایەداریی، ڕاستڕەویی، (استقامة)، (يسر) ئاسانکاریی، (لين) نەرمو نیانی، (ڕەحم) سۆزو میهرەبانیی. بۆ نمونه دەفەرموێ: (لا تعتدوا)، (لا تطغوا)، (لا تغلوا)، (فاستقم كما أمرت)، (ما جعل عليكم في الدين من حرج)، (يريد الله بكم اليسر، ولا يريد بكم العسر)، (ويضع عنهم إصرهم والأغلال التي كانت عليهم)، (وكذلك جعلناكم أمة وسطا لتكونوا شهداء على الناس).

له سوننەتیشدا چەندین نمونه لەو دەستەواژانه هاتوون، كه قەدەغه كراون، وەك: (تشدید، مشادة، تعسیر، تنفیر ، تنطّع ، عنف، لعن ، تعنّت، اعتداء). له بەرامبەریشدا ئاماژەی كردووه به چەندین نموونه له دژەكانی، وەك: (تسهیل، تیسیر، تبشیر، رفق، لین، رحم، حب، عطف..)[19]

وشەی (غلو) له قورئاندا وەك زاراوەیەك بۆ باسی توندڕەویی‌و ڕۆچوون‌و لەسنوورلادان–وەك پێشتر وتمان– دوو جار هاتووه، له هەردوو ئایەتی ژماره (١١٧)ی سورەتی (النساء) و (٧٧)ی سورەتی (المائدة)، هەردوو وشەو دەستەواژەكەش به شێوازی قەدەغه كردن، (لا تغلو) هاتوون: واته زیادڕۆمەچن. بەم شێوازەی خوارەوە:

خوای گەوره له ئاقاری پیشاندانی دۆخی ئەهلی كیتاب‌و ئەو هەڵانەی تێی كەوتن، له لادان‌و دەرچوون له سنوورو زیادەڕەویی له ئاییندا‌و سنوورشكێنی له خزمەت پێغەمبەرانی خوادا، باسی جولەكەو نەصرانییەكان دەكات كه (عوزەیر)و (عیسا)یان (سڵاوی خوایان لەسەر بێت)

[19] له بەشی سێیەمدا به درێژیی باسی توندڕەویی له سوننەتدا دەكەین.

کردبووە کوڕانی خودا، دەفەرموێت:﴿يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لَا تَغْلُوا فِي دِينِكُمْ، وَلَا تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ إِلَّا الْحَقَّ، إِنَّمَا الْمَسِيحُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ رَسُولُ اللَّهِ وَكَلِمَتُهُ أَلْقَاهَا إِلَى مَرْيَمَ وَرُوحٌ مِّنْهُ، فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ، وَلَا تَقُولُوا ثَلَاثَةٌ، انتَهُوا خَيْرًا لَّكُمْ، إِنَّمَا اللَّهُ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ، سُبْحَانَهُ أَن يَكُونَ لَهُ وَلَدٌ، لَّهُ مَافِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَكَفَى بِاللَّهِ وَكِيلًا﴾ النساء:١٧١ز

واتە: ئەی خاوەن کتێبەکان! زیاد لە حەد ڕۆمەچن لە ئاینەکەتانداو لەبارەی خواوە جگە لە ڕاستەقینە هیچ مەڵێن، بەڕاستی (مەسیح) عیسای کوڕی مەریەم، پێغەمبەری خودایەو کەلیمەی ئەوەو سپاردوویەتی بە مەریەم‌و ڕۆحێکە لەو، کەواتە باوەڕ بە خواو بە پێغەمبەرەکەی بهێنن‌و مەڵێن خودا سییانە، وازبهێنن باشترە بۆتان، بەڕاستی (اللّٰه) تاکە پەرستراوە، (تاکە فەرمانڕەواو فەریادرەسە) بەرزو گەورەترە لەوەی کە نەوەی هەبێت، هەرچی لە ئاسمانەکان‌و سەرزەویدایە موڵکی ئەوە.

(قورتوبی) لە تەفسیری ئەم زنجیرە ئایەتەدا دەڵێت: "مەبەست، زیادەڕەویی جولەکە بوو سەبارەت بە عیسا، کە تۆمەتیان خستە پاڵ مەریەمی دایکی، (سەلامی خوایان

لەسەر بێت). هەروەها زیادەڕۆیی نەصرانییەکان ئەوە بوو کە عیسایان بردە ڕیزی خوا، بۆیە هەموو زیادەڕەۆیی‌و کەمڕەوییەك خراپ‌و بێ باوەڕییە".[20]

(نەوەوی جامی)ش لەتەفسیری هەمان ئایەتدا وتوویەتی: "زیادەڕەویی مەکەن لە ئایینەکەتاندا، واتە فرەڕۆیی مەکەن لە گەورەکردنی عیسادا، چونکە ئەوە ڕاست نیە، هەروەکو جولەکە زیادەڕەوییان کرد لە تانوتلێدانی، کاتێ گوتیان: عیسا ڕۆڵەی زینایە. کەواتە هەردوو جەمسەرو ئەمسەرو ئەوسەری میانەڕەوییەکە، خراپە".[21]

هەروەها زانای بلیمەت (محمد ڕەشید ڕەزا) – لە هەمان جێکەوتەدا– دەڵێت: "ئەم ئایەتانە بۆ وەڵامی بەڵگەی نەصرانییەکان دابەزیوە،پاش وەڵامی بەڵگەکانی جولەکەو نەهێشتنی بەهانەکانیان. جولەکە لە سووکایەتیکردن بە

---

٢٠ الجامع لأحكام القرآن: أبو عبيد الله القرطبي، سورة النساء، تەفسیری ئایەتی ژمارە: (١٧١).

٢١ تفسير مراح لبيد، التفسير المنير لمعالم التنزيل: محمد النووي الجامي، دار احياء الكتب، د.ت، ط: ١، ص: ١٨٦.

عیساو بێڕێزیی کردن بەرامبەری‌و بەکافرکردنی، زۆر ڕۆچوون. گاورو نەصرانییەکانیش لە گەورەکردن‌و پیرۆز کردنی عیسادا زیادەڕۆییان کردو زۆر ڕۆچوون".

بۆیە کاتێك خوای گەورە گومانەکانی ئەوانی ڕەواندەوە، گومانەکانی ئەمانیشی نەهێشت، فەرمووی:(یا أهل الکتاب لا تغلوا في دینکم). واتە: نەکەن ئەو سنوورانە بشکێنن کە خوای گەورە بۆی داناون، زیادکردن بۆ ئایین وەك لێکەمکردنەوەیەتی، هەردووکیان دەرچوونە لە باری ئاسایی ئایینەکە. (و لا تقولوا علی الله الا الحق) واتە: ئەو شتەی کە چەسپاوو بەدیهاتووە لە خودی خۆیدا، یان بە دەقێکی ئایینیی دەماودەم، یان بە بەڵگەیەکی عەقڵیی یەکلاکەرەوە. بەڕاستی ئێوە بۆ هیچ قسەیەکتان سەبارەت بە عیسا بەڵگەیەکی لەو جۆرەتان پێ نیە، (إنّما المسیح عیسی ابن مریم رسول الله).، بەڕاستیی مەسیح، عیسای کوڕی مەریەم پێغەمبەری خوایەو هیچی تر.[٢٢]

---

٢٢ تفسیر القرآن الحکیم: محمد رشید رضا، دار المعرفة، بیروت ط: ٢، د.ت، ٨١/٦.

له ئایەتی دوای ئەم ئایەتەشدا، خوای گەورە ئەوە وەبیری ئەهلی کیتاب دێنێتەوە کە (عیسا) (عليه السلام) خۆی ملەجیڕێ ناکات لەوەی بەندەیەکی خوا بێت، تا پێویستی هەبێت بە زیادەڕۆیی ئەهلی کیتابو بیکەنە خوا، یان کوڕی خوا، هەروەکو حاڵی فریشتە نزیکەکانی خوا، خوا دەفەرموێت: ﴿لَّن يَسْتَنكِفَ الْمَسِيحُ أَن يَكُونَ عَبْدًا لِّلَّهِ وَلَا الْمَلَائِكَةُ الْمُقَرَّبُونَ، وَمَن يَسْتَنكِفْ عَنْ عِبَادَتِهِ وَيَسْتَكْبِرْ فَسَيَحْشُرُهُمْ إِلَيْهِ جَمِيعًا﴾النساء/١٧٢، واتە: مەسیح نکولیی لەوە ناکات کە بەندەیەکی خوا بێت، بە هەمان شێوە فریشتە زۆر نزیکخراوەکانیش نکولیی لەوە ناکەن، هەر کەسێك لە پەرستنی خودا ملەجەڕێ بکاتو لوتبەرزیی بنوێنێ، ئەوا هەموویان بۆ لای خۆی کۆدەکاتەوە.

لێرەدا لەگەڵ ئەوەدا کە زۆرینەی تەفسیرەکان جەخت دەکەنەوە کە ئایەتەکە لەبارەی نەصرانییەکانەوە دابەزیوە- بەتایبەتی نەصرانییەکانی (نەجران)، (ابن الجوزی)یش ئەو ڕایە دەداتە پاڵ ڕای زۆرینە- بەڵام ڕواڵەتی ئایەتەکەو ڕەوتی ئایەتەکانی پێش خۆیو وشەی (یا أهل الکتاب)و تێوەگلانی شوێنکەوتووانی هەردوو ئایینەکە لە

زێدەڕۆییدا، دەخوازێت کە مانای گشتیی بگەیەنێت، بگرە هەندێك پێدادەگرن، کە ئایەتەکە ئاراستەی کەسانی تریش دەکات، جگە لە جولەکەو نەصرانی، (ابن حجر العسقلانی) لەو بارەیەوە دەڵێت: وشەی (أهل الکتاب) –واتە لە ئایەتەکەدا– بۆ گشتاندنە، بۆ ئەوەی جگە لە جولەکەو نەصرانییەکان، کەسانی تریش بگرێتەوە، یان ماناکەی وا لێکدەدرێتەوە کە غەیری جولەکەو نەصاراش دەگرێتەوە.[٢٣]

بەهەرحاڵ، خوای گەورە– لە هەڵو مەرجی باسکردنی ئەهلی کیتابدا– ئاماژەی کردووە کە ئەوان باوەڕی ڕاستەقینەیان نەهێناوەو فەرمانبەرداری تەوراتو ئینجیلو فەرمانە دابەزێنراوەکانی تری سەریان نەبوونو ڕەچاوی ئەو بەڵێننامەیان نەکرد کە خوا متمانەی پێدان لەسەری، کە بریتیە لە متمانەدان بە پێغەمبەرانی خوای گەورەو بەدرۆنەخستنەوەیان –کەچی جارێك وەك خودی مەسیح، جارێکیش وەك باوك، جارێکیش وەك سێیەمی سێ کەسەکە (ثالث ثلاثة)، باسیان لە خوا دەکرد– پاكو بێگەردیی بۆ

---

٢٣ الفتح الباری: ابن حجر العسقلانی، ٣/٣٢٦٤.

خوا– لەو بارەیەوە خوای گەورە فەرمووی: ﴿قُلۡ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لَا تَغۡلُواْ فِي دِينِكُمۡ غَيۡرَ ٱلۡحَقِّ وَلَا تَتَّبِعُوٓاْ أَهۡوَآءَ قَوۡمٖ قَدۡ ضَلُّواْ مِن قَبۡلُ وَأَضَلُّواْ كَثِيرٗا وَضَلُّواْ عَن سَوَآءِ ٱلسَّبِيلِ ٧٧﴾ المائدة: ٧٧.

واتە: پێیان بڵێ، ئەی ئەهلی کیتاب، زیادەڕۆیی مەکەن لە ئایینەکەتاندا جگە لە ڕاستی، شوێنی هەواو ئارەزووەکانی کەسانێکیش مەکەون کە سەریان لێشێواوەو گومڕا بوون‌و زۆر سەریان لە کەسانی تریش شێواندووەو لە ڕێگەی ڕاست‌و میانە ون بوون.

(قورتوبی) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: (غلوّ): بریتیە لە زیادەڕەوییو لەسنووردەرچوون، ئەگەر لە ئاییندا بێت، ئەوە دەرچوونە لە سنوری وەحی دابەزیو، بەرەو حەزو ئارەزووەکانی نەفس، وەك دانانی پێغەمبەران‌و پیاوچاکان بە پەروەردگار، کە گوایە سوودو زیان دەبەخشن، بەپێی دەسەڵاتێکی غەیبی، بەدەر لە سوننەتە خوداییەکان، کە یاسای هۆو هۆکارە بەردەستەکانن‌و کردویانن بەخواوەندو دەپەرسترێن! لە جیاتی خوا بانگیان لێ دەکرێت، یان لەگەڵ خوادا هانایان بۆ دەبرێت. هەروەها

وەك كۆمەڵە پەرستنێك كە خوا مۆڵەتی پێ نەداون، یان حەرامكردنی شتێك كە حەرام نەكرابێ، وەك ئەو حەڵاڵانەی كە قەشەو گۆشەگیرەكان، لەسەر خۆیان و شوێنكەوتووانیان حەرامیان كردووە، یان وەك فرەڕەوییەك لە پەرستندا، جا ئەوە بۆ ڕەزامەندیی خوا، یان بۆ ڕوپامایی و شۆرەت بووبێت، وەك یەك وایە، خوای گەورە قەدەغەی كردووە لەسەر ئەهلی كیتاب – ئەوانەی هاوچەرخی دابەزینی قورئان بوون– ئەو جۆرە زیادەڕەوییە بكەن، كە پێشتر خەڵكی میللەتەكەیان كردوویانە، هەروەها ئەو لاساییەی بووە هۆی سەر لێشێواندنیان".[٢٤]

لەو پێگەیەوە خوای گەورە هۆشیاریی داوەتە میللەتی ئیسلام لە كەوتنەچاڵی ئەو زیادەڕەوییەی ئەهلی كیتاب كە لە چەندین جێگەی تردا تێی كەوتوون. لەوانە ئەم ئایەتە پیرۆزە كە باسی ڕوونكردنەوەی دۆخی ئەهلی كیتابە، كە چۆن كەوتوونەتە ئەو زیادەڕۆییەی خوا لە ئایینەكەیاندا لێی قەدەغەكردوون: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُحَرِّمُوا طَيِّبَاتِ مَا

---

٢٤ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٦/ ٤٨٨.

أَحَلَّ اللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ (٨٧) وَكُلُوا مِمَّا رَزَقَكُمُ اللَّهُ حَلَالًا طَيِّبًا وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي أَنتُم بِهِ مُؤْمِنُونَ﴾ المائدة/ ٨٧–٨٨، واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، ئەو شتە خاوێنانەی کە خوا بۆتانی حەڵاڵ کردووە، حەرامی مەکەن، دەستدرێژیش مەکەن، بەڕاستیی خوا دەستدرێژیکارانی خۆشناوێت. بخۆن لەو ڕۆزییە حەڵاڵەی خوا پێی داون، بە حەڵاڵیی نۆشتان بێت، تەقوای ئەو خوایە بکەن کە ئێوە باوەڕتان پێیەتی.

(زەمەخشری)ش لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: "مانای ئەوەیە شت لە خۆتان قەدەغە مەکەن، وەك حەرامکردن، یان بەزیادەڕۆیی، مەڵێن ئەوەمان حەرامکرد لەسەر خۆمان، بە نیازی وازلێهێنانو چلەکێشییو سکهەڵگوشین. لە سنورە حەڵاڵەکانی خوا دەرمەچن بۆ حەرامەکانی، یان دەستبڵاویی مەکەن لە خواردنی حەڵاڵدا، یان بەزۆرو ستەمکاریی شتە حەڵاڵەکان حەرام مەکەن.[٢٥]

---

٢٥ تفسير الكشاف من حقائق التنزيل: أبو القاسم عمر الزمخشري، دار المعرفة، بيروت، ٢٠٠٥، ٢/٣٠٦.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لە ئایەتەکەدا، ئەوەیە کە ئیمانداران شتێك لەسەر خۆیان یان خەڵك حەرام بکەن کە خوا حەڵاڵی کردبێت، ئەوەی ڕوونکردۆتەوە کە هەموو حەڵاڵێکی باش ڕۆزییەکی خواییەو دروستە چێژی لێ وەربگیرێتو حەرامکردنی شتە باشەکانو ڕۆزی حەڵاڵ، شکاندنی سنوورەکانی شەریعەتە، هەروەکو دەستدرێژیی کردنە سەر باشەکان بەکردنیان بەشتی پیسو حەرامکراو، ئەویش سنوورشکێنییە وەك یەك.

لە حیکمەتی ئەو قەدەغەکردنەشدا دەفەرموێت: (خوا دەستدرێژکارانی خۆشناوێت)، ئەوە زیادە هاندانێکە بۆ خۆلادان لە سنورشکێنی. هەروەکو پەیوەستکردنی فەرمانەکە بە (تەقوای) خواوەو بەخواردنی ڕۆزی باشو حەڵاڵ، ئاماژەیە بۆ ئاوێتەبوونی مانا ئیمانییەکان لەگەڵ ڕەهەندە ژیانییەکانی ترو ئەو غەریزانەی خوا مرۆڤی لەسەر دروست کردووە، بەتەواویی پێچەوانەی ئەو تێڕوانینەیە، یان ئەو ڕێبازەیە کە هەندێ زیادەڕەو لە ئاییندا دەیگرنە بەر، لە ڕێگەی وازهێنان لەو حەڵاڵەی خوا بە مرۆڤی بەخشیوەو ئەو نازو نیعەتەی داوای لێ کردوون باسی بکەنو چێژی لێ

وەربگرن، وەك ئەو ڕەوشەی زۆرێکی خەڵك تێی کەوتن لە هەندێ قۆناغی مێژووی ئیسلامیدا بەناوی خواپەرستن‌و خۆنزیککردنەوە لە خوا، ئەوەش بە شوێنکەوتنی ئەو چلەکێشە نەصرانییانەی خوای گەورە هۆشیاریی پێداین کە شوێنیان نەکەوین.

(قورتوبی) لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا دەڵێت: "زانایانمان وتوویانە، ئەم ئایەتەو هاوشێوەکانی‌و ئەو فەرموودانەش کە بەو مانایە هاتوون، بەرپەرچدانەوەن بۆ زیادەڕەوە چلەکێشەکان‌و خەڵکە دەستبەتاڵە صۆفییەکان، چونکە هەر یەکێك لەو تاقمانە لەسەرەڕێگای خۆی لایداوەو ئامانجی نەپێکاوە".[٢٦] (تەبەری)ش دەڵێت:"هیچ موسڵمانێك بۆی نیە شتێك حەرام بکات لەسەر خۆی لەو شتانەی خوا حەڵاڵی کردوون بۆ ئیمانداران، لە خواردنی باش‌و پۆشاکی باش‌و هاوسەری باش".[٢٧]

---

[٢٦] تەفسیری (الجامع لأحكام القرآن، القرطبي)، تەفسیری ئایەتی ٨٧، لە سورەتی (المائدة).

[٢٧] تەفسیری (جامع البيان)، (الطبري)، لە تەفسیری هەمان ئایەتدا.

لەم لایەنەوە دەگێڕنەوە کە هەندێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ لە ماڵەکانیان دانیشتن‌و ویستیان وەك کاری نەصرانییەکان بکەن، بە حەرامکردنی خۆراك‌و پۆشاکی باش‌و خۆجیاکردنەوە لە ژنەکانیان، ویستیان چلەکێشیی بکەن، نە گۆشت بخۆن‌و نە چەوری. کە ئەو هەواڵە گەیشتەوە بە پێغەمبەر ﷺ، قەدەغەی لێکردن‌و ئاگاداریی کردن کە سوننەتی ئەو وا نیە، ئەو ژن دەهێنێت‌و خۆراك دەخوات‌و دەخەوێت‌و شەونوێژ دەکات‌و ڕۆژوو دەگرێت‌و هەندێ جاریش بەڕۆژوو نابێت، هەر کەسێکیش لەو ڕێبازە لابدات لەو نیە. هەروەها پێی فەرموون: گەلانی پێش ئێوە بەم توندڕەوییە لەناوچوون، لەسەرخۆیان توندکرد، خواش دەستی لەسەر توندکردن، ببینن ئەوە ئاسەوارو پاشماوەکانیانە لە (دێر)و (کلێسا)کاندا، ئەو ئایەتەش لە بارەی ئەوانەوە دابەزیوە. ئەم فەرموودەیە (ابن عباس)و کەسانی تریش گێڕاویانەتەوە.[٢٨]

---

٢٨ أسباب النزول: جلال الدين عبد الرحمن بن أبي بكر السيوطي، (ت ٩١١ هـ).

(ڕەشید ڕەزا)ش لەم بارەیەوە ئاماژە دەدات بەوە کە: "ڕاستە، لەوانەیە حەرامکردنی حەڵاڵەکان پەیوەندیی بە بەجێهێنانی سوێندێك یان نەزرێکەوە نەبێت، لەوانەشە پابەندیی بەوانەوە ببێت، هەردووکیشیان دروست نین، پابەندبوون بۆ مەبەستی خۆڕاهێنان لەسەر باری بێبەشبوون لە خۆشیی، یان لەوانەیە بۆ ڕازیکردنی سەرەتای تورەبوونێك بێت، بەڵام وازهێنان لە حەڵاڵەکان بە شێوازی وازهێنان لە حەرامەکان– با بەبێ نەزرو سوێندیش بێت– خۆنزیککردنەوەش بێت لەخوای گەورە، بە خۆڕەتاندنو خۆبێبەشکردن، ئەمە جێگەی گومانو بەشێکی زۆری خەڵكو صۆفییەکانی پێوە ئالوودە بوون، بیدعەی وازهێنانی وایان هەیە، هاوچەشنە لەگەڵ بیدعە کردەییەکان، شوێنی خەڵکانی پێش خۆیان کەوتن، بست بە بستو گەز بە گەز، وەك نەوەی ئیسرائیلو ڕاهیبە نەصرانییەکان، ئەوانیش لە هەندێك بتپەرستی وەك ئەو بەرهەمانە وەریانگرتبوو، کە

هەموو جۆرە گۆشتێکیان حەرام کردبوو، لەگەڵ جوانییو نازو نیعمەتەکان.[29]

لەو میانەیەوە دەکرێت ئاماژە بکەین بۆ ئەوەی کە تێگەیشتنێکی خراپ هەیە لەو ئایەتە پیرۆزە کە دەفەرموێ: ﴿وتبتّل إليه تبتيلاً﴾ المزمل: ٨، واتە: زۆر دڵسۆزانە ڕوو بکەرە خوا. لە کاتێکدا کە ئەم ئایەتە پیرۆزە جگە لە دڵسۆزیی لەخواپەرستییو پشتکردن لە بتەکان، شتێکی دی ناگەیەنێت. زانای ئوصولی زان (أبوبكر ابن العربی) دەڵێت: "مانای ئەم ئایەتە ئەمەیە: دڵت یەکلابکەرەوە بۆ خوا، دابڕێ لە بتی داروبەرد. بە هەمان شێوە (مجاهد) دەڵێت: مانای ئایەتەکە ئەوەیە: لەخواپەرستیدا دڵت تەنها بۆ خوا بێت. کەواتە ئەو (تبتّل)ەی فەرمانی پێدراوە لە ئایەتەکەدا، بریتییە لە دابڕان بۆ خوا، بەدڵسۆزییو خواپەرستیی، وەکو دەفەرموێت: ﴿وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَوَيُقِيمُواالصَّلَاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ وَذَلِكَ دِينُ الْقَيِّمَةِ﴾البينة:٥، واتە: فەرمانیان پێ نەدراوە، مەگەر بۆ ئەوەی بە دڵسۆزییو

---

٢٩ تفسیر القرآن الحکیم: محمد رشید رضا، ١٩/٧- ٢٠.

ملکەچیی خوا بپەرستن. ئەو جۆرە پەرستشە قەدەغە کراوەش بریتییە لە جێپێهەڵگرتنی ڕێچکەی نەصرانییەکان لە وازهێنان لە دونیاو لە هاوسەرییو گۆشەگیریی لە کڵێساکاندا.[30] هەروەها وتوویەتی: پێغەمبەر ﷺ بەکردار تەرکی دونیای قەدەغە کردووە، لە شەرحی ئەوەدا دەڵێت: بریتیە لە فەرمانبەرداریی‌و دوورکەوتنەوە لە قەدەغە کراوەکان، نەك وازهێنان لە ڕێگەپێدراوەکان."[31]

بەوشێوەیە ڕوون دەبێتەوە کە خوای گەورە ڕێی نەداوە بە ئەهلی کیتاب– پاشان موسڵمانەکانیش– کە لە ئاییندا زیادەڕەویی بکەن، جا لە تێگەیشتنی مەبەستەکاندا بێت، یان لەمامەڵەکردندا بێت لەگەڵ حوکمەکانی، بەتوندڕەویی لە کردارداو دەرچوون لەو خواپەرستییانەی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ دایاننناون، یان بەحەرامکردنی خۆشیی‌و جوانییەك، کە خوا بۆ بەندەکانی خۆی وەدەرنابێت، بە

٣٠ أحكام القرآن: أبو بكر ابن العربي، تحقيق: على الجاوي، دار الفكر، ١٩٧٤، ٤/٨٠.

٣١ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢/ ٦٣٦.

جۆرێك خوای گەورە ئەو کارەی بەدەستدرێژیی‌و دەرچوون داناوە لەو سنورەی بە ڕەوای زانیوە بۆ بەندەکانی. هەروەها فەرمانی پێداون – لەجێی ئەوە– بە شوێنکەوتنی ڕێبازێکی میانەیی ئاسان‌و دوور لە تەنگەتاویی، هەروەها سوودبینین‌و چێژوەرگرتن لە نازو نیعمەتی حەڵاڵی خوا.

-٢-

## نمونەکانی زیادەڕەویی لە قورئاندا

لە قورئانی پیرۆزدا نمونەی زۆر هەن لەو زیادەڕۆییەی ئەهلی کیتابی تێکەوتووە، جا لە ڕەهەندی فیکریی‌و باوەڕییەوە بێت، یان لە ڕەهەندی هەڵسوکەوتی کردارییەوە، لەگەڵ هۆشیاریدان بە میللەتی ئیسلام، نەبادا بکەونە ئەو هەڵانەی ئەوانی تێکەوتن. دەکرێت چەند نموونەیەك بهێنینەوە کە تیایدا ئەو زیادەڕەوییە -بە هەردوو جۆرەکەیەوە- بەرجەستە دەبێت، کە قورئان هۆشیاریی لەسەر داوە، بەڵام ئەهلی کیتاب لەسەر ڕەوتی خۆیان سووربوون‌و ملیان نەدا، بەشێکی زۆریان بەردەوامبون لەسەرگەردانی فیکریی خۆیان. چەند نمونەیەك لەوانە:

* زیادەڕەوییان لە گەورەکردنی هەندێك لە پێغەمبەران‌و پیاوچاکان‌و کردنیان بە خوا، یان بریکاری خوا، پێیان وابوو کە سوودو زیان دەگەیەنن، خودای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَقَالَتِ الْيَهُودُ عُزَيْرٌ ابْنُ اللَّهِ وَقَالَتِ النَّصَارَى الْمَسِيحُ ابْنُ اللَّهِ، ذَلِكَ قَوْلُهُم بِأَفْوَاهِهِمْ، يُضَاهِئُونَ قَوْلَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِن قَبْلُ، قَاتَلَهُمُ اللَّهُ أَنَّى يُؤْفَكُونَ (٣٠) اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللَّهِ وَالْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا إِلَهًا وَاحِدًا لَّا إِلَهَ إِلَّا هُوَ سُبْحَانَهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ التوبة/٣٠-٣١ .

واتە: جولەکەکان وتیان عوزەیر کوڕی خوایە، نەصرانییەکانیش وتیان مەسیح کوڕی خوایە. ئەوە گوتەی دەمی ئەوانە، خۆیان بەقسەی بێباوەڕە پێشینەکان دەچوێنن، خوا بەگژیاندا بچێت، کە چۆن بوختان هەڵدەبەستن. ئەوانە قەشەو چلەکێشەکانی خۆیانو مەسیحی کوڕی مەریەمیان - لەجێی خوا- کردبووە چەند خواو پەروەردگارێك بۆ خۆیان، لەکاتێکدا کە فەرمانیان پێنەکرابوو جگە لەوەی خوایەکی تەنها بپەرستن، کە جگە لەو پەرستراوی تر نیە، خوا بێگەردو پاکە لەو هاوەڵدانانو شیرکەی دەیخەنە پاڵی.

* زیادەڕەویی نەصرانییەکان لە زیادگەورەکردنو سنوور بەزاندن لەبەمەزندانانی عیسادا(عليه السلام) وەك پەرچەکردارێك بۆ ئەو زیادەڕۆییەی جولەکە کەسووکایەتیان دەرهەقی کردبوو، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی بکەونە داوی شیرکە گەورەکەوە، کە شیرکی سێکوچکە بڕیاردانە، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ، وَقَالَ الْمَسِيحُ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اعْبُدُوا اللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ، إِنَّهُ مَن يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ، وَمَأْوَاهُ النَّارُ، وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ(٧٢) لَّقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ ثَالِثُ ثَلَاثَةٍ، وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّا إِلَٰهٌ وَاحِدٌ، وَإِن لَّمْ يَنتَهُوا عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ المائدة/ ٧٢–٧٣، واتە: ئەوانە کافربوون کە وتیان خوا بریتییە لە مەسیحی کوڕی مەریەم، مەسیح وتی: ئەی نەوەی ئیسرائیل، خوا بپەرستن، کە پەروەردگاری منو ئێوەیشە، بە ڕاستیی هەرکەسێك هاوەڵو شیرك بۆ خوا بڕیار بدات، ئەوا خوا بەهەشتی لەسەر حەرام کردووەو

دۆزەخ شوێنیەتی، ستەمکارانیش هیچ پشتیوانگەلێکیان نیە. بەڕاستیی ئەوانەی گوتیان خوا سێیەمی سیانەکەیە کافربوون، هیچ (فەریادڕەس‌و فەرمانڕەوایەك) نیە جگە لە خوای تاقانە، خۆ ئەگەر وازنەهێنن لەوەی کەدەیلێن، ئەوە ئەشکەنجەی بەئازار بەرئەوانەیان دەکەوێت کە کافربوون.

پاشان قورئانی پیرۆز ئەوەیان بیردەخاتەوە کە عیسا جگە لە مرۆڤێکی پێغەمبەر، شتێکی دیکە نەبووە، زیان‌و سوودیان پێ ناگەیەنێت، دەفەرموێت: ﴿مَّا الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ الرُّسُلُ وَأُمُّهُ صِدِّيقَةٌ كَانَا يَأْكُلَانِ الطَّعَامَ انظُرْ كَيْفَ نُبَيِّنُ لَهُمُ الْآيَاتِ ثُمَّ انظُرْ أَنَّى يُؤْفَكُونَ (٧٥) قُلْ أَتَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا وَاللَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ﴾ المائدة/ ٧٥-٧٦. واتە: مەسیحی کوڕی مەریەم تەنها پێغەمبەرێك بووە، کە پێش ئەو چەندین پێغەمبەری تر ڕۆیشتوون، دایکی کەسێکی زۆر ڕاستگۆ بوو، هەردووکیان پێکەوە خۆراکیان دەخوارد، بڕوانە چۆن ئێمە

ئایەتەکانیان بۆ ڕوون دەکەینەوە، پاشان بڕوانە ئەوان چۆن درۆ هەڵدەبەستن. پێیان بڵێ: ئایا ئێوە جگە لە خوا، کەسێك دەپەرستن، کە هیچ زیانو سوودێکی نیە بۆتان؟ لەکاتێکدا کە خوا بیسەرو زانایە!.

* زیادەڕۆیی هەندێکیان لە حەرامکردنی جوانییەکانی خواو ڕۆزییە باشەکانی، ئەمەش بووە هۆی کەوتنەداوی شیرکی تەشریعکردنی هەندێك شت کە خوا ڕێگەی پێنەدابوو. هەروەها فرەڕۆیی لە عیبادەتو پەرستشەکانو خۆئەزیەتدانو بێبەشکردنی دەروون لە حەزو چێژو ئارەزووەکانو وازهێنان لە هاوسەرێتییو زیادەڕۆیی لە داهێنانی سروتی خواپەرستیداو شوێنکەوتنی باوەڕی پڕوپوچو داهێنراوو شتی بێزراوو نەشیاو..

ئەم کارانە ئەوانی خستە هەڵدێری ئەو (ڕەهبانیەت)و چلەکێشییەی کە خوا ڕۆژێك لەڕۆژان لەسەری دانەنابوون، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ قَفَّيْنَا عَلَى آثَارِهِم بِرُسُلِنَا وَقَفَّيْنَا بِعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ، وَآتَيْنَاهُ الْإِنجِيلَ، وَجَعَلْنَا فِي قُلُوبِ الَّذِينَ اتَّبَعُوهُ رَأْفَةً وَرَحْمَةً وَرَهْبَانِيَّةً ابْتَدَعُوهَا مَا كَتَبْنَاهَا عَلَيْهِمْ

إِلَّا ابْتِغَاءَ رِضْوَانِ اللَّه، فَمَا رَعَوْهَا حَقَّ رِعَايَتِهَا، فَآتَيْنَا الَّذِينَ آمَنُوا مِنْهُمْ أَجْرَهُمْ وكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَاسِقُونَ﴾ الحديد:٢٧ .

واتە: پاشان، عیسای کوڕی مەریەممان بەشوێنپێی ئەواندا هێناو ئینجیلمان دایەو بەزەیی‌و بەخشینمان خستە دڵی شوێنکەوتووانی، چلەکێشییەکیش کە خۆیان دایانهێنا، ئێمە بۆ ڕەزامەندیی خوا لەسەرمان نووسیبوون کەچی وەکو خۆی ڕەچاویان نەکردو حەقیان نەدایێ، دواتر ئەوانەی باوەڕیان هێنا، پاداشتمان دانەوە، زۆرینەیەکیش لەوان لە ئایین دەرچوون.

زانست

# بەشی سێیەم

## نمونەیەك لەوەی دەربارەی زێدەڕۆیی
## لە سوونەتی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە

لە سوننەتی پێغەمبەری ئیسلامداﷺ چەندین فەرموودە هاتوون کە ئەو بنەما قورئانییە ڕووندەکەنەوە، سەبارەت بە قەدەغەکردنی زیادەڕۆیی لە ئاییندا، چ زیادەڕۆیی لە مامەڵە لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا، چ لە مامەڵە لەگەڵ شەخصی پێغەمبەری خودا ﷺ، چ لە خواپەرستییو گۆشەگیرییو قەدەغەکردنو حەرامکردنی شتە باشەکاندا. هەروەها چەندین فەرموودە هەن کە ئاماژە بۆ چەندین لایەنی زیادەڕۆیی دەکەن، هەندێکیشیان هەواڵی ئەوەیان داوە کە زیادەڕۆیی یەکێك بووە لە هۆکانی لەناوچوونی ژمارەیەکی زۆری میللەتانی پێشوو.

پێشەوا بوخاری هەستی کردووە کە پابەندبوون بە قورئانو سوننەتەوە پارێزەریی دەکات لە کەوتنە ناو هەڵدێری زیادەڕۆیی، لەبەرئەوە بەشێکی لە کتێبی (جامع الصحیح)ەکەی ناوناوە (کتاب الاعتصام بالکتاب والسنة)، هەروەها بە تێگەیشتنو لێزانینی ساغو دروستی خۆی، هەستی کردووە کە شوێنکەوتنی پێغەمبەر ﷺ موسوڵمان

دەپارێزێتو دەرکی بەوەش کردووە کە(قوولبوونەوە لە پرسیارەکان)و (ململانێ لە زانست)و (زیادەڕۆیی لە ئایین)و (داهێنان لە خواپەرستیدا)، لە گرنگترین دیاردەو ڕواڵەتەکانی هەڵنەگرتنی شوێنپێی پێغەمبەری خوان ﷺ، لەوێشەوە دەبنە نیشانەی دوورکەوتنەوە لە قورئانو سوننەتی پێغەمبەر ﷺ .

لێرەشەوە بەشێکی تری تەرخان کردووە بە ناوی (باب الاقتداء بسنن الرسول) بەشی شوێنکەوتنی سوننەتەکانی پێغەمبەر ﷺ. بەشێکی تریشی تایبەتکردووە بەناوی (باب ما يُكره من كثرة السؤال، وتكلّف ما لايعنيه)، واتە: بەشی خراپیی زۆر پرسیارکردنو خۆهەڵقورتاندن لە کارێکدا پەیوەندیی بە کەسێکەوە نەبێت. هەروەها بەشێکی تری تەرخان کردووە بۆ (الاقتداء بأفعال النبی ﷺ) واتە: بەشی شوێنکەوتنی کارەکانی پێغەمبەر ﷺ. بەشێکی تریشی داناوە بەناوی (باب ما يُكرَه من التعمّق والتنازع فی العلم والغلوّ فی الدين والبدع)، واتە: بەشی خراپیی قوڵبوونەوەی زیادو ململانێ لە زانستداو زیادەڕۆیی لە ئاییینداو بیدعە کردن، لەبەر ڕۆشنایی ئایەتی (لا تغلوا فی دينكم)، تێیدا

چەندین فەرموودەی هێناوە کە پێغەمبەر ﷺ ڕێگەی نەداوە بە ڕۆژووی لێکدانەبڕاوو داهێنانی هەرشتێك بەناوی ئایینەوە، یان خۆپابەندکردن بەشتێکەوە کە پێغەمبەر ﷺ مۆڵەتی تێدا نەداوە، یان زۆر پرسیارکردن. هەروەها بەشێکی تری تایبەت کردووە، بەناونیشانی ﴿وكذلك جعلناكم أمة وسطا﴾ واتە: بەوجۆرە ئێوەمان کردووە بە میللەتێکی میانە.

لە بەشی (الأذان)یشدا چەندین فەرموودەی تری هێناوە کە ڕێگرییان تێدایە لە درێژکردنەوەی قورئان لە نوێژدا بۆ ئیمامو فەرماندان بە سوککردنو خێرا ئەنجامدانی، بۆیە سەرزەنشتێکی (معاذ)ی کوڕی (جبل)ی تێدایە بەهۆی درێژکردنەوەی نوێژەکەیەوە، بوخاری بە سەنەدی خۆی لە(ابن مسعود)ەوە (خوا لێیان ڕازی بێت) گێڕاوییەتەوە کە پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خوا! سوێندبێ، من لە نوێژی بەیانیدا دوا دەکەوم، بەهۆی فلانە کەسەوەیە، چونکە نوێژەکە درێژدەکاتەوە. ئیتر هیچ جارێك پێغەمبەرم ﷺ بەو توڕەییەوە نەبینی، وەك وتارەکەی ئەو ڕۆژەی. پاشان فەرمووی: (ئێوە خەڵك دەتۆرێنن، هەرکەسێك لە ئێوە

پێشنوێژیی کرد بۆ خەڵك، با کورتی بکاتەوە، چونکە مرۆڤی لاوازو بەتەمەنو خاوەن پێداویستیتان لەگەڵدایە)[٣٢].

بەو شێوەیە دەبینین کە پێغەمبەر ﷺ هیچ ڕۆژێك بە ئەندازەی ئەو ڕۆژە تووڕە نەبووە، کە دەبینێت یەکێك لە هاوەڵەکانی درێژە بە نوێژ دەدات لە پێشنوێژیی کردنیدا بۆ خەڵکی، چونکە دەبێتە هۆی تۆراندنی نوێژخوێنەکان.

لەم سەردەمەی خۆشماندا چەندین پێشنوێژی ئەمڕۆ هێشتا بەداخەوە تێنەگەیشتوون لەم ڕێنومایییە پێغەمبەرانەیە، دەبینی نوێژەکە بەخەڵك درێژ دەکەنەوە، نەخوازەڵا لەو مزگەوتانەی نوێژی هەینییان تێدادەکرێتو جمەیان دێت لە خەڵك، لە ناوەڕاستی بازاڕو گەڕەکە قەرەباڵغەکانداو لەناو نوێژکەراندا خەڵکی پیرو نەخۆشی تێدایە، چەندینی تریش هەن کە دوکان، یان شوێنی کاریان بەجێهێشتووە، بەبێ ئەوەی پاداشتی نوێژی هەینییان دەستبکەوێت، بەڵام درێژکردنەوەی نوێژی پێشنوێژەکە دەیانتۆرێنێو لەوانەشە واز لە جەماعەتەکە بهێننو لەناو قەرەباڵغیو دوکانو بازاڕو

---

٣٢ صحيح البخاري: كتاب الآذان، باب: ٦١، رقم الحديث: ٧٠٢.

ماڵەکانیاندا، نوێژێکی بێ گیان بکەن، یان بەلایەنی کەمەوە بێبەشیان دەکەن لە دەستکەوتنی خێری نوێژی بەکۆمەڵو ئامادەبوونی مزگەوت.

(بوخاری) بە سەنەدی خۆی لە (عائیشە)وە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ کارێکی کردو مۆڵەتی نەکردنیشی دا، کەچی کەسانێك هەر کردیانو ئەنجامیان دا. ئەم هەواڵە گەیشتەوە پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەویش دەستی کرد بە وتاردانو سوپاسی خوای کرد، پاشان فەرمووی: (ئەوە چیە کەسانێك هەن ملەجەڕێ دەکەن لەسەر کارێك کە من دەیکەم، سوێند بەخوا من لە هەموویان زیاتر خواناسترمو لە هەموویان زیاتر لە خوا دەترسم.)[٣٣] (عەسقەلانی) دەڵێت: فەرموودەکە هاندانی تێدایە بۆ شوێنکەوتنی پێغەمبەرو خراپیی قوڵکردنەوەی شتو خۆڕەتاندن بەدوای بابەتە ڕێگەپێدراوەکانو باش

---

٣٣ صحيح البخاري: كتاب الأدب، باب: ٧٢، رقم الحديث: ٦١٠١.

سەودایی لە کاتی خوێندنەوەی ئامۆژگارییو گۆڕینی خراپەش بە ئارامی.[٣٤]

(نەسائی)ش لە (سونەن)ەکەیدا بە سەنەدی خۆی لە (ابن عباس)ەوە دەگێڕێتەوە، پێغەمبەر ﷺ لە بەرەبەیانی ڕۆژی (عەقەبە)– کە لەسەر پشتی وشترەکەی بوو– فەرمووی: ئادەی، هەندێ وردەبەردم بۆ کۆبکەرەوە. منیش هەندێ وردەبەردم بۆ کۆکردەوە. هەریەکەیان بە ئەندازەی دەنکە پاقلەیەك دەبوو، کە دامە دەستی، فەرمووی: ئا بەم شێوە بەردانە، بەردی (جەمەرات)، فڕێ بدەن، نەکەن زیادەڕەویی بکەن لە ئاییندا، گەلانی پێش ئێوە بەزیادەڕەویی لە ئاییندا لەناوچوون.[٣٥] لە گێڕانەوەیەکی (ابن ماجە)شدا هاتووە، (ابن عباس) فەرمووی: حەوت وردە بەردم بۆ کۆکردەوە، لەناو

---

٣٤ فتح الباري صحيح البخاري: أحمد بن حجر العسقلاني، بيت الأفكار الدولية، الرياض، ٣ /٧٨ ٢٦.

٣٥ سنن النسائي الصغرى: أحمد بن نصيب النسائي، باب مناسك الحج، مكتبة ابن حجر، دمشق، ٢٠٠٤، حديث رقم ٣٠٠٧ و ٣٠٠٩.

لەپی دەستیدا ئاڵ و وێری پێدەکردن‌و دەیفەرموو: بەم شێوە بەردانە بەردبارانی شەیتان بکەن.[٣٦]

جا ئایا حاجییە موسڵمانەکان لەم سەردەمەدا بەگوێی ئەم فەرمانەی پێغەمبەر دەکەن، لە کاتی فڕێدانی بەردەکانی جەمەراتدا؟ ئایا موسڵمانان ئاگادارن کە شەریعەت‌و حوکمەکانی، حیکمەت‌و ئامانجیان هەیەو دەبێ بزانرێن، هەروەها پەرستشەکان‌و دروشمەکانیش، هەموو حیکمەتی تایبەتی خۆیان هەیەو دەبێ لێیان تێ بگەین‌و پاشان پابەندی شێوازەکانی ببین، بەوشێوەیەی کە خواو پێغەمبەرەکەی فەرمانیان پیداوین.

هەروەها چەندین فەرموودە هاتوون لەسەر جۆری مامەڵەکردن لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا، کە ڕێگە دەگرن لە زیادەڕۆیی لە قورئاندا، لە فەرمودەیەکدا دەفەرمێت:

---

٣٦ سنن ابن ماجة: محمد بن يزيد ابن ماجة القزويني، باب مناسك الحج، مكتبة ابن حجر، دمشق، ٢٠٤، الحديث رقم ٣٠٢٠.

(قورئان بخوێنن، زیادەڕۆیی تێدا مەکەن، بێنازی مەکەن، نانی پێ پەیدا مەکەن، پارەو پوولی پێ زۆر مەکەن).[37]

سەبارەت بە مافی زیادەڕۆیی لەگەڵ خودی پێغەمبەری خوادا ﷺ، لە(صەحیحی بوخاری)دا هاتووە: کە پێغەمبەر ﷺ سەرنج دەدات هەندێ هاوەڵی لە وەصفکردنیدا سنور دەبەزێننو کارێکی لەگەڵ دەکەن کە لە کرداری نەصرانییەکان دەچوو کە کردیان بەرامبەر بە (عیسا) پێغەمبەر عليه السلام، ئەوجا لەو فەرمودەیەدا کە عومەری کوڕی خەتتاب ڕیوایەتی کردووە- فەرمووی: (پیامدا هەڵمەدەن، وەك ئەوەی نەصرانییەکان هەڵیاندەدا بە(عیسا)دا، بڵێن ئەو: بەندەو پێغەمبەری خودایە)،[38] (قورتوبی) دەڵێت: "مانای ئەوەیە بە شێوەیەك پیامدا هەڵمەدەن بە صیفەتێك کە لەمندا نەبێت، مەبەستتان لەو پیاهەڵدانە بەباشی

---

٣٧ مسند أحمد بن هلال الشيباني: بيت الأفكار الدولية الأردن، ٢٠٠٤، حديث رقم ١٥٦١٤ و تكرر الحديث في الأرقام ١٥٧٥٦، ١٥٧٥٨.

٣٨ صحيح البخاري: كتاب أحاديث الأنبياء، باب قوله تعالى (واذكر في الكتاب مريم)، رقم الحديث، ٣٢٤٥.

باسکردنی من بێت، هەروەکو چۆن نەصرانییەکان وەصفی (عیسا)یان کرد ﷺ بە وەصفێك تیایدا نەبوو، کردیانە کوڕی خوا، بەو کارە کافربوون‌و سەریان لیٚ شێوا، ئەوەش ماناکەی ئەوەیە هەر کەسێك کارێك زیاتر لە ئاستی خۆی بەرز بکاتەوەو لە ئەندازەی خۆی تێی پەڕێنێت بە وەصفێك کە تیایدا نەبێت، گوناهبارە، چونکە ئەگەر ئەوە دروست بوایە بۆ هەر کەسێک، ئەوە پێغەمبەری خوا ﷺ لە هەموو کەسێك لەپێشتر ئەبوو.[٣٩]

بەم شێوەیە پێغەمبەری خوا ﷺ کۆتایی دەهێنیٚ بە پیاهەڵدانی خۆی، جا نەخوازەڵلا ئەگەر بۆ پیاوچاکانی تر بێت! سەرباری ئەوەش هێشتا زۆرێك لە خەڵك دەبینین زیادەڕۆیی دەکەن لە گەورەکردنی پێغەمبەردا ﷺ، لەو شیعرو مەدحنامانەدا کە لە ڕێو ڕەسمو ئاهەنگەکاندا دەخوێنرێنەوە، بە خەیاڵی هەندێك لەوانە گوایە ئەمە گوزارشتە لە خۆشەویستیی بۆ پێغەمبەر ﷺ، لە کاتێکدا کە خۆشەویستیی‌و پێزانینی، لە ناسینی ڕێزو پلەوپایەی

---

٣٩ تفسير القرطبي، ٥/ ٢٤٧، (سەرچاوەی پێشوو).

پێغەمبەردایە، هەروەها صەڵاوەتدانە لەسەر خۆیو ئالو بەیتیو یارانی، هەروەها شوێنکەوتنی ڕێنومایییەکانیو فەرمانبەرداریی فەرمانەکانیو وازهێنان لەو شتانەیە کە ئەو قەدەغەی کردوون.

(عەسقلانی)لەلێکدانەوەی مانای فەرموودەکەدا دەڵێت: "(ابن الجوزی) وتوویەتی: قەدەغەکردنی هەرشتێك مەرج نیە بەڵگەی ڕوودانی بێت، چونکە ئێمە کەسێکی وەها ناناسین بانگەشەیەکی لە جۆری شوێنکەوتووانی عیسا بۆ پێغەمبەری ئیسلام (علیهما الصلاة والسلام) کردبێت، بەڵکو هۆی قەدەغەکردنەکە بەڕواڵەت ئەوەیە کە ڕوویداوە لەو فەرموودەیەی (معاذ) کوڕی (جەبەل) (خوا لێی ڕازی بێت) دەیگێڕێتەوە کە داوای مۆڵەتی درێژکردنەوەی سوجدەی لێکرد، ڕێگەی پێنەدا، وەکو مەترسی ئەوەی هەبووبێت کە کەسێکی تر زیاتر لەوەش بکات، بۆیە وەك جەخت لە سەرنەکردنی کارەکە قەدەغەی کرد. (ابن التنین) وتوویەتی: فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەفەرموێت: (پیامدا هەڵمەدەن)، واتە: وەك وەصفی نەصرانییەکان بۆ عیسا، وەصفو سەنای من مەکەن، هەتا هەندێکیان زێدەڕۆییان کردو

عیسایان کردە هاوبەشی خوا، بگرە هەندێکیان وتیان عیسا -پەنا بە خوا- خودی خوایە، هەندێکی تریان وتیان کوڕی خوایە، پاشان کۆتایی قسەکانی هێناو فەرمووی: من بەندەی خوام. دەڵێ: خاڵی سەرەکیی لە هێنانی ئەم باسە بۆ (عومەر) ﵁ لەوە ترساوە زیادەڕۆیی بکەن." [٤٠]

بۆیە لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ ڕوویداوە کە هەندێك هاوەڵی ﵃ ویستوویانە گۆشەگیریی بکەن، بە وازهێنان لە ژنهێنانو نەخواردنی گۆشتو خۆراکی باشو حەڵاڵ، یان نەخەوتنو ڕۆژووگرتنی بەردەوامو چلەکێشی، وەك کاری هەندێك نەصرانیو مانەوە لە ماڵەکانداو لەبەرکردنی جلی زبرو خۆخەساندنو شتی تری لەم بابەتە- وەك باسمان کرد- (گوایە) بۆ گەڕان بەدوای تەواوییو گەیشتن بە پلە هەرەباڵاکان -بەپێی بۆچوونی خۆیان- بۆیە پێغەمبەر ﷺ خۆی دەرکی بە ترسناکیی ئەم مەسەلەیە کردو وەك لادان لە سوننەتی خۆیو وازهێنان لە ڕێبازەکەیو دەرچوون لە ڕێگەی ڕاست، سەیری کردو وەك توندڕەوییەکی سەرەخۆرە

---

٤٠ فتح الباري للعسقلاني ١٨١/١٢، (سەرچاوەی پێشوو).

ئەژماری کرد– وەك هاوشێوەی ئەو چارەنووسەی بەسەر گەلانی تریشدا هات– هەروەکو جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەوە لەناوبردنی مافی خودی کەسەکەو مافی خێزانو کەسو کاریشیەتی.

(بوخاری) بەسەنەدی خۆی لە (ئەنس)ی کوڕی (مالك)ەوە (خوا لێی ڕازی بێت) گێڕاویەتیەوە کە: سێ تاقم هاتنەماڵی هاوسەرەکانی پێغەمبەر ﷺ، پرسیاری شێوازی خواپەرستیی پێغەمبەریان کرد ﷺ، کاتێ بۆیان باس کرا –وەك بە کەمیان زانیبێ– وتیان: جا ئێمە لە کوێو پێغەمبەری خوا لەکوێ؟ خوا لە گوناهە پێشینو پاشینەکانی ئەو خۆش بووە. لەبەرئەوە یەکێکیان وتی: هەمیشە شەونوێژ دەکەم، ئەوی تریان وتی: منیش تەواوی ساڵ بەڕۆژوو دەبمو نایشکێنم، ئەوی تریشیان وتی: منیش واز لەژنهێنان دەهێنمو هەرگیز هاوسەرگیریی ناکەم، کە پێغەمبەر ﷺ هاتەوە، فەرمووی: (ئەرێ ئێوە بوون ئاواو ئاواتان وت؟ سا، سوێندم بەخوا، من لە هەمووتان زیاتر لەخواترسو خۆپارێزترم، بەڵام بەڕۆژوو دەبمو دەیشیشکێنم، شەونوێژ دەکەمو دەشخەوم، ژنیش

دەهێنم، هەرکەسێکیش پشت لە ڕێڕەوی من بکات، لە من نیە).[41]

لە ڕیوایەتێکی (ابن جریر)دا لە (أبی قلابە)وە هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ بە قسەی ئەوانە ناڕەحەت بووە، پاشان فەرموویەتی: (خەڵکانی پێش ئێوە بەتوندڕەویی لەناوچوون، شتیان لەسەر خۆیان توندکردو خواش دەستی لەسەر توندکردن. ببینە، ئەوە ئاسەوارەکانیانە لە دێرو کڵێساو پەرستگاکاندا. خوا بپەرستن‌و هاوبەشی بۆ دامەنێن، حەج‌و عومرە بکەن، ڕاست بن، هەموو شتێکتان بۆ ڕاست دەبێت. هەروەها لە گێڕانەوەیەکی تریشدا هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ کەسێکی نارد بۆ لای ئەو گەنجانەو فەرمووی: (گیانی خۆتان مافی هەیە لەسەرتان، خێزان‌و کەس‌و کارتان مافیان هەیە،

---

٤١ صحيح البخاري، كتاب النكاح، باب الترغيب في النكاح، رقم الحديث، ٥٠٦٣، وصحيح مسلم، كتاب استحباب النكاح، رقم الحديث: ١٤٠١.

شەونوێژ بکەن‌و بخەون، ڕۆژوو بگرن‌و جاروباریش بیشکێنن، کەسێك واز لە سوننەتی ئێمە بهێنێت لە ئێمە نیە).[42]

هەروەها (ترمذي) فەرموودەیەکی هێناوە، بە سەنەدی خۆی لە (ابن عباس)وە دەگێڕێتەوە پیاوێك هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا... من گۆشتم لەسەر خۆم حەرام کردووە. ئایەت هاتە خوارەوەو فەرمووی: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، شتێکی باش لەسەر خۆتان حەرام مەکەن، کە خوا حەڵاڵی کردووە بۆتان).[43]

بەم شێوەیە پێغەمبەری خوا ﷺ بنەما قورئانییەکە لە قەدەغەکردنی زیادەڕۆیی لە ئاییندا ڕوون دەکاتەوە بۆ میللەتەکەی، بەلێکدانەوەی ڕواڵەتەکانی، وردکردنەوەی کایەکانی‌و ڕوونکردنەوەی مەترسی داخزانە ناوی، بە ئاگادار کردنەوەی میللەتەکەی لە نزیکبوونەوەی، بە قەدە غەکردنی هەر کارێك سەربکێشێ بۆ زیادەڕۆیی، ئامۆژگاریکردن بە

---

٤٢ تفسير المنار: محمد رشيد رضا، ٧/٢٥.

٤٣ سنن الترمذي: كتاب تفسير القرآن، رقم الحديث: ٣٠٥٤.

پابەندبوون بە قورئان‌و سوننەتەوە، وەکو دوو پارێزەر لە کەوتنە نێوداوی هەڵەی توندڕەوییی‌و زیادەڕۆیی‌و کەللە شەقی‌و سەختگیریی‌و قورسکاریی‌و تۆراندن‌و سەرسەختی‌و خۆڕەتاندن لەجێی وەرگرتنی مۆڵەتە خواییەکان‌و خۆڕاهێنان لەسەر شتێك شەرعی خوا ڕێگەی پێنەدابێت.

بە وردبوونەوە لەو فەرموودانەی باسمان کردن، هەندێك ماناو تێگەیشتن وەردەگرین، لەوانە:

١ـ زیادەڕۆیی لە ئاییندا بە هەموو شێوەکانییەوە، بەهەر بەهانەیەك بێت، کارێکی ناڕەوایە، خواو پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لەسەر لێبێت) ڕازی ناکات.

٢ـ ئاسانکاریی لە کاروبارو سوککردنی باری شانی خەڵك، یەکێکە لە ئامانجە هەرە گەورەکانی شەرعدانەری دانا.

٣ـ نەرم‌و نیانیی‌و لێبوردەیی‌و بەدەستەوەهاتن‌و وازهێنان لە توندیی‌و لاوازیی، لە ڕەوشتە جوانە هاوتەریبەکانی سروشتی مرۆڤی ئاساییین.

بۆیە پشتبەستن بەوانەو پەنابۆبردنیان پێویستییەکی سەرشانی ئەو ناوەندە ئیسلامیی‌و دام‌و دەزگایانەیە کە لە ڕیزی پێشەوەی بزاڤی بانگخوازین لەناو میللەتدا، پێویستە

هەستن بە زەقکرنەوەی ئەم مانایانەو کارکردن بۆ تێگەیاندنی خەڵك لەسەریان، هەروەها پێویستە لەسەر موسوڵمانانیش ڕەفتاری پیێ بکەن، چونکە وێنەی ئیسلام لەلایەن کۆمەڵگاکانی ترەوە لەوانەوە وەردەگیرێت.

زانست

يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لَا تَغْلُوا فِي دِينِكُمْ وَلَا تَقُولُوا عَلَى اللّهِ إِلَّا الْحَقّ إِنّمَا الْمَسِيحُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ رَسُولُ اللّهِ وَكَلِمَتُهُ أَلْقَاهَا إِلَى مَرْيَمَ وَرُوحٌ مّنْهُ فَآمِنُوا بِاللّهِ وَرُسُلِهِ وَلَا تَقُولُوا ثَلَاثَةٌ انتَهُوا خَيْرًا لّكُمْ إِنّمَا اللّهُ إِلَهٌ وَاحِدٌ سُبْحَانَهُ أَن يَكُونَ لَهُ وَلَدٌ لّهُ مَا فِي السّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَكَفَى بِاللّهِ وَكِيلًا

النساء/ ١٧١

زانست

# بەشی چوارەم

## زاراوە پەیوەندیدارەکانو

## چەند نمونەیەکی زیادەڕۆیی قەدەغەکراو

چەندین حوکمو مەسەلە هەن، بەشێوازێك لە شێوازەکان پەیوەندیدارن بە دیاردەی زیادەڕەوییو توندڕەوییەوە، هەندێ لەوانە لە چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆزدا ئاماژەیان پێکراوە، وەك چەند ئاراستەکردنێکی کردەیی بۆ ئوممەتی ئیسلام، هەندێکیشیان پێغەمبەری خوا ﷺ لە شێوەی زاراوەو چەمکدا ڕوونی کردوونەتەوە، هەموو ئەوانە چەند کاروبارێکن پێویستە بزانرێن، بۆ تەواوکردنی وێنەی زیادەڕۆییو تێگەیشتنی ڕەهەندەکانی. هەندێك لەو زاراوانە لێکدانەوەن بۆ مانای زیادەڕۆیی لە ئاییندا، هەندێکیشیان گوزارشتن لە وێنەو ڕواڵەتەکانی زیادەڕۆیی، یان هەرچییەك لەو پەیدا دەبێت، یان سەری بۆ بکێشێت، جا لە ڕەهەندی باوەڕییو هزرییەوە بێت، یان هەڵسوکەوتی کردارییەوە، پاشان هەندێ زاراوەی تر هەن لە سیرەتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوون ئەو مانا باشانە دەدەن بەدەستەوە کە پێچەوانەی

ئەوانەن گوزارشت دەدەن لە جۆرەکانی زیادەڕۆیی‌و بوارەکانی.

ئەم بەشە –بە کورتی– تەرخان دەکەین بۆ ئەو چەند ئایەت‌و فەرموودانەی تایبەن بۆ ئەو بابەتە.

**١= چەند نمونەیەك لە زاراوەو ئاماژە قورئانییەکان:**

لێرەدا چەند نمونەیەك لەوانە دێنینەوە کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون:

ـ ئاراستەکردنی خوای گەورە بۆ ئوممەتی ئیسلام بە پابەندبوون بە **تایبەتمەندیی میانەیی** وەك نیشانەیەکی جیاکەرەوە لە نێوان هەموو میللەتانی دونیادا، خوای گەورە دەفەرموێت ﴿وكذلك جعلناكم أمة وسطا لتكونوا شهداء على الناس﴾ البقرة/١٤٣: بەو شێوەیە، ئێوەمان کردە ئوممەتی میانە، بۆ ئەوەی ببنە شایەت بەسەر خەڵکەوە.

**ـ نەهێشتنی تەنگەتاوکردنو حەرەج بەسەر ئوممەتەوە، لەدانانی حوکمەکانی ئیسلامدا:**

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ما جعل عليكم في الدين من حرج﴾ المائدة/٦: خوا لە ئاییندا هیچ حەرەجو تەنگەتاو کردنێکی بەسەر شانتانەوە دانەناوە.

**ـ دیاریکردنی سنورە شەرعییەکانو ڕێگەگرتن لە بەزاندنیان:** خوای گەورە لە چەندین شوێنی جیاوازدا، پاش خستنەڕووی کۆمەڵێك حوکمی شەرعیی پەیوەندیدار بە ژنو خێزانەوەو هی تریش دەفەرموێت: ﴿تلك حدود الله فلا تعتدوها﴾ البقرة/٢٢٩: ئەوانە سنوری خوان مەیانبەزێنن.

**ـ فەرماندان بەڕاستوەستان لەسەر ڕێبازی میانەو نەهێشتنی سنورشکێنیی:**

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فاستقم كما أمرت ومن تاب معك، ولا تطغوا﴾ هود/١١٢: هەوڵ بدە ڕاست بوەستیت، وەك چۆن فەرمانت پێدراوە، هەروەها ئەوانەش کە لەگەڵت

تۆبەیان کردووە، سنور مەشکێنن. (طغیان) لە ئایەتەکەدا مانای سەرکەشییو دەرچوونە لە سنور.

**ـ خواستی ئاسانکاریی بۆ ئوممەتو بارسوکیی لەسەری:** خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿یرید الله بکم الیسر ولا یرید بکم العسر﴾ البقرة/١٥٨. خودا ئاسانکاریی بۆ ئێوە دەوێت، بارگرانییو سەختگیریی بۆ ئێوە ناوێت.

**ـ ناڕەزایی دژ بە سنورشکاندن:** قورئانی پیرۆز ناڕەزایی نیشان دەدات بەرامبەر هەموو سنورشکاندنێك، وەك شێوازێك لە شێوازەکانی ئەو زیادەڕۆییەی چەند تاقمێکی ئەهلی کیتاب تێی کەوتن. خوای گەورە ئاماژە دەدات بە هەندێ ڕواڵەتی زیادەڕۆیی ئەوان وەکو: هەڵوەشاندنەوەی پەیمان لەگەڵ خوا، دەستکاریی قسە لە شوێنی خۆیدا، حەشاردانی بەشێکی وەحی خواوەند، بە تایبەتی ئەو بەشەی تایبەتە بە هاتنی پێغەمبەرمان محمدﷺ، هەروەها لەبیرکردنی پشکێکی زۆر لەوەی خوای گەورە وەبیری

هێنابوونەوە، زیادەڕەوییان دەرهەق بەعیسا، بەوەی گوتیان کە خودا عیسای کوڕی مەریەمە، گومانو بانگەشەیان بەوەی کە ئەوان کوڕانی خودانو خۆشەویستیی ئەون، زیادەڕۆییان لە کاروبارێکی زۆرداو بەگاڵتەگرتنی ئایینیانو دەمپیسییانو حەرامخۆرییانو.. چەندین شتی دی.

**ـ حەڵاڵکردنی شتە باشەکانو ناڕەزایی دژ بە حەرامکردنی ئەو نیعمەتە پاکو جوانانەی خواوەند بەخشیونی:**

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ قُلْ هِيَ لِلَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ كَذَلِكَ نُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾ الاعراف/٣٢، بڵێ: کێیە ئەوکەسەی ئەو جوانییانەی خوا حەرام دەکات، کە بۆ بەندەکانی خۆی وەدەریهێناون، لەگەڵ ڕۆزییە پاکژەکان؟) الأعراف/ ٣٢.

**- فەرماندان بەوەرگرتنی پشکی دونیا، لەگەڵ ئومێدی ڕۆژی دوایی‌و چاکە لە هەموو شتێکدا:**

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَابْتَغِ فِيمَا آتَاكَ اللَّهُ الدَّارَ الْآخِرَةَ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا وَأَحْسِن كَمَا أَحْسَنَ اللَّهُ إِلَيْكَ وَلَا تَبْغِ الْفَسَادَ فِي الْأَرْضِ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُفْسِدِينَ﴾ القصص/ ٧٧: ئومێد بخوازە بۆ هەرچییەك خوا پێت ببەخشێت لە ماڵی ئاخیرەتداو پشکی خۆت لەبیر نەچێت لە دونیادا، چاکە بکە، هەروەك خوا چاکەی لەگەڵ کردوویت، لەسەر زەوی هەوڵی گەندەڵیی مەدە، بە دڵنیایی خوا کەسانی گەندەڵکاری خۆش ناوێت.

ئەمە لایەنێکە لەو لایەنانەی قورئانی پیرۆز جەختی لەسەر کردوونەتەوە.

**٢- چەند نمونەیەك لە زاراوەو ئاماژەکان لە سوننەتدا:**

پێغەمبەری خوا ﷺ بەشێکی زۆر لە وردو درشتی ئەو شتانەی ڕوون کردۆتەوە، کە بە دەوری زیادەڕۆیدا دێن‌و

دەچن، وەك: بارگرانکردن لەسەر خەڵك، توندگیریی‌و مل لەیەکنان، تەراندن‌و تۆراندن، زیادەڕۆییی‌و شلڕەویی، پیاهەڵدانی ناڕاستو بەناهەق، کەللەشەقیی، سەرسەختیی، قووڵکردنەوەی بێ ماناو نەخوازراو، تەنگەتاوکردن، تۆقاندن، زێدەکاریی، خۆڕەتاندن زیاد لەتوانا..

هەروەها جەختیشی کرووەتەوە لەسەر پێچەوانەی ئەو کارانە وەك: ئاسانکاریی، نەرم‌و نیانیی، بەزەیی، مژدەدان، ڕاستپێکان، لەسەرخۆیی، میانەگیریی، ئارامیی، ڕێکوەستان.

هەندێك لە نمونەو فەرمودەکان لەو بارانەوە:

**ـ توندگیریی:**

یەکێك لەو کارانەی کە پێغەمبەر ﷺ لە کاروباری ئاییندا قەدەغەی کردووە لێمان، بریتیە لە توندگیریی‌و خۆڕەتاندن، دەفەرموێت: (لا تشدّدوا على أنفسكم فيشدد الله عليكم، فإن قوما شدّدوا على أنفسهم فشدّد الله عليهم، فتلك بقاياهم في

الصوامع والديار. (ورهبانية ابتدعوها ما كتبناها عليهم).[٤٤] واتە: لەسەر خۆتانی توند مەکەن، ئەوجا خوا لەسەرتانی توند دەکات، کەسانێك (ئەرك)یان لەسەرخۆیان توند کرد، خوا دەستی لێ توندکردن، ببینە، ئەوە پاشماوەکانیانە لە نێو کڵێساو دێرەکاندا، (ڕەهبانییەتو گۆشەو کەنارەگیرییەك خۆیان دایانهێنا، ئێمە لەسەرمان نەنوسیبوون).

لە فەرموودەیەکی تریشدا هەواڵی پێداوین کە لابردنی توندڕەویی‌و نەهێشتنی حەرەجو تەنگەتاوکردن لەسەر ئوممەتەکەی، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئیسلام، دەفەرموێت: (أَحلّ لنا كثيرا مما شدد على من قبلنا، ولم يجعل علينا من حرج).[٤٥] واتە: زۆر شتی بۆ حەڵاڵ کردووین، کە پێشتر توندکرابوو لەسەر گەلانی پێش ئێمە، هیچ حەرەجێکی بۆ نەهێناوین).

---

٤٤ سنن أبي داود، كتاب الأدب، الحديث رقم: ٤٢٨٥ و٤٩٠٤.

٤٥ مسند أحمد، كتاب (باقي مسند الأنصار)، برقم: ٢٢٨٢٥.

ـ **مل لەیەكنان لە ئاییندا:** پێغەمبەر ﷺ لە فەرمودەیەكدا كە بوخاری دەیگێڕێتەوە، دەفەرموێت: (إن الدين يسر، ولن يشادّ الدينَ أحد إلا غلبه)،[٤٦] واتە: ئەم ئایینە ئاسانە، كەسێك نیە ململانێی لەگەڵدا بكات، مەگەر ئاین بەسەریدا زاڵ دەبێت، واتە پاشەكشێ دەكات. (ابن حجر العسقلانی) دەڵێت: "وشەی (المشادة) لە فەرمودەكەدا مانای مل لەیەكنان دەگەیەنێت. ماناكەشی ئەوەیە: هەركەس لە كاروبارە ئایینییەكاندا قووڵببێتەوەو واز لە نەرمو نیانیی بهێنێت، كەنەفت دەبێتو دادەبڕێتو بەچۆكدا دێت. (ابن المنير)یش دەڵێت: "لەم فەرمودەیەدا یەكێك لە نیشانەكانی پێغەمبەرێتی دەردەكەوێ، ئەوەبوو بینیمانو پێش ئێمەش كەسانی دیكە بینیویانە، كە هەموو كەللەشەقێك لە ئایین دادەبڕێت. مەبەستەكەش ئەوە نیە كە ڕێگە بگیرێ لە تەواوكردنی خواپەرستیی، چونكە خواپەرستیی زۆر كارێكی

---

٤٦ صحيح البخاري، كتاب الإيمان، باب الدين يسر، برقم: ٣٩.

باشە، بەڵکو مەبەست ڕێگرتنە لەو زیادەڕۆییەی دەبێتە هۆی بێزاربوون، یان ڕۆچوون لە خۆماندووکردن ببێتە هۆی وازهێنان لە باشترین کار. لە فەرمودەکەی (محجن)ی کوڕی (الأدرع)یشدا لای (ئەحمد) هاتووە: (ئێوە بەزێدەڕۆیی ئەم کارەتان دەست ناکەوێت، باشترین جۆری ئایینداریی ئێوە ئاسانکارییە). لەوانەیە ئەو مانایە وەربگرێت، لەو فەرمودەیە کە کار بەمۆڵەتی شەرعیی بکرێت، چونکە سووربوون لە شوێنی مۆڵەتدا کەللەشەقییە، وەکو کەسێك لەکاتی نەتوانیندا، واز لە تەیەمووم بهێنیو ئاو بەکار بهێنێتو ئەمەش ببێتە هۆی زیانلێکەوتنی" .[٤٧]

**ـ قورسکردنو تۆراندن:**

لە چەندین فەرمودەدا پێغەمبەر ﷺ ڕێگەی گرتووە لە قورسکردنی کاروبارو تۆراندنیان بە هەندێك هەڵسوکەوت، فەرمانی داوە بە ئاسانکارییو مژدەدانو ئارامیی لە مامەڵەی

٤٧ فتح الباري العسقلاني، ١/٢٩٤.

خەڵکدا. دەرهەق بە ئوممەتی دەفەرموێت: (إنما بعثتم میسّرین، ولم تبعثوا معسّرین)،[48] واتە: ئێوە وەك ئاسانکار نێرراون، نەك وەك سەختگیرو قورسکار)، هەروەها لە فەرمودەیەکدا کە بوخاری بە چەند ڕێگەیەك گێڕاویەتیەوە، فەرمویەتی: (یَسّروا ولا تعسّروا، وسکّنوا ولا تنفّروا)،[49] واتە: ئاسانکار بن، قورسکار مەبن. ئارامیی بەخش بن، کەس مەتۆرێنن)، هەروەها هەمان ئاراستەی بە (ابو موسی)و (معاذ) فەرموو، کاتێ ناردنی بۆ یەمەن.[50]

نەوەوی دەڵێت: "لە ئیسلامدا کاروبارو ئەرکەکان، سەرەتا پلە بە پلە بوون، هەرکات کارێك ئاسان بکرایە بۆ کەسێك، ملکەچیی دەکرد، یان کەسێك بیویستایە بڕواتە ناویەوە، بۆی ئاسانتر دەبوو، لە کۆتاییشدا زۆرجار

---

٤٨ صحيح البخاري، كتاب الأدب، برقم: ٦١٢٨.

٤٩ صحيح البخاري، كتاب الأدب، باب قول النبي:يسروا، رقم: ٦١٢٥.

٥٠ صحيح البخاري، كتاب المغازي، برقم: ٤٣٤١، ٥٣٤٢، ٤٣٤٤.

زیاتریشی دەکرد. چ کاتێکیش لەسەری گران بکرایە، خەریك بوو نەچێتە ناویەوە، کە بشچوایەتە ناوییەوە، خەریك بوو لەسەری بەردەوام نەبێت، یان بۆی نەکرێت"[51]

بۆیە هەرکات پێغەمبەری خوا ﷺ ڕابژێر بکرایە لە نێوان دوو کاردا، هەمیشە ئاسانەکەیانی هەڵدەبژارد.[52]

**ـ کەللەشەقیی‌و (تنطّع):**

یەکێك لەو کارانەی قەدەغە کراوە، قووڵداچوونە لە کاروبارێکی ئایینیدا، بەشێوەیەك ببێتە هۆی شکاندنی سنوورە شەرعییەکە، ئەمەش ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ بە (تنطّع) ناوی بردووە. جارێکیان سێ جار لەسەر یەك

---

٥١ المنهاج في شرح النووي علي صحيح مسلم، محى الدين يحيى النووي، بيت الأفكار الدولية، الرياض، د.ت، ص: ١١١٦.

٥٢ صحيح البخاري، كتاب المناقب، باب صفة النبي، بة ذمارةكانى: ٣٥٦٠، ٦١٢٦ و ٦٧٨٦و ٦٣٥٣. هەروەها: صحيح مسلم، كتاب الفضائل، باب مباعدة الرسول للآثام، برقم: ٢٣٢٧.

فەرمووی:(هلك المتنطّعون)،[٥٣] واتە: بەڕاستی کەللە شەقەکان تیاچوون. (نەوەوی) لە مانای ئەم فەرمودەیەدا دەڵێت: (المتنطعون) بەوانە دەگوترێ کە لە گوفتارو کرداردا زۆر قووڵ دادەچنو زێدەڕەونو لە سنوور دەرچوون،[٥٤] هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بە مامەڵەی نەرم لەگەڵ خودی ئایینی ئیسلامدا، دەفەرموێت: (إن هذا الدين متين، فأوغل فيه برفق..)، واتە: ئەم ئایینە پتەوە، لەسەرخۆ بڕۆ ناویەوە.[٥٥]

عەسقەلانی تەواوی فەرموودەکەی هێناوەو لە (البزار)ی کوڕی (ابن مبارك)ەوە دەیگێڕێتەوە، ئەوەیە: (..فإن المنبت لا أرضا قطع، ولا ظهرا أبقى)، واتە: ئەو سوارە پەلەکەرو تیژڕەوەی (کە زۆر بۆ وڵاخەکەی دێنێت)، نە زەوییەك

---

٥٣ صحيح مسلم، كتاب العلم، باب هلك المتنطعون، الحديث رقم: ٢٦٧٠.

٥٤ شرح النووي على صحيح مسلم، ص: ١٥٨٠.

٥٥ مسند أحمد، مسند أنس ابن مالك، حديث رقم: ١٣٠٨٣.

دەبڕێ، نە پشتی ئاژەڵەکەشی بە سەلامەتی دێڵێتەوە. پاشان لە ڕاڤەکەیدا دەڵێت: "وشەی (المنبتّ) بە مانای (ڕەتێنەر)ە، ئەو کەسەی کە بەهۆی غاردانی زۆرو پەلەکردن لە وڵاخە سوارییەکەی، پشتی وڵاخەکەی دەشکێنێ. واتە ناگاتە شوێنی مەبەستو ئەو وڵاخەش لەدەست دەدات کە ئەگەر بەبەزەیی بوایە لەگەڵیدا، دەیگەیاندە جێ."[56] لەفەرموودەیەکی گشتگیری تردا پێغەمبەر ﷺ فەرمانی داوە بە (تسديد)و (مقاربة) و (غدوة) و (روحة)و (قصد) لە هەڵسو کەوتی ئایینیدا، دەفەرموێت:

(سدّدوا، وقاربوا، واغدوا، وروحوا، وشيء من الدُّلجة، والقصدَ، القصدَ! تبلغوا)[57] واتە: (وردو دروستو ڕاست بن، نزیکی مەبەست بن، بەرەبەیان بەڕێکەون، هەروەها دوای

---

٥٦ فتح الباري، العسقلاني، ٣٠/٢٨٣٠.

٥٧ صحيح البخاري، الحديث رقم: ٥٦٧٣، و٦٤٦٣.

فێنکیی ئێواران، هەندێ جاریش شەوڕەویی بکەن، ڕێگەی میانڕەویی بگرن، ئەگەر واتان کرد، دەگەنە جێ).

عەسقەلانی لە لێکدانەوەی ئەم فەرمودەیەدا دەڵێت: "(سدّدوا) بە مانای ئەوەیە هەمیشە بەڕێکو ڕاستی بمێننەوە، بەبێ کەمو زیاد، زمانەوانەکان دەڵێن: (سداد) میانەیە لە کرداردا. (قاربوا) واتە: ئەگەر نەتانتوانی هەموو کارەکە بکەن، ئەوا نزیکی ئەو بکەن، واتە: زیادەڕۆیی مەکەن، ئەوەندە خۆتان شەکەت مەکەن لەخواپەرستیدا نەبادا ببێتە هۆی وەڕسبوونتانو دواجار خاوببنەوەو واز لە کار بهێنن. (وأبشروا) واتە: مژدە بدەن بە پاداشتی هەمیشەیی کاری چاك، با کەمیش بێت. مەبەست لە (تەبشیر) بۆ کەسێکە نەیتوانیبێت کارەکە بە تەواوی بکات، کە نەتوانینەکەی دەستی خۆی تێدا نەبووەو مەرج نیە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی پاداشتەکەی. لە ڕستەکەشدا مژدە پێدراوەکە شاراوەتەوە بۆ بەگەورە زانینی شتەکەیە.

الاعتدال

وشەی (الغدوة) بەمانای بەردەوامبوونە لەخواپەرستی، بەیەك ڕیتم، لە كاتە چالاكەكاندا. لە ئەسڵدا (غدوة): مانای ڕۆشتنە لە سەرەتای ڕۆژدا، (روحة)ش مانای ڕۆشتنە لە دوای (زوال)، واتە دەمەو ئێواران. (الدلجة) واتە: كۆتایی شەو. ئەو كاتانە خۆشترین كاتەكانی سەفەری ڕێبوارە، وەكو پێغەمبەر ﷺ ویستبێتی قسە لەگەڵ ڕێبوارێكدا بكات كە بەرەو مەنزڵگا دەڕوات، ئاگاداری دەكاتەوە لە كاتەكانی گورج و گۆڵیی، چونكە گەر بێت ڕێبوار شەوو ڕۆژەكە بەردەوام ڕێ بكات، شەكەت دەبێتو دادەبڕێت، خۆ ئەگەر لەوكاتە چالاكانەدا گەشتەكەی بكات، ئەوا دەتوانێت بەبێ ماندووبوون بەردەوام بێت. ئەمەش لە ڕەوانبێژیدا خواستنی مانایە، جوانیی ئەم خواستنەش لەوەدایە كە دونیا مەنزڵگای گواستنەوەیەتی بۆ ماڵی دوارۆژ، ئەو كاتانەش سەبارەت بە خواپەرستی حەساوەترین كاتەكانن بۆ جەستەی هەر مرۆڤێك."

پاشان فەرمووی: (القصد، القصد) واتە: میانە بگرن، میانە بگرن، (واتە: لەهەموو شتێکدا ڕێگەی میانە بگرن)، (عەسقەلانی) لێرەش دەڵێت: "هەڵوێستەیەکم کرد لەسەر فەرموودەیەك لەم بارەیەوە، (ابن ماجە) دەری هێناوە لە فەرمودەیەکی (جابر) کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەیگێڕێتەوە، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ لە گەشتێکدا بەلای پیاوێکدا گوزەری کرد، لەسەر بەردەنوێژێك نوێژی دەکرد، بەدیارییەوە ڕاوەستاو پاشان ڕۆشت، ئەو هەر لە حاڵی خۆیدابوو، هەردوودەستی هێنایەوە یەكو فەرمووی: خەڵکینە، تکایە میانەڕەو بن، تکایە میانەڕەو بن.[٥٨]

- **چوونەژێرباری زیاتر لە توانایی:** پێغەمبەری خوا ﷺ لە چەندین فەرموودەی دروستدا جەختی کردووەتەوە لەسەر ئەنجامدانی خواپەرستییەکان بە چالاکیی‌و نەچوونە ژێرباری شتێکی زیاتر لەدەسەڵاتو لێهاتن‌و توانایی، هەر لەسەرەتای

---

٥٨ فتح الباري للعسقلاني، ٣/ ٢٨٣٨.

بانگەوازەکەیەوە سەرنجی هەندێ ڕواڵەتی زیادەڕۆیی دابوو. سەبارەت بەوە فەرمووی: (مَهْ. عليكم بما تطيقون، فو الله لا يملّ الله حتى تملّوا،وكان أحبّ الدين إليه ما داوم عليه صاحبه).[٥٩] واتە: (وریا بن، شتێك بکەن لە تواناتاندا بێت، سوێند بەخوا، خوا بێزار نابێت، هەتا ئێوە بێزار دەبن، جوانترین شێوازی ئایینداریش لای پێغەمبەر ﷺ ئەوەبوو کە خاوەنەکەی لەسەری بەردەوام بوایە. ئەم گوتەیەی بە ئافرەتێك فەرموو کە شەو تا بەیانی بە بێ خەوتن نوێژی دەکرد.

(نەوەوی) لە لێکدانەوەی ئەم فەرمودەیەدا دەڵێت: "بە مانای ئەوەیە خوای گەورە پاداشتی کردەوەکانتان لێ دانابڕێتو مامەڵەی بێزارێکتان لەگەڵدا بکات، هەتا ئەوکاتەی خۆتان بێزاردەبنو وازدەهێنن. کەواتە پێویستە ئەوە بکەن

٥٩ صحيح البخاري، كتاب الإيمان، رقم الحديث ٤٣، وكتاب التهجد، باب ما يكره من التشديد، رقم ١١٥٣، ورواه مسلم في كتاب صلاة المسافرين، برقم: ٧٨٢.

کە بتوانن بەردەوام بن لەسەری، بۆ ئەوەی پاداشتو چاکەی خوا بە سەرتانەوە بەردەوام بێت.[٦٠]

بۆیە جارێکیان پێغەمبەر ﷺ چووە ناو مزگەوتەوە، بینی گوریسێك بەدوو پایەی مزگەوتەوە بەستراوەتەوە، پرسیاری کرد: ئەم گوریسە چیە؟ وتیان: ئەوە گوریسی (زەینب)ی هاوسەری پێغەمبەرە ﷺ، کاتێك نوێژ دەکاتو ماندوو دەبێت، خۆی پیَ دەگرێتەوە، فەرمووی: دروست نیە، بیکەنەوە هەرکەسێك لە ئێوە کە نوێژ دەکات، با لە کاتە چالاکەکاندا بیکات، هەرکاتێك کە بیَ تاقەت بوو، با بخەوێت)،[٦١] (عەسقەلانی) دەڵێت: "لەم فەرموودەیەدا هاندان هەیە بۆ میانەیی لەخواپەرستیداو ڕێگەنەدان بەزۆر

---

٦٠ ریاض الصالحین، النووي، دار المأمون ط: ٣، ١٩٩٠، ص: ٨٥.

٦١ صحیح البخاري، کتاب التهجد، باب (ما یکره من التشدید في العبادة) برقم:١١٥٠، هەروەها صحیح مسلم، کتاب صلاة المسافرین، ٥٤٣/١.

ڕۆچوون تیایداو فەرمانیشی تێدایە بۆ گورج بەدەمەوە چوونی پەرستشەکان." [62]

**ـ توندیی‌و دڵڕەقی:**

لەو شتانەی پێغەمبەر ﷺ قەدەغەی کردوون، توندیی‌و دڵڕەقییە لەهەڵس‌و کەوت لەگەڵ کەسانی تردا، تەنانەت لەگەڵ جولەکە دوژمنەکانیشدا، (بوخاری) بە سەنەدی خۆی لە عائیشەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەگێڕێتەوە: کە جارێکیان جولەکە هاتنە خزمەت پێغەمبەرو وتیان: (السّام علیکم) واتە: زەهر بەگەرووتا چێ، پێغەمبەر ﷺ لەوەڵامیاندا فەرمووی: (وعلیکم)، واتە: بۆ سەر ئێوەش! لەوە زیاتر هیچی تری نەفەرموو، بەڵام خاتوو عائیشە کە لەوێ بوو، گوێی لێیان بوو، لە مەبەستەکەشیان تێگەیشت، بۆیە بە توڕەیی گوتی: (وعلیکم السّام واللعنة، وغضب الله علیکم)، واتە: ژارو مەرگ بۆ سەرخۆتان، نەفرەتیشتان لێ بێت.

---

٦٢ فتح الباري، للعسقلاني، ١/ ٧٦٨.

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (مهلا يا عائش، عليكِ بالرِّفق وإياكِ والعنْفَ والفحْش.).[63] واتە: لەسەرخۆبە عائیشە، پێویستە نەرمو نیان بیت، دوور بە لە توندیی‌و قسەی ناشیرین. عائیشە وتی: مەگەر گوێت لێ نەبوو چیان گوت؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەی تۆ گوێت لێ نەبوو من چیم وەڵام دانەوە؟!، منیش وتم (وعليكم)، سەبارەت بەوان، خوا نزای من گیرا دەکات، بەڵام نزای ئەوان دژ بە من گیرا نابێت.[64] (أبوبكر الرازي) لە (مختار الصحاح)دا وتوویەتی: "(توندیی) دژی (نەرمو نیانی)یە، (فەحش) هەموو شتێکە لە سنوری خۆی دەرچێت".

---

٦٣ صحيح البخاري، كتاب الأدب، باب لم يكن النبي فاحشا، رقم الحديث: ٦٠٣٠.

٦٤ صحيح البخاري، كتاب الأدب، باب: لم يكن النبي فاحشا ،بە ژمارە: ٦٠٣٠.

**ـ نەفرەت نەکردن:**

لە پێغەمبەرەوە ﷺ ڕیوایەت کراوە، کە نەفرەتکردنی قەدەغە کردووە. هەروەکو لە فەرمودەکەی پێشتری (عائشە)دا هات. هەروەها وەصفکردنی ئیماندار بەوەی نەفرەتکەر نیە، وەکو فەرمودەی: (لیس المؤمن بطعّان، ولا لعّان، ولا فاحش، ولا بذيئ).[٦٥] واتە: (ئیماندار، نە تانوتدەرە، نە نەفرەتکەرە، نە هەرزەگۆیە، نە دەمپیسە)[٦٦]. هەروەها دەفەرموێت: خوا نەرمو نیانە، نەرمو نیانی خۆش دەوێت، ئەو پاداشتەی بە نەرمو نیانی دەدات، بە توندوتیژییو هەر شتێکی دیکەی، نادات.[٦٧]

---

٦٥ رواه الترمذي، من حديث عبد الله بن مسعود، وصححه ابن حبان، ٤٢١/١، والحاكم، ٥٧/١، والألباني في صحيح الجامع، ٥٣٨١.

٦٦ (أحمد) و (ترمذي) و (بخاري)یش لە (التاریخ)ەکەیدا هێناویانە.

٦٧ صحيح مسلم، كتاب البر والصلة، باب فضل الرفق، ژمارەی فەرمودە: ٢٥٩٣.

لەم پێگەیەوە پێغەمبەر ﷺ دەستی داگرتووە لە باسی نەرمییو لە چەندین فەرمودەدا بەوە وەصفی کردووە کە ئەو هەڵسو کەوتەیە خودای گەورە خۆشی دەوێت لە هەموو شتێکدا، فەرمویەتی: (إن الله رفيق، يحب الرِّفق في الأمر كلّه).[٦٨] واتە: خوا نەرمو نیانە، لە هەموو کاروبارێکدا نەرمو نیانیی پێ خۆشە). هەروەها دەفەرموێت: (إن الرّفق لا يكون في شيء إلا زانه، ولا يُنزع من شيء إلا شانه)، واتە: نەرمو نیانی لەهەر شتێکدا ببێت، جوانی دەکات، لەهەر شتێکیشدا نەبێت، ناشیرینی دەکات). هەروەها دەفەرموێت: (من يُحْرَم الرّفق يُحرَم الخير). واتە: ئەو کەسەی بێ بەش دەکرێت لە نەرمو نیانیی، بێ بەش دەکرێت لە خێرو چاکە.[٦٩]

---

٦٨ صحيح البخاري، رقم الحديث : ٦٩٢٧.

٦٩ صحيح مسلم، كتاب البر والصلة، ژمارەی هەردوو فەرمودەکە: ٢٥٩٤، ٢٥٩٢.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بکەین کە لە قورئانی پیرۆزدا نەفرەت کراوە لە هەندێك تاقمی خەڵك، لەوانە جولەکە نەیارو خراپکارەکان، وەك ئایەتی: ﴿وَقَالُوا قُلُوبُنَا غُلْفٌ بَل لَّعَنَهُمُ اللَّهُ بِكُفْرِهِمْ فَقَلِيلًا مَّا يُؤْمِنُونَ﴾ البقرة/٨٨. وتیان: دڵمان پەردەپۆشە، بەڵکو بەهۆی بێ باوەڕییانەوە، خودا نەفرەتی لێکردن. هەروەها ئایەتی (النساء/٤٦)و (النساء/٥٢). هەروەها لە چەند جێگەیەکدا خوای گەورە نەفرەتی کردووە لە دووڕوان‌و بێ باوەڕەکان، لەوانە ئایەتی: ﴿وَعَدَ اللَّهُ الْمُنَافِقِينَ وَالْمُنَافِقَاتِ وَالْكُفَّارَ نَارَ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا هِيَ حَسْبُهُمْ وَلَعَنَهُمُ اللَّهُ وَلَهُمْ عَذَابٌ مُّقِيمٌ﴾ التوبة/٦٨، واتە: خودا بەڵێنی دۆزەخی داوە بە پیاوو ژنە دوڕووەکان‌و بێباوەڕان، هەمیشە تێیدا دەمێننەوە، ئەوە بەشیانە، خودا نەفرەتی لێکردوون‌و سزایەکی بەردەوامیان هەیە. هەروەها نەفرەتی خوا هاتووە بۆ ئەو کەسانەی ئازاری خوداو پێغەمبەرەکەی دەدەن، لە ئایەتی: ﴿إِنَّ الَّذِينَ يُؤْذُونَ اللَّهَ

وَرَسُولَهُ لَعَنَهُمُ اللَّهُ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَأَعَدَّ لَهُمْ عَذَابًا مُّهِينًا﴾ الأحزاب/٥٧. ئەوانەی ئازاری خوداو پێغەمبەرەکەی دەدەن، خودا نەفرەتی لێکردوون لە دونیاو ئاخیرەتدا. هەروەها نەفرەتی خوا هاتووە بۆ ستەمکاران لە سورەتی (هود/١٨)و بۆ درۆزنان لە سورەتی (آل عمران/٦١)و بۆ کوشتنی بە قەستی ئیماندار، لە سورەتی (النساء/٤)دا.

ڕاستە کە وشەی (لعن)و نەفرەت لەم ئایەتانەدا هاتووە، بەڵام ئەمە مافی خوای گەورەیە، نەك هەموو کەس، بۆیە بە فەرموودە قەدەغە کراوە، چونکە مافی خوا بۆ نەفرەتکردن لە کەسێك، مانای ئەوە نیە کە بەندەکانیشی هەمان ئەو مافەیان هەبێت، وەگەر نا پێغەمبەری خوا ﷺ موسڵمانانی لەو کارە قەدەغە نەدەکرد.؟

## ــ کەللەشەقیو عینادیی:

یەکێکی تر لەو صیفەتە ناشیرینانەی کە پێغەمبەر ﷺ لە خۆی دووری خسۆتەوەو هانی ئوممەتەکەشی داوە لێی دووور بکەونەوە، کەللەشەقیو سەرسەختیکردنە. لەم بارەیەوە فەرمویەتی: (إن الله لم يبعثني معنّتا ولا متعنّتا، ولكن بعثني معلّما ميسّرا).[70] واتە: خوای گەورە منی نەناردووە کەللەشەق بمو کەللەشەقیی بکەم لەگەڵ خەڵك، بەڵکو منی ناردووە بە مامۆستاو ئاسانکار. بنەڕەتی وشەی (عَنَت) بە مانای کەوتنە ناوکاری سەختە، مانای (تعنّت)یش بریتیە لەخۆخستنە نێوکاری سەخت، (تعنیت)یش بریتیە لەخەڵك خستنە ناو زەحمەت، هەردوو وەکو یەك حەرامن.

٧٠ صحيح مسلم، كتاب الطلاق، باب الإيلاء، رقم الحديث: ١٤٧٥.

ـ دەستدرێژیی:

قورئانی پیرۆز لە زیاتر لە ٢٦ شوێندا ئاماژەی داوە بە دەستدرێژیی لە مامەڵە لەگەڵ هەندێ بڕگەی شەریعەتدا، وەکو جۆرێك لە جۆرەکانی زیادەڕۆیی لە ئاییندا، ئەوەشی بە شکاندنی سنووری شەرعی خوداو دژەوانەی لێبوردەیی ئیسلامو ئەو سنوورانەدا داناوە کە بەرژەوەندیی خودی بەندەکانی خوای تێدا ڕەچاو کراوە.

خوای گەورە بڕیاری داوە کە دەرچوون لە سنوری خوا لە بوارەکانی تەڵاقو میراتو تۆڵەو ڕاوو وەصیەتو شایەتیی شەڕی دوژمن، دەرچوونە لە سنوری شەرعی خودا. بگرە خوای گەورە ڕێگەی گرتووە کە ڕقەبەرایەتی خەڵکێکی نەیار، بکرێتە بەهانەی شەڕکردن لەگەڵیان، دەفەرموێت: ﴿وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ أَن صَدُّوكُمْ عَنِ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ أَن تَعْتَدُوا﴾المائدة/٢. ڕقەبەرایەتی کەسانێکی تر کە ڕێی چوونە مزگەوتیان لێگرتن، واتان لێ نەکات کە دەستدرێژیی بکەن.

هەروەها حەرامکردنی ئەو شتانەی کە خوای گەورە حەلاڵی کردوون، بەدەستدرێژیکردنی داناون، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُحَرِّمُوا طَيِّبَاتِ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ﴾ المائدة/٨٧، واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، ئەو شتە باشانە لەسەر خۆتان حەرام مەکەن، کە خوا بۆتانی حەلاڵ کردوون، دەستدرێژیی مەکەن، خوا دەستدرێژکارانی خۆش ناوێت.

لەوە زیاتر دەرچوون لە سنوری نزاکردنیشی بە دەستدرێژیی داناوە، دەفەرموێت: (هاوار بۆ لای خوای پەروەردگارتان بەرن بە نهێنیو لالانەوە، خوای گەورە دەستدرێژکارانی خۆش ناوێت) (الأعراف/٥٥). خوای گەورە ئەمجۆرە خەسلەتەی وەك خەسلەتێکی قێزەونی جولەکەکان ناو بردووە، لەبەر ئەوەیش هەمیشە هۆی تۆڵەو مل پێکەچکردنی ئەوان بووە، خوای گەورە سێ جار گوتاری خۆی بەسەریاندا خوێندوەتەوە: (ئەوە بەهۆی تاوانو

دەستدرێژیی خۆیانەوە بووە)، هەروەکو لە سورەتی (البقرة) ئایەتی (٦١) دا هاتووە، لەگەڵ سورەتی (آل عمران) ئایەتی ١١٢ و سورەتی (المائدة) ئایەتی (٧٨)، لە کۆتاییشدا خوای گەورە هەموو دەستدرێژیی‌و شکاندنێکی سنورەکانی خۆی بەستەم لەخۆکردن داناوە، فەرمویەتی: (هەرکەسێ ئەوکارە بکات، ئەوە ستەمی لەخۆی کردووە) (البقرة/٢٣١).

(محمد ڕەشید رەزا) لە لێکدانەوەی ئەم ئایەتەدا دەڵێت: "..ئەو شتە باشانەی خوا بۆ ئێوەی حەڵاڵ کردووە، لەسەر خۆتانی حەرام مەکەن‌و زیادەڕەویش مەکەن. وشەی (اعتداء)دوو شت دەگرێتەوە: زیادەڕەویی لە خودی شتەکەدا، ئەوەش بە واتای شکاندنی ئەو شتە بۆ شتێکی تر، کە لە ڕەگەزی ئەو نیە، خوای گەورە (مەفعول)ی لە ئایەتەکەدا لابردووەو نەیفەرمووە (فلا تعتدوا فیها) یان (فلا تعتدوها)، بۆ ئەوەی دوو شت بگرێتەوە: دەستدرێژیکردن بۆ حەڵاڵەکان لەخۆیدا یەکێکە لە کارە ناپەسەندەکان،

دەستدرێژیی دووەمیش بە زیادەڕۆیی دەبێت، چونکە لابردنی (مەفعول)ەکە بۆ گشتاندنە.

خۆ ئەگەر حەزی زیادەڕۆییو فرەڕۆیی لە نەریتو خووی مرۆڤەکان بێت، لە هەموو کاروبارەکانیاندا، ئەوجا شتێك نابێ بەبێ بادانەوە بەلای زێدەڕۆیی تێیدا، هەروەکو حەزی کەمرەویش هەیە، هەندێ هاوەڵ ڕاوێژیان کرد بە پێغەمبەر ﷺ سەبارەت بە حەرامکردنی شتی باشو حەرامکردنی هاوسەرگیریی لەسەر خۆیان، هەندێکیشیان بەبێ ڕاوێژ وازیان لە هەندێك شت هێناو سەرقاڵ بوون بە ڕۆژووی ڕۆژو هەستانی شەوان، پێغەمبەر ﷺ ئەو شێوازەی لێی قەدەغە کردن. خوای گەورە ئەم ئایەتەو چەندین ئایەتی تری لە بارەیانەوە دابەزاند. ئەوەش بەهانەیە بەسەر توندڕەوانی ئەم ئایینەوە، ئەوانەی ڕێنومابییە پڕ لە لێبوردنەکانیان واز لێهێناوە بۆ توندڕەویی خەڵکانی پێشین."[71]

---

٧١ تفسیر القرآن الحکیم، (المنار)، محمد رشید رضا، ٧/ ١٨-٢٠.

ـ دانانی کۆتو بەند:

قورئانی پیرۆز ئاماژەی کردووە کە کاری پێغەمبەر ﷺ لە پاڵ کاری فەرمان بە چاکەو قەدەغەی خراپەو حەڵاڵکردنی باشەکانو حەرامکردنی خراپەکان، بریتیە لە شکاندنی ئەو کۆتو بەندانەی کە خەڵك لە سەردەمی نەفامیدا لەسەر خۆیان دانابوو، خوای گەورە دەفەرموێت: (ئەوانە کە شوێن پێی ئەو پێغەمبەرە نەخوێندەوارە هەڵدەگرن کە ناوەکەی بە نوسراویی لە تەوارت و ئینجیلدا دەبینن، فەرمانی چاکەیان پێ دەکاتو قەدەغەی خراپەیان لێ دەکات، شتە باشو پاکەکانیان بۆ حەڵاڵ دەکاتو پیسو خراپەکانیان لەسەر حەرام دەکاتو ئەو کۆتوبەندەیان لەسەر لادەبات کە پێشتر بەسەریانەوە بوو)، (الأعراف/ ١٥٧).

(أبوبکر ابن العربي) دەڵێت: (إصر) لە ئایەتەکەدا بە مانای قورسیی هاتووە، لە شەریعەتەکانی پێشوودا فەرمانی قورس دەدرا بەسەر خەڵکدا، ئەو قورساییانە لەسەر موحەممەد ﷺ

سووککران."[72] **پێشەوا** (قرطبي)یش دەڵێت: وشەی (الإصر) قورساییە. (مجاهد)و (قتادة)و (ابن جبیر)یش هەمان شتیان وتووە. وشەی (إصر) بەمانای پەیمانیش هاتووە، (ابن عباس) و (الضحاك) و (الحسن) بەم مانایە لێکیان داوەتەوە. ئەم ئایەتە دوو مانای لەخۆیدا حەشار داوە: نەوەی ئیسرائیل بەڵێنیان لێ وەرگیرا کە هەندێ کاری قورس ئەنجام بدەن، بە هاتنی موحەممەد ﷺ ئەو کۆتو پەیمانو کارە قورساییەیان لەسەر هەڵگیرا.[73] جا (مالك)و (الربیع) وتویانە: (الإصر) بریتیە لەکارێکی قورسو گران. (سەعید)ی کوڕی (جبیر)یش دەڵێت: مەبەست قورسیی کارە. (طبري) یش دەڵێت: بەڵگەی پێ دەهێنرێتەوە لەسەر نەبوونی حەرەجو تەنگەتاویی‌و تەنگەبەرییەك کە بە ڕواڵەت دژە

---

٧٢ أحكام القرآن، أبوبكر محمد القرطبي، دار الفكر. د.ت ، ٢/٧٩٥.

٧٣ الجامع لأحكام القرآن، أبو عبد الله القرطبي، بيروت، ١٩٩٥، ٣٠٠/٧.

لەگەڵ ئایینی ڕاستو لێبوردە، ئەوەش شتێکی دیارو ئاشکرایە". [٧٤]

لێرەوە خوای گەورە لە دوا ئایەتی سورەتی (البقرة)دا هەواڵمان پێدەدات کە هیچ فەرمانێکی لەتوانابەدەر نادات بەسەر کەسدا. هەروەها فێری کردووین کە داوای لێ بکەین بمانبەخشێت لەسەر شتێك لەبیرمان بچێت، یان هەڵەی تێدا بکەین. هەروەها فێری کردووین کە هیچ کۆتو بەندێکمان لەسەر دانەنێت، هەروەکو چۆن لەسەر ئوممەتو میللەتانی تری پێشینی دانابوو. خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا اكْتَسَبَتْ رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَا إِن نَّسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا رَبَّنَا وَلَا تَحْمِلْ عَلَيْنَا إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِنَا رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِ وَاعْفُ عَنَّا وَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا أَنتَ مَوْلَانَا فَانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ﴾ البقرة/ ٢٨٦.

---

٧٤ تفسير القرطبي: ٤٣٢/٣.

واتە: خوا فەرمان نادات بەسەر هیچ کەسێکدا، مەگەر ئەوەندەی کە لە توانایدا بێت. ئەوەی دەستی دەخات بۆ خۆیەتی، هەر بارێکی دا بە کۆڵی خۆیدا، لەسەر خۆیەتی. ئەی پەروەردگارمان! لێمان مەگرە کاتێك شتێکمان لەبیر چوو، یان هەڵەمان کرد. پەروەردگارمان! هیچ بارێك مەدە بەسەرماندا، وەکو دات بەسەر میللەتانی پێش ئێمەدا. ئەی پەروەردگارمان! بارێك مەدە بە سەرماندا کە لە توانامان بەدەربێت، لێمان ببورە، لێمان خۆشبە، بەزەییت بێتەوە پێماندا، تۆ فریادڕەسی ئێمەیت، سەرمانخە بەسەر بێ باوەڕاندا.

لەم زەمینەیەدا لە عائیشەی دایکی بڕوادانەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەگێڕنەوە: جارێکیان پێغەمبەر ﷺ چوو بۆ ژوورەکەی عائیشە، ژنێکی لەلابوو، فەرمووی: ئەوە کێیە؟ وتی: فڵانە کەسە، لەبەر نوێژیی زۆری، باسی دەکرێت، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: لەسەرخۆ بن، ئەوەندە پەرستش بکەن کە پێتان دەکرێت. سوێند بێ بەخوا، ئەو بێزار نابێت،

هەتا ئێوە بێزار نەبن. باشترین جۆری ئایینداریی لای پێغەمبەرﷺ ئەوە بوو کە خاوەنی زۆرترین بەردەوامیی بکات لەسەری.[٧٥] (ابن حجر) دەڵێت: "یانی کارێك بکەن لە تواناتاندا بێت، واتە: ئەو جۆرە کارانە بکەن کە بتوانن بەردەوام بن لەسەری. ماناکەی ئەوەیە دەبێت لە خواپەرستیدا شتێك بکرێت کە لە سنوری توانادا بێت، هەروەها وازهێنان لەهەر شتێکی لەتوانا بەدەر.[٧٦]

بەم شێوەیە ڕوون دەبێتەوە کە قورئانو سوننەت بە وردو درشتیی، باسی ماناو لێکەوتەو داخزانەکانی زیادەڕۆییان کردووە. لە سۆنگەی وەصفکردنی ئوممەتی ئیسلام بە ئوممەتی میانە، لابردنی تەنگەتاویی لەسەر ئوممەت لە یاساکاندا، لابردنی بارقورسیی لەسەر خەڵكو ڕێگەنەدان بە

---

٧٥ صحيح البخاري، كتاب الايمان، باب أحب الدين الى الله أدومه، بە ژمارە: ٤٣.

٧٦ فتح الباري، للعسقلاني، ١/٢٩٨ .

سنوورشکێنی بە هەموو جۆرەکانیەوەو دەستدرێژیی‌و بارگرژکردنی خەڵك‌و کاری لەتوانابەدەرو ملەجەڕێ لەگەڵ ئاییندا، گرانکردنی شت لەسەر خەڵك‌و تۆراندن‌و تاراندیان‌و توندوتیژیی‌و دڵڕەقیی‌و کەللەشەقی‌و سەرسەختی‌و چەندینی تر. لە بەرامبەریشدا فەرماندان بە هێمنییء نەرم‌و نیانیی‌و ئاسانکاریی‌و مژدەدان‌و چێژوەرگرتن لە خۆشیی‌و جوانیی‌و حەڵاڵ لە هەموو شتێکدا.

بەڵام دەبینین بەشێکی زۆری موسوڵمانان پابەند نین بەم ئاراستەو ئامۆژگارییانەوە، بەڕێی ئەو ڕێنماییانەدا ناڕۆن، جا بە هۆی ترازان‌و زیادەڕەویی بێت، یان کەمڕەوی، یان بەخۆجەڕاندن، یان چەپاندنی خەڵك. جا ئەوە لە بواری ڕونکردنەوەی حوکمەکاندا بێت، یان لە بواری پیشاندانی مەبەستەکانی شەریعەت، یان لە بواری بانگەوازدا بێت بەرەو ئیسلام، یان لە بواری ڕووبەڕووبوونەوەو هەڵسەنگاندنی کەسانی تردا بووبێت.

لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر بانگخوازانی ئیسلامو دامو دەزگا بانگەوازییەکان، بەشێوەیەکی گشتیی، ئەو زاراوەو مەسەلانە ڕوون بکەنەوە کە ئاماژەمان کرد بەهەندێکیان و چەندین پرسی تری پەیوەندیدار بە بابەتی زیادەڕۆییەوە، بۆ ئەوەی ڕووخساری ڕاستەقینەی ئیسلام دەربکەوێت، بێ شلڕەویی و کەمو کورپیی و کورتهێنان، یان زیادەڕەویی توندڕەوان. هەروەها بۆ ئەوەی دوژمنانو نەیارانی ئیسلام ئەو کونو کەلەبەرانە نەقۆزنەوە بۆ لاوازکردنی متمانەی موسوڵمانانو کەسانی تر، بەو ئایینەیان کە خوا وەك دوا ئایین بۆی پەسەندکردن.

زانست

# بەشی پێنجەم

## ڕۆڵی پیلانی ناحەزانی ئیسلام

## لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی توندوتیژیی

سەرەتای سەرهەڵدانی توندوتیژیی لە مامەڵەی نێوان سەرکردەو دەسەڵاتی ئیسلامیی لەگەڵ خەڵکیدا، لە سەردەمی خەلیفە عوسماندا بە شێوەی یەکلایەنە سەری هەڵدا. واتە کاتێك عوسمان –خوا لێی ڕازی بێت– والییەکانی گۆڕیو (مەروانی کوڕی حەکەم)ی کردە وەزیری خۆی، ژمارەیەك صەحابە ناڕازی بوون.

لەم کاتەدا ئەوانەی لە عوسمان بەبیانوو بوون، ئەو بۆشاییەیان قۆستەوەو مەرجی زۆریان سەپاند بەسەریدا، بەتایبەتی داوای گۆڕینی والییەکان. کاتێك ئەویش ئەمەی پێ نەکرا، داواکەیان بەرز کردەوە بۆ گۆڕینی خۆیو لەسەرکارلادانی. دیارە ئەویش تەسلیم بەم گوشارانە نەبوو، بۆیە ئەو کارەساتە ڕووی داو هێرش کرایە سەر شاری مەدینە. ئەویش داوای کرد کەس داکۆکیی لێ نەکاتو کەس شەڕ نەکات، بۆ ئەوەی خوێن نەڕژێت، بەڵام لە کەشو

هەوایەکی ئالۆزو پڕ لەپشێویی شارەکەدا، پێشەوا عوسمان زۆر بێنازانە شەهید کرا.[77]

دواتر کە عەلی (خوا لێی ڕازی بێت) بوو بە خەلیفەو ناکۆکییەکان قوڵبوونەوە، هەندێك لەو تاوانکارە بکوژانەو کەسانێکی تر کە چوونە پاڵیان، ورکیان گرت کە دەبێ پێشەوا عەلی بکوژانی عوسمان دیاری بکاتو تۆڵەی بکاتەوەو بیانکوژێ، ئەویش ڕایگەیاند: کە عوسمان لە پشێویدا کوژراوەو بکوژەکان دیار نین، سەرەنجام لیژنەی (تەحکیم)ی لێ کەوتەوەو هەرئەوانە حوکمی کوفری عەلیو لیژنەی حەکەم –(ئەبوموسای ئەشعەری)و (عەمری کوڕی عاص)–یشیان ڕاگەیاند. دواتر ئەمانە بوونە توخمە پێکهێنەرەکانی گروپی ناسراو بە (خەواریج)و خۆشیان چەندین بەشو لقیان لێ بوەوە، بەبۆچوونو بیروڕای جیاجیاوە.

---

[77] درێژەی ئەم ڕووداوە لە (الكامل فى التاريخ) ی (ابن الاثير)، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ١٩٨٩، ٣٤/٢٠، هاتووە.

**ڕۆڵی پیلانی ناحەزانی ئەو سەردەمە:**

بە خوێندنەوەیەکی خێرای مێژووی ئەو ڕووداوانە، هەر لێکۆڵەرێك دڵنیا دەبێتەوە کە ناحەزانی ئیسلام ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە لە دنەدانو گەرمکردنی ناکۆکییەکان. جگە لە دووڕووەکانی ناوخۆ، دوژمنی دەرەکیش هەلەکەیان قۆستۆتەوە، بەتایبەتی ئەم سێ لایەنەی خوارەوە:

**یەکەم:** یەکێك لەوانە (عبد اللە)ی کوڕی (سەبەء)ی سەرکردەی جولەکە بوو، شکانی جولەکە زۆر بێتاقەتی کردو بڕیاری دا کە بەدرۆو ڕواڵەت موسڵمانبوونی خۆی ڕابگەیەنێو لەژێرەوە هەوڵ بدات بۆ تۆڵەسەندنەوە، هەروایشی کرد، سەردانی ناوچە دوورەکانی وەك میصرو شامو عێراقی کردو دەستی کردە بانگەشە بۆ پێشەوا عەلیو ڕەواجی دا بە بیرۆکەی (وەصیەت بۆ عەلی)و (گەڕانەوەی پێغەمبەر) (درودی خوای لەسەر بێت)، هەمان ئەو بیرۆکەیەی کە مەسیحییەکان بۆ عیسا (علیه السلام) هەیانبوو.

ناوبراو قەناعەتی بۆ زۆرێك لە ئالو بەیت دروست کرد، کە پێشەوا عەلی ستەمی لێکراوە، تەنانەت گەیاندییە ئاستی

خوایەتی. لە سەرێکی ترەوە تاوی ئاگری ناکۆکیی نێوان عوسمانو هەندێك لە نەیارانی، دا.

**لایەنی دووەم:** ڕۆمانییە مەسیحییەکان بوون، کە پشێویی ناوچەکەیان قۆستەوەو لە ناوجەرگەی ئوممەتی ئیسلامیدا کەسێکیان بەناوی (جەهمی کوڕی صەفوان) دەستەمۆ کرد، کە پیلانەکانی ئەوان جێبەجێ بکات. ئەم جەهمە باشکاتبی کەسێك بوو بە ناوی (حارث) کوڕی (سورەیج) کە (١٢) ساڵی ژیانی لەناو مەسیحییەکاندا بەسەر برد بوو، بەڵام بەدرۆ خۆی بە کەسێکی خەمخۆر بۆ ئایین دەردەخست. ئەم کەسە دانەری مەزهەبی ناسراو بە (جەهمیە)یە، کە دواتر بووە ڕێڕەوێکی فکریی لادەر لە ئیسلام.[٧٨]

هەروەها کەسێکی تر بەناوی (مەعبەدی جوهەنی) سەری هەڵدا، ئەویش دەسندەی مەسیحییەکان بوو، بەڵام بە ئاڕاستەو چاوساغیی کەسێکی تر بەناوی (سەوسەن)

---

[٧٨] بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (الفصل في الملل والأهواء والنحل، ابن حزم الأندلسي، دار الجيل، بيروت، ٩٨/٥)، هەروەها: (الفرق بين الفرق، عبد القاهر الجرجاني، دار الكتب، بيروت)، لا: ٢٥٨.

دەجووڵایەوە. ئەویش بەدیمەن موسڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاندو بۆچونەکانی لە گومان دروستکردن لەسەر ئیسلام بڵاوکردەوە، دواتر ئەمیش بووە سەرکردەی گروپێکی تر بەناوی (القدرية).[٧٩]

هەروەها مەسیحییەکی تر بەناوی (خداش) لە شاری کوفە، بەدرۆ موسڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاند، دواتر بەرەو خۆرهەڵاتو ناوچەی (مەرو) گەڕایەوە، لەژێر پەردەی ئیسلامدا چەندین بیروڕای چەوتو ناپەسەندی بڵاو کردەوە، واتای هەموو عیبادەتەکانی نوێژ و ڕۆژوو و حەجی گۆڕی.[٨٠]

ئەوەی دەیسەلمێنێ ئەمانە بە دنەدانو دەست لە پشتدانی مەسیحییەکانی ڕۆمان جووڵاونەتەوە، ئەوەیە کە هاوکات لەگەڵ ئەم دزەکردنو پیلانانە لە سەروبەندی پێش شەهیدبوونی عوسماندا، (قوستەنتین) کوڕی (هەرقل)ی

---

[٧٩] بڕوانە: تهذيب التهذيب، ابن حجر العسقلاني، ١٠/ ٢٢٥.

[٨٠] الكامل، ابن الأثير، ٣/ ٣٥٢.

پادشای ڕۆم، به هەزاران سەربازەوە ویستی پەلاماری موسڵمانان بدات، بەڵام نەیتوانی.[81]

**لایەنی سێیەم:** فارسە مەجوسییەکان بوون، کە تیاچوونی شان‌وشەوکەتی (کیسرا)و (مەدائن)و تێکچوونی سنوورو سەرحەدەکانی عیراق‌و عەجەم، زۆر نیگەرانی کردبوون. بۆیە زۆرێکیان بە ڕواڵەت باوەڕیان هێنا، بەڵام لەژێرەوە بڕیاری تۆڵەیان داو بۆشایی نێوان عەلی‌و نەیارانیان قۆستەوەو کەوتنە باسی مەزلومیەتی ئال‌و بەیت‌و بانگەشە بۆ ڕەوایی داواکانی عەلی‌و حوسەینی کوڕی‌و شوێنکەوتووانیان.[82]

[81] الكامل في التاريخ، ابن الأثير ، ٢/ ٣٠٨.

[82] بڕوانە: (الفصل في الملل والأهواء والنحل، ابن حزم، ٢/٢٧٣).

**تاقمەکانو دیاردەی توندڕەویی فیکریی:**

ئەو گرفتە ناوخۆییانەی ئوممەتی ئیسلامی، کە لە ناوەڕاستی سەدەی یەکەمی کۆچییەوەو کەمێك پێشتریش لە ساڵی (٣٥ك)–ساڵی شەهیدبوونی عوسمانەوە– سەری هەڵداو لەلایەن نەیارانی ئیسلامەوە قۆزرایەوە، هەر لە دووڕوەکانەوە، تا جولەکەو مەسیحییەکانی ئەو کاتەو فارسە مەجوسییەکان – بوو بە هۆی چەندین دیاردەی کارو کاردانەوەی هەڵە، سەرەنجام چەندین گروپو دەستەو تاقمی فکریی‌و مەزهەبیی پەیدا بوون، هەندێکیان هەر لە سەدەی یەکەمدا تەواو بوون، هەندێکیان چەندین سەدە درێژبوونەوە. تەنانەت بیروبۆچوونی هەندێکیان دزەی کردە کلتورو فیکری ئیسلامیی‌و تا ئەم سەردەمەی ئێمەش جێی خۆی کردۆتەوە، وەك دیاردەی تەکفیر کردنو پەڕگیریی فکریی‌و مراندنی گیانی پێکەوەژیانو مامەڵەی ناشایستە لەگەڵ خاوەن ئایینەکانی ترو چەقبەستوویی‌و.. هتد.

ئەم باسی دەستەو تاقمانە دەیان کتێبیان لەسەر نوسراوە، لە سەردەمی شافعییەوە کە ساڵی (١٥٠ك) وەفاتی کردووە، تا سەدەی سێیەمو چوارەمو دواتریش، وەك:

(مقالات الإسلاميين)ى (أبو الحسن الأشعرى) (٣٣٠ ك)، (الفرق بين الفرق)ى (عبد القاهر البغدادي)، (٤٢٩ ك)، (الفصل في الملل والأهواء والنحل)ى ابن حزم، (٤٥٦ ك)و (الملل والنحل)ى (شەهرستانى)، (٥٤٨ك).

ئەم کتێبانەو هاوشێوەکانیان زۆربەیان لە هەندێك ڕووەوە لەسەر میتۆدێکی نازانستیی نوسراون‌و لە باسی ئەژمارکردنی گروپ‌و تاقمەکاندا، کەوتوونەتە گێژاوی پشێویی‌و هەڵەو ناڕوونی. بۆ نمونە: (أبو الحسن الأشعري) باس لە دە فیرقەی سەرەکیی دەکات، پاشان لقەکانی هەریەکەیان دێنێت.[٨٣] لە کاتێکدا (ابن حزم) باس لە پێنج فیرقەی سەرەکی دەکات.[٨٤] بەڵام شەهرستانی باس لە (٧٦) فیرقە دەکات.[٨٥] زۆربەی ڕاڤەکارانی ڕیوایەتی (٧٣) فیرقەکەش، کەوتوونەتە هەڵەیەکی تری مەنهەجیی، کە ویستویانە لە ڕێی ناوبردن‌و ژماردنی فیرقەکانەوە، ژمارە (٧٣) کە دەربهێنن‌و

---

[٨٣] مقالات الإسلاميين: أبو الحسن الأشعري، ١/ ٦٥.

[٨٤] الفصل: ابن حزم، ٢/ ٢٦٥.

[٨٥] الملل والنحل: الشهرستانى، دار الفكر، ١٩٧٩، ١/٩.

ڕاستی بکەنەوە، هەرچەندە (شەهرستانی) لە هەموویان زانستییانە تر چۆتە باسەکەو خۆی دەقاودەق دەڵێت: "ئەم ژماردنانە، یاسایەکیان نیە کە پشتی بە دەقێك بەستبێت، ڕێسایەکیشیان نیە کە بوونی ئەو ژمارانە پشتڕاست بکاتەوە."[٨٦]

ئەوەی گرنگە لەم بڕگەیەدا بیلێین، ئەوەیە کە هەموو ئەو دەستەو تاقمانە تووشی دەردی (غلوّ)و زیادەڕەوییو لادانی مەنهەجیی بوون، هەریەك بەجۆرێكو هەر کام لە لایەنو ڕەهەندێکەوە. هەندێکیان لەلایەنی ناسینی خواو بابەتە غەیببیەکانەوە، هەندێکی تریان لە پەرستشو کارە عبادەتییەکاندا، هەندێکی تر لە ئەحکامو هەڵسوکەوتو مامەڵەکردندا. کەسێکی وەك (ابن حزم) نمونەی هەموو ئەو لادانو پەڕگیرییانەی فیرقەکان باس دەکات.[٨٧]

---

[٨٦] الملل والنحل: الشهرستاني، ١/٩.

[٨٧] بۆ نمونە بڕوانە: (الفصل في الملل والأهواء والنحل)، ٢/ ٢٧.

زانست

# بەشی شەشەم

## تایبەتمەندیی میانەڕەویی ئوممەتی ئیسلامو ڕەهەندەکانی میانەڕەوی

**پێناسی توندڕەویی لە ئاییندا:**

زیادەڕەویی لە ئاییندا بریتییە لە دەرچوون لە سنور، لە بیروباوەڕو پەرستش‌و گوفتارو کرداردا، بە فرەڕۆیی‌و زیادەخستنە سەر، یان بە لێکردنەوەو کەم‌و کورتی تیایدا، جا بە هۆی نەزانین‌و خراپ تێگەیشتنەوە بێت، یان بە هۆی توندڕەویی‌و دەمارگیرییەوە بێت بۆ ڕایەکی دیاریکراو.

## واتای وشەی (وسط) لە زمانی عەرەبیدا

وشەی (الوسط) لەزمانی عەرەبیدا چەند مانایەکی نزیك بەیەك دەگەیەنێت. (راغب ئەصفهانی) دەڵێت: (وسط الشيء): بە ناوەڕاستی شتێك دەگوترێت کە هەردوولاکەی وەکو یەك بن. هەندێکجاریش بەشتێك دەگوترێت کە دوو لای خراپی هەبێت، وەکو بەخشندەیی، کە میانەییە لە نێوان چاوچنۆکیی‌و دەستبڵاویدا. یان بە میانەیەك بەکاردەهێنرێت کە دووربێت لە زیادو کەمیی‌و پێی وەصف دەکرێت، هەروەکو وشەی (السواء)، (العدل)، (الصفة)[88]، فەخرەدین (رازی) یش دەڵێت: (وسط) لە هەموو شتێکدا میانەترینیانە.

لێرەوەیە کە خوای گەورە لە ناساندنی تایبەتمەندیی ئوممەتی ئیسلامدا دەفەرموێت: ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا﴾

---

٨٨ مفردات ألفاظ القرآن، الراغب الأصفهاني، ص: ٨٧١.

البقرة/١٤٣، واتە: بەو شێوەیە ئێوەمان کردە ئوممەتێکی میانە، تا ببنە گەواهیدەر بەسەر خەڵکییەوەو پێغەمبەریش ببێتە شایەت بەسەر ئێوەوە.[٨٩] (ابن منظور) دەڵێت: (وسط) بە مانای (نێوەند)ە، (حسن البصری)ش دەڵێت: باشترین کار، میانەکەیانە.[٩٠]

باشترین کەسێك ڕاڤەی قورئانی پیرۆزی کردبێت –پاش قورئان خۆی–و دەرکەوتەو ماناکانی لێکدابێتەوە، خودی پێغەمبەری خوایە ﷺ کە کاتێ ئەو ئایەتەی خوێندەوە –هەروەکو لە(صەحیح)دا هاتووە– فەرمووی: (وسط) بە مانای (عدل)ە[٩١].

عەسقلانی لە شەرحی ئەم فەرموودەیەدا دەڵێت: "(تەبەری) دەڵێت: پێم وایە کە مانای (وسط) لە ئایەتەکەدا:

---

٨٩ بڕوانە: مجمع مقاييس اللغة، أبوالحسن بن فارس، دارالكتب العلمية، إيران، ١٠٨/٦.

٩٠ صحيح البخاري، كتاب التفسير، باب (وكذلك جعلناكم أمة وسطا)، ژمارە: ٤٤٨٧.

٩١ هەمان سەرچاوەو ژمارەی سەرەوە.

ئەو بەشەیە کە دەکەوێتە نێوان هەردوو لاکەوە. ماناکەشی ئەوەیە: ئەوان لە نێواندان، چونکە نێوەندی ئاییینیان گرتووە. وەکو تاقمە نەصرانیەکان زیادەڕۆییان نەکرد، وەکو جوولەکەش شلڕەوییان نەکرد، بەڵکو ئەوان خەڵکی میانەو مامناوەند بوون، دەڵێم -گوتەکە هی عەسقەلانییە- مەرج نیە وشەی (وسط) لە ئایەتەکەدا بۆ مانای (توسّط)یش گونجاوبێت، بەمەرجێ مەبەست پێی ماناکەی تری نەبێت وەکو لە فەرموودەکەدا هاتووە، بۆیە دژەوانەیی نیە لە نێوان فەرموودەکەو مانای ئایەتەکەدا.[٩٢]

کەواتە بەپێی مانای ئایەتە قورئانییەکە بێت: (بەوشێوەیە ئێوەمان کردە ئوممەتی میانە، بۆ ئەوەی ببنە شایەت بەسەر خەڵکەوەو پێغەمبەریش شایەت بێ بەسەرتانەوە)، پێویستە ئوممەتی ئیسلام خەصڵەتی میانەیی پێوە بێت، بۆ ئەوەی بەکاری شایەتی هەستێت بەسەر خەڵکەوەو حوججەتی خودایی تەواو بکات بەسەر خەڵکەوە. گەیاندنی ئایین بەو شێوازەی خوای گەورە دەیەوێت، چونکە خوای

---

٩٢ فتح الباري، شرح صحيح البخاري، العسقلاني، ١٩٣٩/٢.

گەورە بۆ هەموو شتێك ئەندازەی داناوەو ئەندازەسازیی بۆ هەمووکارێك کردووە، واتە سنوری داناوەو فەرمانی داوە پابەندی بن، سنورشکاندنو دەستدرێژی کردنە سەریانی بە ستەم ناوبردووە، بۆیە ئەو (میانەیي)یە کە بڕیارێکی ئیلاهییە لە ئوممەتی ئیسلامدا لە هەموو بوارێکدا بەرجەستە بووە:

سەرەتا **لە بواری بیرو هزرەوە**: بە دوورکەوتنەوە لەو زیادەڕەوییەی شوێنکەوتووانی کیتابەکانی دی تێیکەوتن. پاشان لە **عیبادەتو پەرستشەکاندا**: بەحەرامکردنی چلەکێشییو سەرسەختیو توندڕەویی. هەروەها لە **حوکمەکانیشدا**: بە میانەییو هاوسەنگییو ئاسانکاریی.

پاشان ئەم (میانەیی)یە لە هەردوو ڕەهەندی شوێنو کاتی پەیامی ئیسلامیشەوە بەرجەستەبوو: لەو (**جێکەوتە جوگرافییە**)ی کە وەحی تێدا هاتە خوارەوە بۆ سەر پێغەمبەری ئیسلام ﷺ، کە دورگەی عەرەبییەو بووە جێژوانی هەموو دەڤەرو وڵاتانی دونیا، لە نێو هەموو شارستانیەتییەکاندا، چونکە دەرچەی هەموو ئۆقیانوسو دەریالوشەکانەو ڕەوگەی ناوچەکانە. هەروەها سەنتەرە لە

نێوان ڕۆژهەڵاتیَ کە خۆی دەنوێنیَ لە چەندین وڵاتی زۆرو گەورەی وەك هیندستانو چینو وڵاتانی ئاسیاو باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو هی تریش، هەروەها ڕۆژئاواو باشور، کە لە وڵاتانی زۆری ئەوروپاو ئەفریقیادا خۆی دەنوێنێت.

لە ڕووی (**قۆناغە مێژوویەکەشەوە**) دیارە، کە کۆتایی ڕۆڵی پەیامە خوداییە ناوچەییە تایبەتەکانە **بە** گەلانەوە. هەروەها کۆتاهاتنی هەموو لادانەکان لە بیروباوەڕی خەڵکداو پێویستیی هاتنی شەریعەتێکی کۆتاییو پێگەیینی ئامادەیی عەقڵی مرۆڤایەتییو سازگاریی هاتە کایە، بۆ وەرگرتنی دوایین پەیامی تێروتەواوی خودایی.

پاشان ماناو هێماکانی ئەو (**میانەیی**)و وەسەتییەتە لە چەند ئایەتێکی تردا ڕوون کراونەتەوە، لە چەندین بواری جۆراوجۆریشدا، بۆ نمونە خوای گەورە دەفەرموێت: (لە نوێژەکەتدا، نە زۆر دەنگ بەرز بکەرەوە، نە زۆر نزمیشی بکەرەوە، لەو نێوەندەدا ڕێگەیەکی تر هەڵبژێرە) الإسراء/ ١١٠، هەروەها دەفەرموێت: (لە ڕۆیشتندا میانە بڕۆ، دەنگیشت نزم بکەرەوە) لقمان/١٩، هەروەها دەفەرمویَ:

(دەستت لە گەردنت توند مەکەو بەربڵاویشی مەکەرەوە)، الإسراء/ ٢٩.. هەتا دوایی.

پێشەوا (شاطبي) دەڵێت: "شەریعەت لەسەر ڕێگەی میانەو ڕێكو دروستە، چونکە وا دەخوازێت، واتە میانەو ناوەڕاستی هەردوولاکەی گرتووە، بێ شکان بەلایەکدا. ئەوەش دەچێتە ژێر توانای بەندە، بە بێ شەکەت بوون، یان خاوبوونەوە، بگرە ئەوە فەرمانێکە بە شێوازێکی زۆر میانەییانە هاوسەنگیی ڕاگرتووەو لوتکەی دادگەریی لە هەموو موکەللەفەکان دەخوازێت. خۆ ئەگەر حوکمە شەرعییەکە بۆ مەبەستی لادانی بەندە بێت، یان تەنها گومانی لادانی لەسەر ڕێگەی ڕاست، تێدا بکرێت، ئەوە حوکمەکە خۆی موکەللەف دەگێڕێتەوە بۆ خاڵی میانە ڕێكو دروستەکە، وەك کاری پزیشکێکی بەبەزەیی، کارێك بۆ نەخۆشەکە دەکات کە گونجاوی بێت، بەپێی بارودۆخو هێزو لاوازیی نەخۆشییەکەی. کاتێکیش تەندروستیی جێگیر بوو، بۆ هەموو بارو حاڵەتەکانی، ڕێگەچارەیەکی میانەو شیاوی بۆ ساز دەکات."

هەروەها لە وەصفی شەریعەتی ئیسلامدا وتوویەتی: "کە لە ڕێسایەکی گشتیی شەرعیی ورد دەبیتەوە، دەبینیت کە لەسەر باری ناوەندو میانە وەستاوە، بۆیە هەرکات بینیت بادانەوە بەلایەکدا هەیە، ئەوە بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی ڕووداوێك، یان شتێکی چاوەڕوانکراوە. بۆنمونە: لایەنی توندکردنەوە (تشدید)-کە بەگشتیی بۆ ترساندنو وریا کردنەوەو هەڕەشەکردن دەبێت- لە بەرامبەر کەسێکدا بەکاردەهێنرێت کە شلگرتنو خاوبوونەوەی ئایینیی بۆ دروست بووە. هەروەك لایەنی هێورکەرەوە (تخفیف)یش - کە زۆربەی کات بۆ ئومێدبەخشینو هاندانو مۆڵەتدان دەبێت- لەبەرامبەر کەسێکدا بەکاردەهێنرێت کە بەهۆی سەختگیرییەوە تووشی ناڕەحەتییو حەرەج بوویێت. خۆ ئەگەر نە ئەویان بێتو نە ئەمیان، دەبینی کە (حوکمەکە) میانەی گرتووەو ڕێكو دروستە، ڕێچکەی میانەڕەویش ڕوونو ئاشکرایە، هەر ئەوەش ئەو بنەڕەتەیە کە پشتی پێ دەبەسترێتو ئەو قەڵایەیە کە پەنای بۆ دەبرێت."[٩٣]

---

[٩٣] الموافقات في أصول الشريعة: أبو إسحاق إبراهيم بن موسى

نزيك بەو مانايە پێشەوا (ئەوزاعی)ش دەڵێت: "فەرمانێك نیە خوای گەورە فەرمانی پێدابێت، مەگەر شەیتان بە دوو صیفەت دژایەتی دەكاتو بێباكە هەركامێكیان كاریگەریی هەبێت، ئەو دووانەش: زیادەڕۆیی (غلوّ)ە، لەگەڵ كەمو كوڕیی. (وهب)ی كوڕی (منبّة) دەڵێت: هەموو شتێك دوو جەمسەرو ناوەندێكی هەیە، كاتێك كەسێك جەمسەرێكی گرت، جەمسەرەكەی تر خوار دەبێتەوە، خۆ ئەگەر دەستی بە ناوەندەوە گرت، هەردوولا ڕێك ڕادەوەستن، پێویستە لەسەرتان هەمیشە لە ناوەندەوە شتەكان بگرن."[٩٤]

بۆیە پێشەوا عەلی كوڕی (ابو طالب) باش وەصفی ئوممەتی ئیسلامی كردووە كە دەڵێت: "چاكترینی ئەم ئوممەتە ئەوانەن شێوازی میانەیان گرتووە (میانەڕەون)، چونكە ئەو كەسەی دواكەوتووەو بە دوادا هاتووە، پێیان دەگاتەوە، ئەو كەسەش زیاد ڕۆچووەو توندڕەوەو تێپەڕیوە، دەگەڕێتەوە بۆ لایان. لە وتەیەكی تریشدا

---

الشاطبي، (ت٧٩٠ه)، دار المعرفة، بيروت، د، ت ٢/ ١٦٣-١٦٧

[٩٤] المقاصد الحسنة: السخاوي، ص: ٣٣٢.

وتوويەتی: "پێویستە لەسەرتان جۆری ناوەند بگرن، کە زیادەڕەو بۆی دەگەڕێتەوەو شلڕەویش بۆی بەرز دەبێتەوە."[٩٥] لەم وتەزایەدا ئاماژەیەکی ناسك هەیە بۆ ئەوەی کە ناوەند ئاسانتر دەستگیر دەبێت، هەر ئەویشە پڕاوەکان کۆدەکاتەوەو بەدوادا هاتوو دەگەیەنێتەوە بەناوەندو تێپەڕیوو زیادەڕۆش دەگێڕێتەوە.

بەو شێوەیە خوای گەورە ئوممەتی ئیسلامی کردۆتە ئوممەتێکی ناوەند، بۆ ئەوەی ببێتە باشترین ئوممەتێکی ڕێك لەنێوان زیادەڕۆیی‌و شلڕەویدا.هەروەها شەریعەتیشی کردۆتە شەریعەتێکی پڕ لە گیانی لێبوردەیی، بۆ ئەوەی ببێتە باشترین ڕێگاو خۆی لەو (صراط)ە دا ببینێتەوە کە خوای گەورە بە (مستقیم)و ڕاست وەصفی کردووەو دوورە

---

[٩٥] (رازی) لە (مختار الصحاح)دا باسی کردووە، ئاماژەشی داوە کە فەرمودەیە، بەڵام ڕاستتر ئەوەیە کە قسەی (عەلی)یە (ڕەزای خوای لێ بێت) بڕوانە: (مختار الصحاح)ی (رازی)، لا: ٦٨٠، هەروەها (إحیاء علوم الدین)ی (غەزالی)، ٨١/١.

له چەقبەستوویی‌و زیادەڕەویی. ویستی وابووە کە پێویستە هەموو تاکێکی موسوڵمان میانەیی بێت لە هەموو کارەکانیدا:

میانەڕەو بێت لە **بیروباوەڕیدا**، دووربێت لە زیادەڕۆیی جولەکەو نەصرانییەکان سەبارەت بە خواو صیفەتەکانی‌و پێغەمبەرانی.

میانەڕەو بێت **لەخواپەرستیدا**، بێ زیادو کەمکردن.

میانەڕەو بێت لە شێوازی **بانگەوازکردندا**، دووربێت لە زیادەڕەویی‌و کەموکوڕیی.

بەخشندە بێت، بێ **دەستبڵاویی‌و دەستنوقاوی**..

ئازابێت بێ **هەڵەشەیی**، یان **ترسنۆکی**.

له نێوەندی ترس‌و هیوادا بژی. **هاوسەنگیی** بکات لە نێوان حەزو سڵەمینەوەدا. **نێوەندی** دووجەمسەری خراپ بگرێت.. **ئاسانکار** بێت، نەك قورسکارو سەختگیر.

**هێورکەرەوە** بێت، نەك سەرسەختو کەللەشەق.

**مژدەدەر** بێت نەك تۆقێنەر، **نەرم‌ونیان** بێت، نەك دڵشکێن‌و توندوتیژ. **یەکتاپەرستی** ڕاست بێت، بێ سەرسەختیی‌و زیادەڕۆیی‌و وشکیی‌و ڕەقی. **پارێزەری** سنورەکانی خوا بێت، بێ دەستدرێژیی‌و تێپەڕاندن.

**پابەندبێت**، نەك دەست بەربدات، **لێبوردە** بێت، **سەربەرز** بێت، **هەرزەگۆ** نەبێت. كزو لاوازو سەرشۆڕ نەبێت، **هەڵەشەو** فیزن‌و لەخۆباییش نەبێت.

ئەو خەسڵەتە جوان‌و بەرزانە، صیفەتی (**خەیرییەت**) – واتە چاكترین بوون– دێنێتە دی، كە لەگەڵ صیفەتی (**وسطیة**)و میانەڕەویو (**شهودییەت**) دا، ئەو وێنە تەواوەی ئوممەتی ئیسلام پێكدەهێنن كە بۆ خەڵكی نێرراون. ئەو ئوممەتەی بە فەرمانی خوای گەورە شایەتە بەسەر خەڵكەوە.. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ﴾ آل عمران/١١٠، ئێوە باشترین ئوممەتن هاتبن بۆ خەڵك، هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطاً لِّتَكُونُواْ شُهَدَاء عَلَى النَّاسِ﴾ البقره/١٤٣: بەو شێوەیە ئێوەمان كردە ئوممەتێكی میانە، بۆ ئەوەی ببنە شایەت بەسەر خەڵكەوە.

ئەمانە چەند پایەیەكی تەواوكاری یەكترن: **چاكەخوازیی**، **میانەیی**، **شایەتیدان**، (الخيرية، الوسطية، الشهودية)، كە ئەم ئوممەتە موسڵمانەی پێ ناسراوە، پێشتر وا بووەو وا ناسراوە، پێویستە لەمەودواش هەروابێت، بۆ ئەوەی

سەربەرزییەکەی جارانی بۆ بگەڕێتەوەو سەرلەنوێ ژیارو شارستانییەتیەکەی بنیات بنێتەوە.

کەواتە، **میانەیی** پایەیەکی بنەڕەتییە بۆ هێنانەدی **هاوسەنگیی** پێویست لە نێوان لایەنە ماددیی‌و ڕۆحییەکەدا، لە نێوان عەقڵ‌و دڵدا، لە نێوان مافە تاکەکەسیی‌و کۆمەڵییەکاندا، لە نێوان کاروباری دونیاو ئاخیرەتدا.

لێرەوە دەردەکەوێت کە هەر زیادەڕۆییەك –جا لە چەمك‌و بۆچونەکاندا بێت، یان لە کردارو هەڵس‌و کەوتەکاندا– لادانە لە ڕەوتی تەرازووەکە، کە خوای گەورە دایناوە، هەروەها خۆدزینەوەیە لەدەستەبەرکردنی دادپەروەریی فەرمانپێکراو، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿...أَلَّا تَطْغَوْا فِي الْمِيزَانِ، وَأَقِيمُوا الْوَزْنَ بِالْقِسْطِ وَلَا تُخْسِرُوا الْمِيزَانَ﴾ الرحمن/٨–٩ ، واتە: سەروخوارپێکردن لە تەرازوودا مەکەن، کێشان‌و پێوانە بەدادگەریی ڕاگیر بکەن، تەرازووەش کەم مەکەنەوە.

زانست

# بەشی حەوتەم

## مەترسیدارترین ئاسەوارەکانی توندڕەویی

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُحَرِّمُوا طَيِّبَاتِ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ (٨٧) وَكُلُوا مِمَّا رَزَقَكُمُ اللَّهُ حَلَالًا طَيِّبًا وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي أَنتُم بِهِ مُؤْمِنُونَ﴾

المائدة/ ٨٧–٨٨

سەرەڕای ئەوەی هەموو فیرقەو گروپەکان پەتای توندڕەویی سەری تێکردن، بەڵام لە هەموویان مەترسیدارترین دیاردەی بەکافرکردنی موسڵمان (تەکفیر) بوو، کە یەکێك لە داهێنە ناپەسەندەکانی (خەواریج) بوو، چونکە ئەو حوکمە دەیان دەرهاویشتەی مەترسیداری لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی لێ کەوتەوە، وەك: شێواندنی شیرازەی کۆمەڵگەو خوێنڕشتن‌و حوکمدان بە کوشتن‌و جیاکردنەوەی هاوسەران‌و شێواندنی شیرازەی خێزان‌و دووبەرەکیی نانەوەو پەرتەوازەکردنی ئوممەت.

لێرەدا دەکرێ بڵێین: هەندێك لەو ڕاوبۆچونانەی تاقمەکانی سەر بە ڕەوتی (موعتەزیلە) بانگەشەیان بۆ کرد، دەچنە خانەی ئازادیی فکریی‌و تەنانەت دەوڵەمەند کردنی فکری ئیسلامیی، چونکە دەرکەوتەی مەترسیداری توندوتیژیی لێ نەکەوتەوە، لەبەر ئەوەی پەیوەندییان بە جۆری مامەڵەو

حوکمدان لەسەر کەسانی تر نەبوو، بەڵام ئەوەی (خەواریج)ی جیاکردەوە ئەو حوکمە مەترسیدارانە بوون کە بە تەکفیرکردن دەستی پێ کرد، بە حوکمی کۆیلەکردنو سەندنەوەی ئازادییو حەڵاڵکردنی سامانو گیانو کوشتنو هەموو جۆرەکانی توندوتیژیش، کۆتایی پێ هات.

ئێمە وەك وتمان قسە لەسەر ئەو بەشە لە پەڕگیرییو (غلوّ) دەکەین، کە کاریگەریی لەسەر پێکهاتەو شێوازەی کۆمەڵایەتی هەبوو، واتە ئەو بەشەی کە توندوتیژییو کوشتارو پەرتەوازەیی لێکەوتەوە. ئەگەرنا ڕەهەندەکانو پانتایی توندڕەوییو لادان، بەتانوپۆی هزرو بیرو گوفتارو کرداری شوێنکەوتووانی ئەو گروپو تاقمانەدا شۆڕ بۆتەوە.

نمونەی پەڕگیرییەکان زۆرن، بۆیە ناچارم تەنها پێڕستێکیان بخەمە ڕوو:

لە ناسینی خوادا: تێگەیشتن لێیو خواناسیی دروستیان شێواند.

لە ڕێزگرتنی پێغەمبەردا: لە مرۆڤبوون دەریان کردو سنووریان بەزاند.

له مامەڵەکردن لەگەڵ قورئاندا: ئاڕاستەکانیان ئاوەژوو کردەوە.

له ڕێزگرتنی پیاوچاکاندا: له بازنەی ئاسایی مرۆڤایەتیی دەریانکردن.

له پەرستش‌و عیبادەتەکاندا: صەدان بیدعەو داهێنراوی دژە قورئانیان هەڵبەست.

له شێوازی بانگەوازکردندا: ڕێسا قورئانییەکانیان فەرامۆش کرد.

له مامەڵه لەگەڵ بەرامبەرەکاندا: حوکم‌و مەوداکانی (جهاد)و (قتال)یان تێکەڵ کرد.

له فەرمان بەچاکەو قەدەغەکردنی خراپەدا: سوننەتی پێغەمبەریان پەیڕەو نەکرد.

له باسی (ولاء)و (براء)دا: چەمکەکانیان ئاوەژوو کردەوە.

له باسی تێگەیشتنی دونیاو نیعمەتەکاندا: سوننەته خواییەکانیان لەبیر چوویەوە.

بۆیە چەمکی (جیهاد)– که له بنەڕەتدا قورئان بۆ هەوڵ‌و تێکۆشانی زۆر له پێناو ئایینی خوادا بەکاری بردووە– قەتیس کرا له جەنگ‌و بەشێکی کەمی واتاکەیدا، بەمەرجێك چوارجار له قورئانی (مەککی)دا باسی هاتووە. هەروەها

چەمکی (ولاء) تەسککرایەوە لەدەستەبەندییەکی تەسكو حەقیقەتی خۆی ون کرا. مەودای (براء)یش لە دوورییگرتنەوە لە دوژمنان، فراوان کراو هەموو سنورەکانی پێکەوەژیانو بازنەی فراوانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیو مرۆڤایەتییەکانی خستە لاوە. سەرەنجام دونیا کرایە دوو بەرەی (دار الحرب)و (دار الأمان)، یان (دار الكفر)و (دار الإسلام)، ئەم دەستەواژانە – کە دەرهاویشتەی کەشێکی سیاسی تایبەت بوون– کرانە ئەدەبیاتو بەشێك لە پێکهێنەری باسو بڕگەکانی فیقهی ئیسلامی.

بۆیە حوکمی شەڕو بەرەوڕووبونەوەی بەرامبەریش، لە بەرگریی ئایینو وڵاتو خۆپارێزییەوە، گۆڕا بۆ سەپاندنی ئایینو تەنانەت دەسکەوتی سامانو دارایی. لەم لایەنەوە ڕیوایەتگەلێکی هەڵبەستراو دروستکران، گوایە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) فەرمویەتی: (بُعثت بين يدي الساعة بالسيف، وجُعل رزقي تحت ظلّ رحمي)![96] بۆیە بیری

---

٩٦ (مجمع الزوائد، الهيثمي،٥/٢٧٠). پێشەوا ئەحمەد دەڵێ: (عبد الرحمان کوڕی ثابت)– کە لە سەنەدەکەیدایە– ڕیوایەتەکانی ئینکار

زۆرەملێکردن لە خەڵکیی‌و سەپاندن – کە قورئان حەرامی کردبوو– تەئویل کرا. بڕیاری مامەڵەی (پڕّ)و (قِسْط)، چاکەخوازیی‌و دادگەریی لەگەڵ ناموسڵمانانی شەڕنەخواز، فەرامۆش کرا، حوکمی کوشتن لە بازنە تەسکەکەی (قصاص)و تۆڵەی شەرعی، گوێزرایەوە بۆ (مورتەد)و (نوێژنەکەر)و.. هتد. هەروەها دیاردەی بوونی دەنگی نەیارو ئۆپۆزسیۆنی سیاسی –کە لە سەردەمی خودی پێغەمبەری خواو بەشی زۆری خیلافەی چوار خەلیفەکەدا هەبوو– گۆڕا بە ڕێبازەکەی (خەواریج)و فتوای تەکفیرو بەکارهێنانی نادروستی (بەغی) و (بغاة) لە زۆربەی حاڵەتەکاندا.

هەروەها زۆر شت واتاو حیکمەت‌و فەلسەفەی لەدەستداو بیرکردنەوەو تێگەیشتنی (مەقاصدیی) لە حوکمە

---

کراون. (نسائی)ش وتویەتی: ناوبراو جێی متمانە نیە. (ابن الجوزی)یش ریوایەتەکەی ڕەدکردۆتەوە، (ابن حجر العسقلانی)یش دەڵێت: "کەسێکی تێدایە بە کونیەی (ابو منیب) کە ناوی نەزانراوە" واتە نەناسراوە. فتح الباری، ابن حجر العسقلاني، ١١٦/٦. بەڵام بەداخەوە سەرەڕای ئەمانە زۆرجار لە وتارەکاندا طویَمان لیَ دەبیَت کە ئەم ڕیوایەتە وەك فەرموودە دەطیَڕِیَتەوە.

ئایینییەکان، تەنها لای دەستەیەك لە زانایانی موحەققیق مایەوە، کەدەنگیان نەدەگەیەنرایە دەسەڵاتو کاریگەرییان بەسنورداریی مایەوە.

ئەمانە هەرکام بە پشکی خۆی، کاریگەرییان هەبوو لەسەر شێواندنی زۆرێك لە حەقیقەتەکانی ئیسلام، سەرئەنجام تەمو مژ خستنە سەر فیکرو کلتوورو فیقهی ئیسلامیو ئیجتهادی زانایان.

بۆیە ئەم بابەتە زۆر ئاوکێشەو دەگەڕێمە سەر باسی ئەو بەشە لە دەرهاویشتەی ئەو پێشەکییانە کە بوونە هۆکاری گەشەی بیری توندڕەوییو توندوتیژیی لە بواری ڕووبەڕوو بونەوەو مامەڵەکردن لەگەڵ بەرامبەردا.

زانست

# بەشی هەشتەم

## هۆکارەکانی سەرهەڵدانی توندوتیژیی

## لە سەرەتای مێژووی ئیسلامەوە، تا ئەمڕۆ

## هۆکارەکانی سەرهەڵدانی توندوتیژیی

بە خوێندنەوەیەکی مێژووی ئەو دەستەو تاقمانەو قۆنەغەکانی گۆڕانکارییە فکرییو سیاسییەکانی سەدەی یەکەمو دووەمی کۆچی، دەگەینە ئەو سەرەنجامە کە گرنگترین هۆکارەکانی گەشەی بیری توندڕەویی لە ئاییندا، ئەمانەی خوارەوە بوون:

### یەکەم/ تەفسیرو ڕاڤەی هەڵەی دەقەکانی قورئای پیرۆز:

لەدێر زەمانەوە، ئەمە هۆکاری یەکەمی شێواندنی واتاکانی زۆرێك لە ئایەتەکانی قورئان بووە، کە دوور لە یاساو ڕێسا زمانەوانییەکانو دوور لە ڕۆحی قورئانو لایەنی (مەقاصد)ی حیکمەتی حوکمەکان، مانای هەڵەو نادروست بڵاوبوونەتەوە.

ئەو تەفسیرە هەڵەیە لە دەستەواژەی (إن الحكم إلا لله)وە دەستی پێکردو (خەواریج) دژی پێشەوا عەلی بەرزیان کردەوە، بەبێ ئەوەی لەجێی خۆیدا بەکاری بهێنن، بۆیە عەلی ناچار بوو کە بڵێت: (كلمة حق يراد بها باطل)، واتە:

وشەیەکی ڕاست و ڕەوایە، بەڵام مەبەستیان پێی، بابەتێکی ناڕەواو پووچە [97]

سەرچاوەو هۆی ئەم هەڵەتێگەیشتنەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی زانستی قورئانییو بێئاگایی لە یاساو ڕێسا گشتییەکان، واتە تێڕوانینی کورتبینو ڕواڵەتییو بەشبەش کراو، جێی تێگەیشتنی وردو مەقاصیدییو گشتگیریان گرتەوە.

**دووەم/ نەبوونی تەقواو لەخواترسان لە تەفسیرکردندا:**

ئەمەش وایکرد پەنابەرنە بەر چەماندنەوەی واتای هەندێك ئایەتو تەئویلو ڕاڤەی نادروست، بەپێی هەواو ئارەزووی خۆیان، یان بە مەبەستی تایبەت.

**سێیەم/ گرفتاربوونی فیرقەکان، بەکارو کاردانەوەی هەڵە:**

زۆربەی دەستەو تاقمەکانی سەدەی دووەمو سێیەمی کۆچیی، لەبەر دەمارگیریی دەستەییو مەزهەبیی، تووشی کارو کاردانەوەی هەڵە بوون. بۆ نمونە: (شامییەکان) کەوتنە پیاهەڵدانی میرو سەرکردەکانیان، تەنانەت هەڵبەستنی

---

[97] الكامل، ابن الأثير، ٣/ ٣٠٨.

ڕیوایەت دەربارەی گوێڕایەڵیی حاکمی ستەمکار، لەوەش زیاتر هەڵبەستنی فەرمودە بەدەم پێغەمبەری خواوە، کە گوایە فەرمویەتی: (الأمناء عند الله ثلاثة: أنا وجبريل ومعاوية). ![98]

لەکاردانەوەشدا (عیراقییەکان)– بەتایبەتی هەندێك لە دەستەو تاقمی ئاڵو بەیتی عەلەوییەکان– کەوتنە هەڵبەستنی دەیان ڕیوایەت لەسەر گەورەیی کەسایەتی ئاڵو بەیتو خزمانیان. بۆ نمونە: ئەم ڕیوایەتەیان هەڵبەستو بڵاویان کردەوە، گوایە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: (أنا الشجرة، وفاطمة أصلها، وعلي لقاحها، والحسن والحسين ثمرها).[99] یان فەرمویەتی: (أنت يا علي وشيعتك، أولئك هم خير البرية).[100] هەروەها دەیان نموونەی لەم بابەتە، کە لێرەدا جێی گواستنەوەیان نیەو خوێنەری بەڕێز دەتوانێت

---

[98] ئەم ڕیوایەتە هەڵبەست و دروستکراوە بڕوانە: الموضوعات، ابن الجوزي، دار الفكر، دمشق، ط ٢، ١٩٨٣، ١٧/٢.

[99] لسان الميزان، ابن حجر العسقلانى، بيروت، ١٩٧١، ٧٧/٤.

[100] تفسير الطبرى، ٦٥٧/١٢.

چاوێك بە كتێبانێكی وەك (بحار الأنوار)ی (مەجلیسی) و (أصول الكافی) (كولەینی)دا بخشێنێت، كە پێشەوایانی ئالو بەیتیان بردووەتە ئاستی پێغەمبەرانی (مرسل)، بگرە باڵاتریش!.[١٠١]

بەوجۆرە بەرامبەر (روافض)، (نواصب) پەیدا بوون، بەرامبەر (قدرية)، (جبرية) پەیدا بوون، بەرامبەر (معطلة)، (مشبهة) پەیدابوون. بەرامبەر قوتابخانەی ڕیوایەتو (أثر)، قوتابخانەی (رأي)، بەرامبەر (أصولییەكان)، ظاهری و (حەرفییەكان) پەیدا بوون.. هتد.

**چوارەم: لادانو ستەمی بەشێكی زۆر لە میرو سەركردەو كاربەدەستەكان:**

ئەم دیاردەیەش لە سەرەتاكانی حوكمی سەردەمی ئومەوییەكانەوە دەستی پێكرد، تا سەدە دواییەكانیش زۆرو كەم درێژەی هەبوو.

---

[١٠١] لە (أصول الكافی)دا بەش هەیە بە ناونیشانی: (باب أن الأئمة يعلمون ما كان، وما يكون، وأنه لا يخفى عليهم شيء)..!

**پێنجەم/ پیلان‌و دەستێوەردانی دوژمنانی ئیسلام:**

پێشتر لە بڕگەیەکی تایبەتدا ئاماژەمان پێ کردو نمونەشمان هێنایەوە.

**شەشەم/ هەندێك فتواو بۆچون‌و هەڵوێستی نادروست:**

هۆکارێکی زاتیی‌و تایبەتی درێژبونەوەی دیاردەی توندوتیژیی، تا سەدە دواییەکانیش، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فتواو بۆچون‌و هەڵوێستانە کە خزێنرایە ناو کۆگای فکری ئیسلامیی، چ لە تەفسیرەکاندا، چ لەڕاڤەی فەرمودەکاندا، چ لەسەرچاوە فیقهییەکاندا، کە هەندێکیان پشتیان بەو صەدان ڕیوایەتە هەڵبەستراوە دەبەست، کە ئاوێتە کران بە سەرچاوەکانی فەرمودە. بۆیە سەرەڕای هەوڵی زۆرو تاقەتپڕوکێنی زانایانی فەرمودەناس، نەتوانرا شەن‌و کەوێکی دروست‌و تەواو بکرێن‌و کتێبەکانی (سونەن)، (مەسانید)، (موصەننەفات)، (موعجەمات)و تەنانەت بەشێك لە (صحاح) یشیان لێ پاك بکرێنەوە.

بۆیە لە ئەنجامی ئەم هۆکارانەوە، زۆربەی چەمکەکان لە کۆنەوە تا ئێستا، شێوێنران‌و دەیان بیدعەو داهێنراو بەرگی

ئایین کرا بەبەریاندا، وەك لە سەردەمی هاوچەرخدا ڕۆژانە لەملاو لەولا ئەم نموونانەی خوارەوە بەچاوی دەبینین:

*دیاردەی (خۆکوژیی) داهێنراو بەرگی ئایین کرا بەبەریدا.

*(حوکمی قەزاو دادگا) خرایە لاوە، بە ناوی (جێبەجێ کردنی حدودی شەرع)ەوە.

*هەرکەسەو تاقمە بۆ خۆی ئیمارەتێکی دروست کرد، بەناوی حوکمکردنو جێبەجێکردنی شەریعەتەوە.

*هەر کەسە خۆی دەسەپێنێ بەناوی خەلیفەوەو بەیعەت وەردەکرێت لە خەڵکیی.

*یان داهێنانی دیاردەی تیرۆرکردن (اغتیال) کە هیچ دەقێکی قورئانو سوننەت بە ڕەوای نازانن و بە ناهەق بەڵگە بە کوشتنی سەرکردەکانی جولەکە (کەعبی کوڕی ئەشرەف)و (سەلامی کوڕی ابو الحقیق) دێننەوە، کە هەرگیز ناچنە خانەی تیرۆر، بەڵکو کوشتنیان جێبەجێکردنی حوکمی قەزا بووە، کە لەو کاتەدا لەلایەن پێغەمبەرەوە، وەك (تاوانباری جەنگ)، ناسێنراون.

## ٢- هۆكاره بنەڕەتییەكانی گەشەی توندڕەویی هاوچەرخ: خیانەتی ڕژێمە هاوچەرخەكان

ناتوانین بەشێوەی كتومت هۆكارەكان لە چەند خاڵێكدا ڕیز بكەین، بەڵام ئەوەندە دەتوانین لە هەردوو بازنەی زاتییو بابەتیدا، چەند هۆكارێك دیاری بكەین، بەدەر لە ڕادەو ڕێژەی كاریگەریی هەریەك لەو هۆكارانە:

**یەكەم: هۆكاره فكرییەكان،** كە ئاماژەمان پێكردن، لە تێگەیشتنی تاكبینانەو گرنگینەدان بە تێگەیشتنی (مەقاصدی)و بوونی (سەتحیەت) و (تەئویلی نازانستیی)و بێ ئاگایی لە زمانی عەرەبیو.. هتد.

**دووەم: هۆكاره دەروونییو كۆمەڵایەتییەكان،** وەك: نائومێدییو بێزارییو بێهیوابوون، سیاسەتە هەڵەكانی پەڕاوێزخستن، مەحرومیەتو بێبەشكردن، ستەمی جۆراوجۆری كۆمەڵایەتیو.. هتد.

**سێیەم: هۆكاره سیاسیو ئیدارییو حوكمڕانییەكان،** وەك: تاكڕەوییو دیكتاتۆریەتی زۆربەی ڕژێمەكان، نەمانی دادپەروەریی، تەسككردنەوەی ئازادییەكان، گەندەڵیی

دارایی‌و ئیداریی‌و ئەخلاقیی، بێزاریی لە کایە سیاسییە ناتەندروستەکان‌و.. هتد.

**چوارەم: خیانەت‌و گوێلەمشتی ڕژێمەکان بۆ دوژمنان.** لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەوە، دەیان بەڵگەنامە کەوتنە دەستی خەڵکی، کە لە زۆرێك لە وڵاتانی عەرەبیی، خیانەت لە ئایین‌و نیشتیمان‌و میللەت دەکرێ‌و سەرکردەکان دەبنە پیاوی بێگانەو داگیرکەران. بۆ نمونە: لە کتێبی (موجز تاريخ الشرق الاوسط)[١٠٢] هاتووە کە: "لە هاوینی ساڵی ١٩٥٤دا، حکومەتی میصر ئامادەیی گفتوگۆی دەربڕی، بۆ هاوکاریی سەربازیی‌و وەرگرتنی چەك لە ئەمەریکا، بەڵام بەمەرج گیرا بۆی، کە دەبێ ئەوە بەرامبەر ئیجرائاتی یەکلاکەرەوە بێت، بۆ لەناوبردنی کۆمەڵی (الإخوان المسلمون)!.

هەروەها کاتێك هەمان ساڵ پرۆژەی (جۆنستۆن) لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا دانرا بۆ دابەشکردنی ئاوی وڵاتی ئوردون لە نێوان سوریەو ئوردون‌و ئیسرائیل‌و لوبناندا،

---

[١٠٢] کەسێك بەناوی (جورج كيرك) کە وەرگێڕبووە نووسیویەتی‌و باس لە ماوەی شەڕی سارد دەکات.

ئاماژەی تێداکرا کە: بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە پێویستە (کۆمەڵی ئیخوان مسلمین) لەبەین ببرێت.[١٠٣]

## ٣- نمونەی خیانەتی ڕژێمە هاوچەرخەکان (میصرو سەردەمی (جمال عبد الناصر) بە نمونە)

جگە لەو بەسەرهاتە ترسناکانەی کە لە ساڵانی چلەکان تا کۆتایی شەستەکانی سەدەی بیست، بەسەر کۆمەڵگەی میصریدا هاتن، لە ڕوبەڕوبونەوەی دڕندانەی ڕژێمی میصر دژ بە کۆمەڵی برایان، کە دەیان کتێبی پڕلە تراژیدیای لەسەر نوسراوە. هەروەها جگە لە خیانەتە یەك لە دوایەکەکانی زۆربەی ڕژێمەکان، تا دەگاتە کودەتا سەربازییەکەی (سیسی)و قەسابخانەکەی گۆڕەپانی (ڕابیعە)و ڕەشبگیرییە ناڕەواکانو دادگاییە مەهزەلەکانی سەرکردەکانی (ئیخوان)و حیزبی عەدالە.

جگە لەمانە -کە زۆریان دەوێ تا بتوانین کەمترین حەقیان بدەینێ- لەم برگەیەدا تەنها ئاماژە بە سێ بەڵگەنامەی

---

[١٠٣] بڕوانە: الحكم وقضية تكفير المسلم، سالم البهسناوي، لا : ٢٤٧.

گرنگ دەکەم، کە خیانەتو بەکرێگیراویی دەسەڵاتدارانی میصر دەگەیەنن بۆ ڕژێمی زایۆنییو دوژمنان، کەدەبێتە بەشێکی سەرەکیی لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی توندڕەویی هاوچەرخ لە میصرو جیهانی عەرەبیدا.

## پوختەی بەڵگەنامەی یەکەم
## لە سەردەمی (جمال عبد الناصر)دا

لیژنەیەك لە سەرۆکی ئەوکاتەی حکومەت (زەکەریا محی الدین)وبەرپرسی موخابەراتو سەرکردەی (مەباحثی جنائی)و بەڕێوەبەری ئاسایشی کشتیی میصر، پێکهێنرا. دە جار کۆبوونەوە، دەیان ڕاپۆرتو داتاو زانیارییان تاوتوێ کرد، سەرەنجام نەخشەڕێی ڕوبەڕوبونەوەی (ئیخوان)یان لە چوار برگەو دەیان خاڵدا نوسییەوە، کە هەریەکەیان تەزوو بە گیانی مرۆڤدا دێنن، لە ڕووی دابەزینی ئاستی ڕەوشتو نەمانی هەستی مرۆڤایەتیی‌و بەهای نەتەوەییو دۆڕاندنی ئیرادەی نیشتیمانیی. چونکە ڕاپۆرتەکە بە ڕاشکاوانە باس لە چەند شتێك دەکات، کە دارمانی تەواوی هەستەکانیان دەگەیەنێت، وەك:

"ـ لابردنی مێژووی ئیسلامیی لە وانەکانی خوێندندا.

- یاساغکردنی تەواوی نوسراوەکانی ئیخوان مسلمین.
- ڕێگرتنی کەسەکانی ئیخوان لە چوونە دەزگاکانی سوپاو ئاسایش‌و پۆلیس.
- لێسەندنەوەی مۆڵەتی ڕەسمیی لە ڕێکخراوەکانیان.
- قەدەغەکرنیان لە چوونەدەرەوەی وڵاتی میسر.
- شێواندنی مێژوویان.
- بەئامانجگرتنی هاوسەرو کچانیان.
- تۆمەتتاشین، بە مەبەستی لە سێدارەدانی بانگخوازو بیرمەندانیان.
- ڕێگرتن لەبازرگانانیان‌و هەڕەشەی بەردەوام لەسەریان"

ئەمانەی سەرەوە، هەموو بە خاڵ‌و بڕگە لەو ڕاپۆرتەدا هەن.(!)

ڕاپۆرتەکەش لە دوادێریدا لەلایەن شەخصی (جەمال عبد الناصر)ی سەرۆك کۆماری ئەوکاتەوە، واژۆی لەسەر کراوە.[١٠٤]

---

[١٠٤] ئەو ڕاپۆرتە دۆزەخییە لە چەندین سەرچاوەدا بڵاو کراوەتەوە، وەك: (قذائف الحق) ی محەممەد غەزالی و (الحكم)ی (سالم

## بەڵگەنامەی دووەم

## نامەیەکی (ریتشارد.ب. میتشل)ی ئەمریکی بۆ سەرۆکی دەستەی نهێنیی دەزگای سیخوڕی ئەمریکیی (C.I.A)

لەو نامەیەدا، (ڕیتشارد) ئاماژە دەکات کە ئیسرائیل پێی وایە تاکە هێزی ڕاستەقینە کە دژی (ڕێکەوتننامەی ئاشتی) دەوەستێتەوە، (ئیخوان)ە، بۆیە ئیسرائیل داوا دەکات زۆر بە توندیی لەو کۆمەڵەیە بدرێت، پێش ئەوەی ڕێکەوتنامەکە مۆر بکرێت (!).

پاشان ئاماژە دەکات کە سیاسەتی لێدانی فراوانو بە گوژم لە سەردەمی (جەمال)دا هەڵە بووە، بۆیە دەبێ سیاسەتەکە بگۆڕێ بە شتی تر، وەك:

"ـ لەبەینبردنی کەسە ڕەمزو سەرکردەکانیان.

ـ تەماعخستنە بەر هەندێك لە کادیرانیان.

ـ سەرگەرمکردنی لاوانیان.

---

بەهنەساوی)، (في الزنزانة)ی جابر رزق، هەروەها نوسەری ئەم وتارە لەماستەرنامەکەمدا (الغلو فى الدين) هەموو بەڵگەنامەکەم هێناوە.

ـ قووڵکردنەوەی ناکۆکیی نێوانیان.

ـ ناشیرینکردنی سوننەتی محەممەد (!).

ـ گومانخستنە سەر سەرچاوەکانی ئیسلام.

ـ ڕێگرتن لە دیاردەی باڵاپۆشیی کچان.

ـ دابڕاندنیان لە ناوەندەکانی خوێندن و.. هتد.[١٠٥]

---

١٠٥ ئەم بەڵگەنامەیە لە ژمارە (٤٠٦)ی گۆڤاری (الدعوة)و کتێبی (في الدعوة والداعیة)ی عەلی جەریشەدا، بڵاوکراوەتەوە، بەڵام باڵوێزخانەی ئەمەریکا بەدرۆی خستۆتەوە.

## بەڵگەنامەی سێیەم

## لە سەردەمی (ئەنوەر سادات)دا

بەهەمانجۆر، ڕاپۆرتێکی دوورو درێژ، بە دەیان ڕاسپاردەو بڕیاری مەترسیدارەوە، نوسراوەو تیایدا ئاماژە کراوە کە تەنها (ئیخوان) مەترسین‌و دەبێت بە چەند هەنگاوو پلان‌و بەرنامەیەك، بەرەنگاریان ببینەوە، وەك:

"- جوڵاندنی ناوەناوەی بابەتی (توندڕەوی ئایینیی)و هاندانی توندڕەوەکان بۆ ئەنجامدانی چالاکیی‌و کاری توندوتیژیی. (!)

- هاندانی سەرکردەکانی (ئیخوان مسلمین) بەشێوەی ناڕاستەوخۆ، بۆ دەستخستنی چەك‌و تفاق‌و تەقەمەنی‌و ئاسانکاریی بۆیان لەو لایەنەوە (!).

- بەکارهێنانی ڕەگەزی ئافرەت، بۆ بەرەنگاربونەوەی بیروبۆچونیان.

- ڕێگرتن لە وەرگرتنی ڕیشداران لە زانکۆ، تەنانەت خزمانی پلە دووشیان (!)، هەروەها ڕێگرتنیان لە چوونە ناو سێکتەری سەربازیی‌و پۆلیس‌و ناوەندە سیاسی‌و ئیعلامییەکان.

– داخستنی دەرگای هەلی کارو دەرکەوتن بۆیان. (!)

– تۆخکردنەوەی لێکچوواندنی (تیۆری کۆمەڵایەتیی شیوعییەت) بە (تیۆری ئیسلامی)یەوە. (!)

– ڕێگرتن لە زانکۆی (ئەزهەر) لە دەرچوواندنی قوتابیو گۆڕینی لە زانکۆیەکی کلاسیکییەوە بۆ زانکۆیەکی مۆدێرن.

– ئامادەکردنی پلانو سیناریۆ دژیان، وەك سیناریۆی هەوڵی کودەتا، یان تیرۆرکردن، یان گێرەشێوێنی، یان نۆکەریی بێگانە. بۆ کاتی پێویست. (!)

لە کۆتایی پلانەکەدا چەند پێشنیارێکی یاریدەری سەرۆك (بێگن)و شارەزایەکی باڵوێزخانەی ئەمەریکی تێدایە.[١٠٦]

---

[١٠٦] ئەم بەڵگەنامەیە لەم سەرچاوانەدا بڵاو کراوەتەوە: ڕۆژنامەی (عەرەب) ی لەندەنی، لە ٦/٤/ ١٩٧٩، ڕۆژنامەی (الوطن)ی کوەیتی لە ٢٣/٤/ ١٩٧٩، ڕۆژنامەی (المدینة) ژمارە ٤٥٧٠.

زانست

# بەشی نۆیەم

## دیاردەی تەکفیرو ڕواڵەتەکانی توندڕەویی،

## لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ

لەبەرئەوەی زۆربەی هۆکارە زاتییەکانی سەرهەڵدانی بیری تەکفیری، لە هەردوو سەردەمی کۆنو هاوچەرخدا، لەیەك دەچن، ئاسەوارو دیاردەو دەرهاویشتەکانیشیان لەیەك دەچن، لێرەدا چەند دیاردەیەكو مەوداکانی لێکچوونیان دەخەمە ڕوو:

**یەکەم: تەکفیرکردنی دەسەڵاتداران بە ڕەهایی:** بە بەڵگەی ئەوەی هەرکەس بە تەواویی شەریعەت جێبەجێ نەکات کافرەو لە میللەتی ئیسلام دەردەچێت، بەبێ لێکدانەوەی ئەوەی مەبەستیان لە شەریعەت چیە؟ هۆی جێبەجێ نەکردنیان بۆ ڕێکارەکانی چیە؟ بەبێ حساب بۆ ڕێژەیی بوونی باسەکەو جیاوازیی هەلو بیانوو و مەرجو حاڵەتو کەسو ژینگەو سەردەمەکان.

**دووەم:** بەدوای ئەوەدا **کافرکردنی ئەو کۆمەڵگایانەی کە بێدەنگن لەو دەسەڵاتدارانەو دژیان هەڵناسن:** ئەویش بەبێ ڕەچاوکردنی هەلومەرجو لێکدانەوەی چۆنیەتییو چەندێتی ڕەواییو ناڕەوایی کارەکەو سەرەنجامی دەرهاویشتەکانی.

**ڕاوێژکار (سالم البهنساوى)هەندێك تێڕوانینیان دەگوازێتەوە، لەوانە:**

"**کۆچکردن بۆ ناوچەی** چۆڵەوانیی و ئەشکەوت و چیاکان، چونکە ئەمە ئەو ڕێگەیە یە کە پێغەمبەری خوا، گرتوویەتە بە ر  بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی ئیسلام و ئەنجامدانی فەرمان بە چاکەو ڕێگریی لە خراپە، بەو پێیە کە کۆمەڵگا کافرەو لە دوای کوفریش هیچ گوناهێك نیە.

هە روە ها بەشداریی نەکردن لەهەر بەرهەمهێنانێك، چونکە ئەمە یارمەتیدانە بە کۆمەڵگەی نە فامی.

وازهێنان لە قوتابخانەو زانکۆکان و دەرهێنانی منالآنلێیان.

وازهێنان لە پیشەی حکومیی و کۆمپانیاو سەرقاڵبوون بە کاری بازرگانیی و کشتوکاڵی.

ئەم بیرکردنەوانە لە فەلسەفەیەکی تایبەتەوە سەرچاوە ئەگرن، ئەویش ئەوەیە کە موسڵمانان لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام هەڵگەڕاونەتەوەو کافربوون. لەمەوە زۆربەی کۆمەڵگاکانی

جیهانی                عەرەبی و ئیسلامیی کافرن، بۆیە خۆ بە دوورگرتن لە هەموو ئەو شتانەی باسکران، واجیبە"[١٠٧]

**سێیەم: بەکافردانانی هەرکەسێك بەشداریی چالاکی سیاسی بکات،** هەرچەندە بەشدارییەکە بەرهەڵستکارانەو ئوپۆزسیۆنیش بێت، یان بە نیازی چاکسازیی و گۆڕنکاریش بێت. گروپە تەکفیرییەکان هەموو ئەو ئیسلامییانەی بەشداریی ئەنجومەنە- - کانی پەرلەمان و حکومەتیان کردووە، بە کافریان داناون، بەو بەڵگەیە کە: ئەمانە ئەنجومەن و دەزگاو دامەزراوەی نائیسلامین و خەڵکانێك لە بری خوا، یاسای لێ دەردەکەن، بۆیە تەحریم و قەدەغەی هەر جۆرە چالاکییەکی هەڵبژاردنیان کردووە، بە دەنگدان بێت، یان بە باشترزانین بێت."[١٠٨]

---

**١٠٧ سالم بەهنەساوی، لە (الحكم وقضية تكفير المسلم)دا، بە بەڵگە ئەمە دەسەلمێنێ. بڕوانە لا: ١٩٥.**

**[١٠٨] هەمان سەرچاوە، لا: ١٩٥–١٩٦.**

**چوارەم: بەکافرزانینی هەموو ئەو موسڵمانانەی تەقلیدی هەر مەزهەبێك ئەکەن غەیری مەزهەبی ئەوان:**

چونکە تەقلید لە ڕوانگەی ئەوانەوە کوفری ئاشکرایە. شێخ محمد سرور- کە لەگەڵیان ژیاوەو گفتوگۆی لەگەڵ کردوون- دەڵێت: "شوێنکەوتووانی ئەم قوتابخانەیە بڕوایان وایە کە هە موو چاولێگەر (مقلد) ێك بە ڕەهایی کافرە" پاشان لە (عبد الرحمن أبي الخير)ەوە دەگێڕێتەوە – کە یەکێك بووە لە ڕابەرانی تەکفیرو دواتر وازی لێهێناون- داوای ئیزنی لە ڕێڕەوانی خۆی کردووە بۆ نوێژکردن لەسەر (صالح سریە)و (کازم ئەنادۆڵی) - لە دوای ئەوەی دەسەڵات (مەبەستی دەسەڵاتی ڕژێمی سوریایە) لەسێدارەی دان- بەڵام جەماعەت پەسەندیان نەکرد، چونکە ئەم دووانە تەقلیدی صەحابەو پێشەوایانیان دەکرد!

(شوکری موستەفا)ی دامەزرێنەری گروپی تەکفیر دەڵێت: "کوفری چاولێگەریی (تەقلید)، یەکەمین کوفرێك بووە ئەم

ئوممەتە تێی کەوتووە، بە واتایەکی تر، وازیان لە حەقیقەتی ئیجتیهاد هێنا، بۆ چاولێکەریی."[109]

**پێنجەم: هەموو مزگەوتەکانی موسڵمانان– جگە لەوانەی خۆیان ئیدارەیان دەکەن– بە مزگەوتی ساختەی (ضرار)ی دووڕووەکانی مەدینە، حساب دەکەن.**

شەشەم: بەکافردانانی ڕاڤەکەرانی قورئانی پیرۆزو زانایانی فەرموودە ناس و شەرعزانان:

لەم لایەنەوە کۆمەڵەی (تەکفیر) بڕوایان وایە هەرکەس گومانی وابێ کە قورئان و فەرموودە پێویستیان بە ڕوونکردنەوەیە کافرە، شێخ (سرور) دەڵێت: "جەماعەتی (شوکری) فەتوای کافربوونیان دا بۆ هەرکەسێك کە بڕوای وا بێت ئیجماع بەڵگەیە، چونکە مانای وایە مرۆڤ بکرێتە خواو لە جێی خوا بێت." هەروەك قسەی ئەوان دەگوازێتەوە: "هەر کەسێك بڕوای وابێت قسەی خواو پێغەمبەر پێویستی بە

---

[109] الحكم بغير ما أنزل الله وأهل الغلو: محمد سرور، ١/ ٣٣. گواستنەوە لە رسالەی (الحجيات)ی شوکری مستە فا، کە باس لە بنچینەی بیروباوەڕو هەڵوێستەکانی دەکات، دەربارە ی قسەکانی صەحابەو باسی ئیجماع.

ڕوونکردنەوەیە، ئەوە کافرە، چونکە بڕوای وایە قسەی مرۆڤ دیارو ڕوونترە لە قسەی خوا.."[110]

حەوتەم: کافراندنی کۆمەڵە ئیسلامییەکان بە تەواویی، لە شیانەوە، برایانی موسڵمان (الإخوان المسلمون). ڕاویژکار (بەهنساوی) دەڵێت: "شوکری مصطفی پێی گوتووە: یەکەم هەنگاوی سەرکەوتنی ئیسلام تێکشکاندنی ئیخوان موسلیمینە، چونکە ئەوان دەڵێن: ئەو گەلەی کە لە پێشان موسوڵمان بوون، ئیستاش موسوڵمانن، ئەمەش دەبێتە ڕێگر لە هاتنەناوەوەی خەڵکیی بۆ ناو (کۆمەڵی موسوڵمانان) - مەبەستی کۆمەڵە تەکفیرییەکەی خۆیانە- چونکە خەڵکی خۆیان بە موسوڵمان دەزانن، خۆ ئەگەر بزانن بە نەهاتنە ناو ئەم کۆمەڵەیەوە کوفریان کردووە، ئەوە بەدەممانەوە دەهاتن و دواتریش حکومەتی کافردەڕووخا. (!)" کاتێك بەهنساوی نیقاشی لەگەڵ دەکاو دەڵێ: "چۆن کۆمەڵە ئیسلامییەکان هەموویان لە جیهاندا

---

[110] **الحكم وقضية تكفير المسلم: سالم البهنساوي، ١٥٢/١.**

بەکافر دادەنێیت؟ شوکری پێی دەڵێت: "جەماعەت ئەوەیە لەسەر حەق بێ، با بەتەنهاش بێت."[111]

هەشتەم: دانانی وڵاتانی موسڵمانان بەگشتی وەکو وڵاتی کوفرو کافرکردنی خەڵکەکەشی، تا ئەو کاتەی پەیوەندیی بە گروپەکەی ئەمانەوە دەکەن و بەرەو خاکی ئەوان کۆچ دەکەن، چونکە مانەوە لە وڵاتی کوفر حەرامە.

ئیبن تەیمیە لە باسی وەصفەکانی خەواریجدا دەڵێت: "ئەوان بەهۆی گوناهـ و خراپە، موسڵمانانیان دەکافراندو بەوهۆیەشەوە ماڵیان حەلال دەکردن وخاکی موسوڵمانانیان بە (دار الحرب) دادەناو خانەی خۆشیان بەماڵی ئیمان، هەر ئەمەش سەرچاوەی بیدعەکانە."[112]

---

[111] **الحكم وقضية تكفير المسلم: سالم البهنساوي. لا ٤٣. هەروەها محمد سرور– كە خۆی هاوچەرخی سەرهەڵدانی تەکفیرییەکانەو بۆ ماوەیەك لەگەڵیان ژیاوە– لە (الحكم بغير ما أنزل الله) ٣٣/١، بە بەڵگە، لە نامیلکەی (حجيات)ی سەرکردەی تەکفیریەکان (شكری مصطفى)وە ئەمە دەسەلمێنێ.**

[112] **فتاوى شيخ الإسلام ابن تيمية، ٧٣/١٩.**

پێدەچێت خوێنەر نامۆ بێ لەم جۆرە بۆچوونانە، بەڵام نامۆیی نامێنێ ئەگەر بزانێت ئەمانە لەلایەن شەیتانەوە گومڕا کراون، بەجۆرێك کە گەورەکەیان - شوکری مستەفا- گومانی وابێت کە زاناتر بێ لە صەحابە کان و شوێنکەوتوان (تابعین)، کە - بەدەستەواژەیەکی پرسیاری ئینکاری- بەبێ هیچ خۆپاراستنێك دەڵێت: "کێ وتوویەتی صەحابەو تابعین و گەورە زانایانی لێکۆڵەری باشترین سەردەمەکان، لە من زاناترن؟! ئەوەتا ژمارەیەکی زۆری فەرموودەی صەحیحمان لایە کە لەبەردەستی هیچ زانایە ك یان پێشەوایەك لە گەورەکاندا نەبووە." هەروەکو خۆی و هاوەڵەکانی وا گومان دەبەن کە بە پێغەمبەر عیسا دەگەن و ئەوان لە دوای یارانی عیساوەن و شایەنی خیلافەتن و (مستەفا شوکری)، مەهدیی چاوەڕوانکراوە!هەروەها میصر (ام القری)یە کە پێغەمبەرانی تێدا ڕەوانە کراوەو ئەوان - بە گوێرەی ئەوە گەورەترن لە گرۆی صەحابەو هاوەڵان، چونکە ئەوان کۆمەڵی ئاخر زەمانن.لە پەیامەکەیاندا (التوسمات) وا هاتووە: "ئێمە کۆمەڵی ڕاستین لە ئاخرزەمان، ئەم دوو ئایەتەش دەمانگرێتەوە:

(وآخرين منهم لما يلحقوا بهم) و (فسوف يأتى الله بقوم يحبهم ويحبونه). [113]

ئەمانە گرنگترین ئەو خاڵانەن کە کتومت خەواریجەکانی سەرەتای ئیسلامو تەکفیرییەکانی هاوچەرخ لەسەری کۆکن، چونکە سەرچاوەی لادانو پەڕگیرییەکەش یەك شتە، وەك ئاماژەمان پێکرد.

---

[113] الحكم بغير ما أنزل الله، محمد سرور، ١٥٧/١.

## بەشێك لە نمونەی ڕواڵەتەکانی تری توندڕەویی

توندڕەوییو پەڕگریی، چەندین دیاردەو دیمەنو ڕواڵەتو نموونەی تری هەن، کە ئەمانەی خوارەوە بە کورتیی هەندێکیانن:

– تەئویلکردنی ڕێساکانی زمانی عەرەبیو ڕێبازی پێشینە چاکەکان، لە تێگەیشتنی دەقەکانی قورئانو سوونەتدا، بە شکاندنەوەیان بە بارێکدا کە مەفهوم و چەمکی تیژپەڕانەیان لێوەرگیرێت.

ـ گەورەکردنی زیادلەپێویستی پیاوچاکانو بەپیرۆز دانانیانو پیاهەڵدانیان بە هەندێك خەسڵەت کە خودا ڕێگەی پێنەداوە.

– توندڕەویی لە حوکمدان بەسەر خەڵکانی دیکەدا، وەك تۆمەتی لە ئایین دەرچوونو بەکافرکردنو فاسقکردن، بێ بەرچاوڕوونییو بەڵگەی پێویست.

–حەرامکردنی جوانییو ڕۆزییە حەڵاڵەکانی خوای گەورە، بەناوی لەخواترسانو وازهێنان لە دونیاوە.

ئەمانەو دەیان نموونەی تر هەن، کە لە ڕاستیدا دوورن لە ئەحکامی شەرعییو ڕێکارو ئاراستە ئیسلامییەکانەوە، بەڵام بەداخەوە بەرگی ئایین کراوە بە بەریانداو بوونەتە هۆکاری دوورکەوتنەوەی کەسانێکی نەشارەزا لە ئیسلام، یان هۆی دروستکردنی گومان بۆ کەسانێکی دی.

## لایەنە هاوشێوەکانی
## نێوان تونڕەوانی کۆن وهاوچەرخ

ئەوەی باسمان کرد لە دەرکەوتەو هزرو بیروباوەڕو زۆر شتی تر، بە بەراوردکردنی لەگەڵ هزروبۆچوونی ڕۆچووانی سەردەمانی پێشوو، توێژەر لە یەکبوونی هەردوو جۆری زێدە چوون و زێدەچووان دڵنیا دەبێتەوە، ئیتر خۆیان چۆن گومان دەبەن با ببیەن! ئەویش لادانە لەو پەیڕەوە قورئانییەی کە گەورە زاناو شەرعزانان لەسەری ڕۆشتوون. ئەگەرنا چۆن ئەم دوو کۆمەڵە کۆکن و لە جۆرەها مەسەلەو خاڵدا ڕایان لەیەك دەچێت ؟ چۆن ڕایان لەزۆربەی شتەکان لەیەك نزیکە ؟ بەجۆرێك ئاسان نابێت مرۆڤ جیاوازیی لە نێوان ئەم دوو چەرخ و سەردەمە دا بکات بە درێژایی زیاتر لە چواردە سەدە.

خەواریج موسڵمانانیان بەکافر دادەنا، بەهۆی ڕاییێك یان کردنی گوناهێکە وە، ڕۆچووانی سەردەمیش بە هەمان شێوە موسڵمانان دەکافرێنن.

خەواریج خوێن و ماڵی کەسێکیان حەلال دەکرد، کە سەر بەوان نەبوایەو نەچووایە تە پاڵ کۆمەڵەی ئەوانەوە،

توندره وو زیادەڕۆیانی سەردەمیش ئەوە ئەكەن كەپێشینانیان دەیانكرد.

گومانیان وابوو ئەو شوێنەی خۆیانی لێ دەژین خانەی موسوڵمانان (دار الاسلام)ەو وڵاتانی تری موسلمانانیش خانە ی شیرك و جەنگن، ئەمانەی ئێستایش هەروا دەڵێن.

خەواریج نوێژیان لە دوای كەسێك نەدەكرد نە یانزانیبا كێیەو چیە، زۆرێك لە كۆمەڵە تەكفیرییەكانی ئەم سەردەمە ش هە ر وا دەكەن.

خەواریج (توقیە)یان جێبەجێ دەكردو دەمامكیان دەپۆشی و خۆیان لە خەڵك دەگۆڕی. ڕۆچووانی ئێستاش لەژێر ناوی جووڵەی ژیرانە (الحركة بالمفهوم) چاویان لێدەكەن.

ڕۆچووەكان - لەسەر بنەمای تەقیە- فەتوای دروستیی شووكردنی ئافرەتی موسوڵمانیان بە كافران دا، لە كاتێكدا هاوسە رگیریي ژنە موسوڵمانانیان لەگەڵ پیاوانی جیا لە گروپەكەی خۆیان، بە حەرام دەزانی! ئەمانەی سەردەمی

ئێستە ش هـەمـان شـت دەكـەن و - بـەداخـەوە- نموونـەی زیندووی ئەم كارە لە ئێستای میصردا دەبینرێ.[114]

گرنگتـرین ئـەو صـیفەتانـەی ئـەم دوو تاقمـە ڕۆچـووە - پێشووەكان و ئەوانەی ئێستا- كۆ دەكاتەوە زۆرن، لەوانە:

**یەكەم:** گەرمبوونیان لەسەر پەرستش - بە تایبەت لە هەنـدێك دروشمی پەرستشیدا- لە كۆندا خەواریجەكان لە سەرەتاوە بـە (القـراء) نـاودەبـران، لـەبـەر گـەرم و گـوڕی تێكۆشـانیان لـە خوێندنـی قورئاندا، پێغەمبەری خوا لە وەصفیاندا بـە هاوەڵانـی دەگـوت: (إن أحـدكم يحقـر صـلاته مـع صـلاتهم، وصـيامه مـع صيامهم).[115] واتە: ئێوە نـوێژو ڕۆژووی خۆتـان لـەچـاو ئـەوانـدا بە كەم دەبینن.

**دووەم:** بوێرییان لە فتوادان و بێباكییان لە دەركردنی حوكمدا، وەكو كافركردنی خەڵك و حەلال و حەرام دیاریكردن بـە بـێ شـارەزاییـەكـی فیقهـی، پێغـەمبـەری خـوا وەصـفیان دەكـات

[114] سالم بەهنساوی لە (التطرف والإرهاب)، لا: ١٤٠ دا، بە بە ڵگەوە ئەوە باس دەكات.

[115] **رواه البخاري، برقم ٣١٦٣، ومسلم برقم ١٠٦٤.**

بەوەی دەفەرموێ: (يقرؤون القرآن لا يجاوز تراقيهم). واتە: قورئان دەخوێنن، بەڵام لە گەروویاندا ناچێتە خوارەوە.

**سێیەم:** تانەدان لە زانایانی ئیسلام و تاوانبارکردنیان بە نەزانیی و لادان و گومڕایی، گەورەکەیان (ذو الخويصرة) بە پێغەمبەری خوای گوت: "إعدل"، بە گومانی ئەوەی پێغەمبەری خوا دادپەروەریی ناکات و ئەو خواناسترە لە پێغەمبەری خوا.

**چوارەم:** شێوازەکانی توندوتیژو زبریی لەگەڵ موسڵماناندا ئەگرنەبەر، خوێن و ماڵیان حەڵاڵ دەکەن، بەڵام واز لەکافران دێنن، ئەمەش ڕێبازی کۆن و نوێکانە. پێغەمبەری خوا وەصفیان دەکات، کاتێك دە ربارەیان دەفەرموێ: (يقتلون أهل الإسلام، ويدعون أهل الأوثان)[116] واتە: موسڵمانان دەکوژن و واز لە بتپەرستان دێنن.

لە کتێبەکانی ژیاننامەدا ڕووداوی وا هاتووە کە ئەم وە صفانەی تێدا بەرجەستە بووە، بۆ نمونە: کاتێك کۆمەڵێك لە خەواریج هاوەڵی بەرێز (عەبدوڵڵای کوڕی خەباب)یان

---

[116] صحيح البخاري، برقم ٣٣٤٤ ومسلم، برقم ١٠٦٤.

کوشـت و ناوسـکی خێزانــه دووگیانــەکـەیـان هـەڵـدڕی، بــه ڕازێکیان بەلادا تێپەڕی، یەکێکیان یه کسه ر بـه شمشێرەکـەی کوشتی، ئەوانی تریش وتیان: ئەم کاره فـەسادو خراپـەیـه لەسه ر زەوی، ئیتر ئەویش به خـاوەنـی ئـاژەڵـەکـه ـ کـه گـاور بوو ـ دەگات و به نرخەکەی ڕازی دەکات[١١٧]!

لەبەر ئەمەیه تووشـی سـەرسوڕمان نـابی کاتێك دەبینـی لـه هەندێك کتێبدا هاتووه که (واصلی کوڕی عەتا) کاتێك دەگاته هـەنـدێك لـه خـەواریـج، ناچار دەبـێ شوناسـی خۆی بگۆڕێ‌و لـەگـەڵ ئـەوانـەی لـەگـەڵیدان وا دەربخـەن ژمـارەیـەك بێبڕوای بەکرێگیراون، تا خۆی و ئەوانەی لەگەڵیدان ڕزگاریان ببێ له زەبرو زەنگی ئەم خەواریجانه، ئیترئەوانیش پـەنـایـان دەدەن و هەرخۆشیان دەیانگەیەننه جێگەی مەبەست.![١١٨]

---

**[١١٧] هەمان ریوایەتی سەرەوە.**

**[١١٨] (المبرد) له(أخبار الخوارج)، لا: ٦، باسی دەکات، له (المتطرفون خوارج العصر: د.عمر عبد الله، لا ٦٠–٦١ وەگیراوە.**

**پێنجەم:** هەرزەیی وکەمئە زموونی:

ئەو سێ شتە لە زێدەچووان لە سەردەمی خەواریجەوە تاکو ئێستا جێگیرە، دەبینی زۆربەیان لەوانەن کە نەگەیشتوون بە ئەقڵ و ئاوە زو تەمەنی تەواوی خۆیان، پێغەمبەر هەواڵیان لێدەداو دەفەرموێ: (قوم أحداث الأسنان، سفهاء الأحلام)، بەو مانایەی ساڵەکانی روشدیان تەواو نەکردووەو عەقڵیان کامڵ نەبووە.

ئەوە لایەنێك بوو لە لایەنە هاوشێوەکان و ئەو صیفا تە ی هەردوو کۆمەڵەکە کۆ دەکاتەوە، ئەستەمە -هەروەکو شێخ (محمد سرور) دەڵێت- "خەواریجی کۆن ئەم بیروڕایانەیان لە خەواریجی سەردەم وەرگرتبێت، ئەستەمیشە ئەم لێکچوونە بە م شێوە گشتیی و وردییە، رێککەوت بێت."[119]

بەم شێوەیە دەبینین کە زەمەنەکان جییان و ناوەکان دەگۆڕێن، نیشانەکان جیاواز دەبن و هۆکارەکان فرە دەبن، بەڵام ئەوەی وەك خۆیەتی و ناگۆڕێ ئەو زیادەڕۆییەیە کە -

---

[119] **الحكم بغير ما أنزل الله: محمد سرور. ٦٧/٢.**

لـه بنـەڕەتـدا- لـه فریـودانی شـەیتانـەوه دروسـت بـووه. (ابـن القیم)یش وەصفی دەکات و دەڵێت:

"هـەر کارێك خوا فـەرمانی پێدابێت، شـەیتان لـه دوو لاوه دەستی تێدەخـات: یـان کـەمتـەرخـەمیـی و بـەهـەدەردان، یـان ڕۆچـوون و زیـادەڕۆیـی، دینـی خـوایش میـانڕەوه لـه نێـوان وشـکیی و زیـادەڕۆیـی، وەك شـیوێکه لـه نێـوانی دوو چیـاو ڕوناکییـەك لـه نێوانی دوو گومڕاییدا، هـەروەك میـانڕەوه لـه نێـوان هـەر زیـادچوون و کورتهێنـانێکی لۆمـەکـراودا. بۆیـه کەمتەرخەم لێی دەقرتێنیّو کەسی ڕۆچوویش تێیدا دەفەوتێت، یـەکـەمیـان بـەهۆی کـەموکوڕیی، ئـەوی دیکـەشیان بـەهۆی بەزاندنی سنوورەوه".[120]

[120] مدارج السالکین، ابن القیم ، ٢/٤٩٦.

## ناساندنی ڕێکخراوی (داعش)و هەڵوێست بەرامبەریان

لە دوا بڕگەی ئەم بەشەدا، بە پێویستی دەبینم بە کورتیی پێناسێکی ڕێکخراوی (داعش) بکەم، وەك دیاردەو نموونەیەکی توندڕەویی لە ناوچەی نزیك لە خۆمان.

**یەکەم/ ناساندنی ڕێکخراوی (داعش):**

ـ (داعش) ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی توندڕەوو پەڕگرە، درێژکراوەی بیری ڕێکخراوی توندڕەوی (قاعیدە)یەو خۆی بە شوێنکەوتەی قوتابخانەی (سەلەفی جیهادیی) دەزانێت، لە کاتێکدا زۆربەی شوێنکەوتووانی ئەو قوتابخانەیەش نایانگرنە خۆ.

ـ لە پەنابردنیاندا بۆ ئایینی ئیسلامو بەڵگەهێنانەوەیان بە سەرچاوەکانی، تێگەیشتنێکی هەڵەو نادروستیان هەیە لە دەقە قورئانییەکانو پەنا دەبەنە بەر هەندێك ڕیوایەتی لاوازو گوێ نادەنە بنەما شەرعییەکانو تێگەیشتنی (مەقاصدی) یانە لە ئەحکامی ئیسلام.

ـ زیاتر تەعبیر لە کۆمەڵە فتواو ڕایەکی دەرهاویشتەی عەقڵی هەندێك لە زاناو فەقیهە پێشووەکان دەکەن، کە

سەردەمیان بەسەرچووەو بە حیکمەتەکانی شەریعەت بۆ ئەم سەردەمە ناخۆن.

ــ هەڵس‌و کەوت‌و مومارەسەکردنیان بەناوی ئاینی ئیسلامەوە– چ بۆ دەوڵەتداریی، یان مامەڵە لەگەڵ خیلاف‌و جیاوازییە ئایینیی‌و فکرییەکان– بە تەواویی چەقبەستووەو نەگونجاوە لەگەڵ دەقەکانی قورئان‌و سوننەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ)و میتۆدی خولەفای ڕاشدین، وەك مامەڵەی پێغەمبەری خوا لەگەڵ نەصارای نەجران‌و (پەیماننامەی مەدینە) لەگەڵ جولەکەکانی مەدینەو پەیماننامەی (العهدة العمرية) بۆ مەسیحییەکانی سەردەمی خۆی لە (بيت المقدس)ی فەلەستین.

ـ بینا لەسەر ئەو بۆچوون‌و مامەڵانەیان، (داعش) هەموو کارێکی تیرۆریستیی‌و توندوتیژیی‌و تەکفیرکردن، دژ بە نەیارانیان، بەلاوە ڕەوایەو خوێن‌و ماڵیان بە لایانەوە حەڵاڵەو کاولکاریی‌و تۆقاندن‌و ئاشووب‌و ناسەقامگیریی میتۆدو مەنهەجی بیرکردنەوەیانە.

**دووەم:** کەش‌و هەوای دروستبوون‌و زەمینەی گەشەی (داعش)و زۆربەی گرووپە توندڕەوەکانی تر، لە لایەن

دەزگای هەواڵگریی وڵاتانی ناوچەکەو زلهێزانەوە، دەرەخسێنریۆ دژ بە بزافی ئیسلامیی هاوچەرخو پرۆژەی سیاسی ئیسلامیی میانەڕەوو‌ئیصلاحیی، بەکاردەهێنرێن، بە مەبەستی ناشیرینکردنو لەباربردنی پرۆژەی ئیسلامییو تۆقاندنی جەماوەر لە هەر حوکمو دەسەڵاتێکی ئیسلامیی چاوەڕوانکراو.

**سێیەم:** فاکتەرێکی سەرەکیی سەرهەڵدانی داعش– جگە لە شکستی دەسەڵات لە عیراقو سوریاو ململانیٚ تایفییەکانی ناوچەکە – بریتیە لە هەڵوێستو سیاسەتی ستەمکارانەو چەوتی ڕژێمەکان بەرامبەر ڕاپەڕینی گەلانو سەرکەوتنی لایەنە ئیسلامییەکان، بە تایبەتی لە وڵاتانی سوریاو مصر. دورکەوتنەوەی وڵاتانی عەرەبییو پاشەکشێی ڕۆژئاواش لە پرۆسەی دیموکراسی، زیاتر بووەتە ڕێگا خۆشکەر بۆ گەشەی ئەوجۆرە فیکرو گرووپانە. بۆیە بە هەزاران گەنجی خوێنگەرم پێشکەش بە توندڕەوەکان دەکەن، هەروەك لە جەزائیر لە ساڵانی نەوەدەکاندا گوزەرا.

**چوارەم:** تاقمی (داعش) لەعێراقدا، بە شێوەیەکی سەرەکیی تێکەڵەی پاشماوەی (قاعیدە)و (بەعسییەکان)ن. شێوازی

مامەڵەکردنی حکومەتەکانی عێراق لەگەڵ سوننەکان لە ساڵانی ڕابردودا، ڕۆڵی سەرەکیی‌و کاریگەری هەبووە لە فەراهەمهێنانی باوەشێکی جەماوەریی لە ناوچە سوننیەکاندا بۆلەخۆگرتنیان، هەرچەند ئەوان هەڵوێستێکی ئیجابییان بەرامبەر سوننەو کێشەکانیان دەرنەخستووە، بەڵکو بوونەتە مایەی کاولبوونی زۆربەی شارو ناوچە سوننییەکان.

**پێنجەم:** بە لێدوان‌و هەڵوێستیاندا دەرکەوت کە ڕێکخراوی (داعش) دژی گەلی کوردو ئەزموونی هەرێمی کوردستانن، بۆیە پێویستە پشتگیریی بڕیاری بەرەنگاربونەوەیان بدرێ‌و ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە بەرز بنرخێنرێت.

**شەشەم/ هەڵوێستی ئیسلامییەکان بەرامبەر بە (داعش):**

لە سۆنگەی ئەو خاڵانەی سەرەوە، ڕێکخراوی داعش لە هەردوو ڕووی (فیکر)و بۆچوون‌و (مومارەسە)و هەڵس‌و کەوتەوە، دەبێت لەلایەن ئیسلامییەکان‌و هەر تاکێکی موسڵمانەوە مەحکوم بکرێت‌و ڕەتبکرێتەوە، چونکە بیرکردنەوەو کارەکانیان لەگەڵ بنەما گشتییەکانی ئیسلام‌و مومارەسەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)و پێشەنگانی ئوممەتی ئیسلامیی یەکناگرنەوە. جگە لەوە دژیشن بە بەرژەوەندیی

گەلانی موسڵمانی ناوچەکەو تەوژمی ئیسلامیی سەردەم، لە ئاستی هەموو وڵاتان، بە تایبەتی عیراقو بەتایبەتی تر کوردستان.

بەکورتیی، بەندە پرۆژەی (داعش) بە بەشێك لە پرۆژەو پیلانی نێونەتەوەییو ئیقلیمی دژی بەهاری عەرەبییو هەوڵەکانی چاکسازییو ڕەوتی ڕیفۆرمخوازیی لە ناوچەکە دەزانمو لام وایە ڕۆڵی قۆنتەراتچی دەبینن، بۆ جێبەجێکردنی ئەجێنداو بەرنامە نەخوازراوە ئیقلیمیو نێونەتەوەییەکان.

ئەمە- تاکو ئەم ساتەوەختەی ئەم بابەتەی تێدا دەنووسمەوە- وێنایەکی گشتیی ڕێکخراوی توندڕەویی (داعش)ەو بەپێی توێژینەوەکانو جۆری مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەو واقیعەی تێیدا دەژین، کارو بەرنامەو ئامانجی داعش، ڕووخاندنو کاولکارییو تۆقاندن زیاتر هیچی تر نەبووە، ئەوەش کە لە شاری (شنگار)و دژ بە کوردانی یەزیدی- بەتایبەتی ئافرەتانیانو دیلەکانیان- کردیان، باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەو وێناکردنەی کردمان.

زانست

# بەشی دەیەم

## بەشێك لە ڕێگاكانی چارەسەری دیاردەی پەڕگیری

## له باخچەی فەرموودەکان:

* لا تشدّدوا على أنفسكم، فيشدد الله عليكم، فإن قوما شدّدوا على أنفسهم فشدّد الله عليهم، فتلك بقاياهم في الصوامع والديار. (ورهبانية ابتدعوها ما كتبناها عليهم.) (سنن أبي داود، كتاب الأدب، بە ژمارە: ٤٢٨٥ و٤٩٠٤).

* إن هذا الدين متين، فأوغل فيه برفق، فإن المنبتّ لا أرضا قطع، ولا ظهرا أبقى. (مسند أحمد، بە ژمارە: ١٣٠٨٣).

* يَسّروا ولا تعسّروا، (وبشروا، ولا تنفّروا)، وسكّنوا ولا تنفّروا. (صحيح البخاري، كتاب الأدب، بە ژمارە: ٦١٢٥).

* مَهْ. عليكم بما تطيقون، فو الله لا يملّ الله حتى تملّوا، وكان أحبّ الدين إليه ما داوم عليه صاحبه. (صحيح البخاري، كتاب الإيمان، بە ژمارە: ٤٣، وكتاب التهجد، باب ما يكره من التشديد، بە ژمارە: ١١٥٣، ومسلم، كتاب صلاة المسافرين، بە ژمارە: ٧٨٢).

سەرەتا پێویستە دان بەوەدا بنێین کە دیاردەیەك تەمەنی چواردە سەدە بێت، بەرەنگاربوونەوەی ئاسان نیە. دیاردەیەك دزەی کردبێتە کلتوری ئیسلامییو سەرچاوەکانی (فیقه)و تەنانەت ڕیوایەتەکانیشەوە، دیاردەیەك کە هەزاران ڕیوایەتی بۆ هەڵبەستراوەو ئایەتو فەرمودەی دروستی بۆ تەئویل کراوەو هەزاران فتوای نادروستی بۆ داهێنراوە.

بۆیە بەڕادەی قووڵیو ئاڵۆزیی دیاردەکە، چارەسەریش ئاڵۆزو زەحمەتەوهەڵمەتێکی چڕو زنجیرەییو هەمەلایەنەو درێژخایەنی دەوێت.

وەك بەشدارییەك لە دیاریکردنی ئەرکی ڕوبەڕوبوونەوەی دیاردەکە، ئەم خاڵانە دەخەمە ڕوو:

**یەکەم:** جێی مشتو مڕ نیە کە دەبێت فیکر تەنها بە هزرو فیکر، بەرەنگاریی بکرێت. توندڕەوەکان خاوەن بیروڕاو بۆچونی تایبەتن، بەپشتبەستن بە هەندێك بەڵگە کە بۆ خۆیان تەئویلیان دەکەن. بۆیە دەبێت بەشێوەیەکی زانستییانە وەڵام بدرێنەوە، لە کەسو ئاستو دەزگاو

ناوەندانێکەوە کە ئەهلییەتی زانستییان جێی گومان نەبێت، نەك لەخۆڕاو دوور لە بنەما زانستییەکان .

**دووەم:** دەبێت پەیڕەوانی ڕەوتی ئیسلامیی میانەڕەو، هەڵوێستی شەرمنانەیان نەبێتو ڕاشکاوانە لادانو ترازانی ڕەوتی توندڕەو ڕەد بکەنەوە. لەبەر ئەوە ئیسلامییە میانەڕەوەکان پێش هەر لایەنێکی تر بە ئامانج گیراونو خراونەتە ژێر پرسیارەوە. چونکە ڕەوتی میانەڕەو باوەڕی بە پێکەوەژیانو دایەلۆكو ئاشتیو سەقامگیرییەو ئەو کەشو هەوایە لە گەشەی بیری توندڕەویدا، لەوانیش دەشێوێت.

**سێیەم:** گەشە بە ڕەوتی ڕیفۆرمی سیاسیو کۆمەڵایەتیی، لەلایەن دەسەڵاتەکانەوە، هەر لە چاکسازییو گۆڕانگاریی لە دەستورو یاساکاندا، تا دەگاتە سیستمەکانی خوێندنو پەروەردەو دەزگاکانی ڕاگەیاندنو سۆسیال میدیاو بواری چاکسازیی دادگەرییو کۆمەڵایەتییو بەرەنگاربوونەوەی جیاخوازییو نادادگەرییو .. هتد.

**چوارەم:** پشتیوانیکردن لە ڕەوتی ئیسلامیی میانەڕەو، تا پێشەنگیی ڕابوونی ئیسلامیی هاوچەرخ لەدەست نەدات، کە

بەرهەمی ڕەنجی خۆیەتی‌و بەشێکی سەرەکیی پڕۆژەی توندڕەوەکان، بۆ لەباربردنی بەری ئەو ڕەنجەیە.

**پێنجەم:** ڕاگەیاندنێکی بوێرانەی هەڵمەتی پیاچوونەوەو پاکسازیی کەلەپورو توراثی ئیسلامیی، لە تەفسیری هەڵەی صەدان ئایەت‌و ڕاڤەی نادروستی هەزاران فەرمودەو فتوای بەسەرچووی ناو صەدان کتێب‌و بۆچونی نەگونجاوی هەندێك لە زانایانی موسڵمانی ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو.. کە هەموو ئەوانە بوونەتە داردەست‌و پشتیوانی تێڕوانینی سەقەتی توندڕەوانی سەردەم‌و شێواندنی ڕووی ڕاستەقینەی ئوممەتی میانەڕەویی ئیسلام.

ئەمانە بەشێك لە خاڵە بنەڕەتییەکانی چارەسەرن‌و لە ناواخنیاندا چەندین هەنگاوی تریشیان تێدەکەوێت، وەك:

چاکسازیی باری ئابوریی‌و دارایی.

دابینکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتیی.

وەلانانی پاوانخوازیی سیاسی‌و ئیداریی.

گەشەی بیری دەساودەسکردنی دەسەڵات.

داڕشتنی سیاسەتێکی حەکیمانەی مامەڵە لەگەڵ خۆرئاوا.

وازهێنان لە دیاردەی پاشکۆیەتی.

پێداچوونەوەی گرێبەستو ڕێکەوتننامە ناوخۆییو ئیقلیمیو نێونەتەوەییەکان و.. هتد.

هەموو ئەمانە لەپاڵ فاکتەرە زاتییەکاندا، ڕۆڵێکی زۆریان هەبووەو هەیە، لە گەشەدان بە دیاردەی توندڕەویدا، بۆیە پێداچوونەوەو دەستکاریکردنیان هەنگاوێکی سەرەکییە لە بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی توندو تیژیی.

# دوا پەیڤو هیوایەكو چەند ڕاسپاردەیەك [121]

پاش بڵاوبوونەوەی بەشێك لە دانپێدانانی ژمارەیەك تیرۆرستی تاوانبار، لەملاو لەولاو لە هەندێك سیمیناری تایبەتیشدا قسەوباسی زۆر دەكرێت لەسەر جۆری ئەو ڕووداوانەو هۆكارەكانیانو ڕادەی دروستیو نادروستیی شێوەی مامەڵەكردن لەگەڵ دیاردەكەو دەرهاویشتەكانیو

121 ئەم دوا پەیڤە لە بنەڕەتدا وتارێك بوو كە بە هۆی كارێكی تیرۆریستییەوە لە شاری سلێمانی، لە ژێر ناونیشانی (دیاردەی تیرۆرو توندڕەوییو دەروازەیەك بۆ چارەسەر)، لە ژمارە (٥٤٨)ی ڕۆژنامەی (یەكگرتوو)، لە ٢٠٠٥/٧/١٩ دا، بڵاوم كردەوە. لێرەدا دەمویست چەند خاڵێكی هاوشێوەی ئەمانە بكەمە (دوا پەیڤ)ی ئەم كتێبە، بۆیە هەر ئەمەم دانایەوە، بە بێ ئەوەی –جگە لە ناونیشانەكەی – تاكە وشەیەكیشی لێ زیادو كەم بكەم. دانانەوەی، ئەو پەیامەشی بۆ شوێنكەوتووانی ڕەوتی ئیسلامیی میانەڕەو تێدایە، كە بزانن ئێمە هەم گەرماوگەرم بەبێ گوێدانە هیچ كاردانەوەیەك، لەگەڵ ڕوداوەكاندا بووین، هەم لەبیركردنەوەو تێگەیشتنماندا بۆ چەمكە ئاینییەكان– سوپاس بۆ خوا– هەمیشە بەرچاوڕوون بووین.

هەندێ جاریش قسە لەسەر چارەسەرو جۆری ڕووبەڕوو بونەوە دەکرێت.

دیارە ئەو تاوانە گەورانە قسەو باسی زۆر هەڵدەگرن‌و خودی باس لێکردن‌و توێژینەوە لەسەریان، نەك تەنها کارێکی باشە، بەڵکو ئەرکێکی گەورەی هەموو لایەکە، کە لە گۆشە جیاجیاکانەوە لەسەری بدوێین.

بەندە لەم کورتە وتارەدا دەمەوێت لەسەر کۆی ڕوداوەکەو شێوەی مامەڵە لەگەڵی، ئاماژە بە چەند خاڵێکی ڕیشەیی بکەم:

**یەکەم:** زۆر پێویستە کە هەموومان جەخت لەسەر ئەو ڕاستییانە بکەینەوە کە تیرۆرو توندڕەوەیی‌و تۆقاندن، ئایین‌و مەزهەب‌و زمان‌و نەتەوەو شوێن‌و جوگرافیا ناناسێت. بەکورتی کەسێتی تایبەتی بەباڵابڕاویدا نیە. ئەو دیاردە بۆگەنە بە تان‌وپۆی زەمین‌و زەماندا شۆڕ بۆتەوەو لەناو هەموو ئایین‌و نەتەوەو وڵاتاندا هەیە. پەیڕەوانی ئایدۆلۆژیاو بیرۆکە جیاجیاکان، خەڵکانی بێباوەڕو دژ بە هەموو ئایین‌و بەهایەك، کەسانی باوەڕدارو بێباوەڕ، چەپڕەوو ڕاستڕەو، هەژارو دەوڵەمەند، خوێندەوارو نەخوێندەوار، کەسانی

ساکارو خەڵەتاو، تا دەگاتە چاوکراوەو دونیادیدە، خەڵکانی مزگەوتو نوێژخوێن، تا دەگاتە دەرەوەی مزگەوتو دوور لە دین، قوتابی حوجرە، تا دەگاتە خوێندکاری پەیمانگاو زانکۆ، گوێگرانی هەندێك وتارو خوتبە،تادەگاتە گوێبیستانی فیلمە بیانییەکانو پەروەردەبووانی کەناڵە مۆدێرنەکانو خوینەرانی هەندێك نوسراوو بابەتی گەرمو بە حەماسەتی ئایینی، تا دەگاتە خوێنەرانی مێژووی بزوتنەوەو شۆڕشە چەپەکانو کودەتا هاوچەرخەکان..

لە کەنار هەموو ئەمانەداو لە ناو هەموو ئەمانەدا، کەسانی توندڕەوو تیرۆرست پەیدا بوونو سەریانهەڵداوە. تەنانەت مێژووی شاخو دەشتو بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلان – بە گەلی کوردیشمانەوە– هەندێك لەو لاپەڕە ڕەشانەی تێدایەو لە خوێندنەوەی یاداشتنامەی سەرکردە سیاسییەکاندا، چاومان بە چەندین دیاردەی تیرۆرو کوشتنو سەرنگومکردن هەڵدەتۆقێت.

کەواتە زۆر ناڕاستو نابەجێیە، کە بۆ مەرامێکی سیاسی تایبەت، تیشك بخرێتە سەر ئەو باسانەو بکرێنە هەلی تیروەشاندن لە ئایینی ئیسلامو ئیسلامییەکان بەگشتییو

سڕینەوەی نادیدەگرتنی مێژووو واقعی پڕ خزمەتو پڕ سەروەریی مزگەوتو ڕۆڵی ئیجابییانەی ئیسلام لە پەروەردە کردنی لاوانو پاراستنی ڕەوشتدا.

**دووەم:** پێویستیشە کە ئەو کۆڕو سیمینارانەی لە میدیاکاندا ساز دەکرێن، بابەتییانە بنو بە شێوەی زانستیی بچنە ناو ئەو باسەو بە باکگراونێکی ئایدۆلۆژییو حزبیی باسەکان نەوروژێننو ڕێگەی چەواشەکاریی بە کەس نەدەنو نەیکەنە سەکۆی (تصفیە حساب)ی ئایدیۆلۆژییو حزبییو سیاسیو خۆیان بەشێوەیەکی تر نەکەونە داوی (تیرۆری فکریی سیاسی)ی کەسو لایەنانی تر، بەتایبەتی لەلایەن ئەو تاکوتەرا کەسانەی کە هەلەکە دەقۆزنەوە، بە بەشداریيو موداخەلەو داخی تری دڵی خۆیان دەڕێژن، چونکە (تیرۆری فکریی) تاوانێکی کەمتر نیە لەتیرۆری جەستەییو خوێنڕشتن.

**سێیەم:** لەگەڵ بڵاوبوونەوەو دانپێدانانی ئەو تاوانبارانەو ناوبردنی هەندێك مزگەوتو هەندێك مەلاو کەسانی بە ناحەق حسێبکراو لەسەر ئیسلام، شاڵاوی هێرشبردنە سەر مزگەوتو مەلاو ئایین–بەگشتی– لە لایەن هەندێك کەسی نابەرپرسەوە دەستی پێکرد. هەروەك ئەوەی مزگەوت هیچ ڕۆڵیکی تری

نەبینیبێت، جگە لە پێگەیاندنی ئەو دە پازدە تیرۆرستەی کە لە ڕاستیدا لە قوتابخانە پەروەردەییەکەی مزگەوت هەڵگەڕاونەتەوە، بۆیە بەو دەردە چوونو بەو ئاکامە ناکامە گەیشتن.

بۆچی خەڵکی موسڵمانی کوردستان لە بیری دەچێتەوە کە مزگەوتەکانی کوردەواریی لە کۆنو نوێدا، گەورەترین قوتابخانەی ڕەوشتو پێگەیاندنی خەڵکی بوون.؟

بۆچی ئەمڕۆ جێدەستی سەدان زاناو مامۆستای بەڕێزو ئامۆژگارییە بەنرخەکانیان لە واقعی کۆمەڵگەدا نابینن؟

ئەی بۆ ئەو کەسە بێ ئینصافانە باس لەو هەزاران هەزار لاوو گەنجە دڵسۆزو دەستو دەمو دڵپاکەی پەروەردەبووی مزگەوت ناکەن..؟

بۆچی باسی ئەو هەزاران خوتبەو گوتارە بەنرخانە ناکەن کە دژی تیرۆرو تۆقاندنو تیرۆرستان دەدرێنو ڕاشکاوانەو بێ پەردە ئیدانەی ئەو ڕەفتارە قێزەونانەی تیرۆرستان دەکەن؟

ئەگەر لەم ڕادیۆ، یان لەو کەناڵی تەلەفزیۆنیی، چەند چرکەیەك درابێت بەو باسانەو هەندێك قسەی سەرپێیو خێرا کرابێت لەسەر مەحکومکردنی ئەو تیرۆرستە دۆڕاوانە، ئەوە

لە سەدان مزگەوتی کوردستاندا سەدان وتاری بەکەڵك دراون‌و ڕاستییەکان بۆ خەڵکی ڕوون کراوەنەتەوەو ئەو دیاردە دژ بە ئیسلامە مەحکوم کراوەو بە دڵنیایی کاریگەریشیان سەد قاتی کۆڕو سیمینارەکان بووە، چونکە تا ئێستا زۆرینەی خەڵکی کوردستان دۆستی مزگەوتن‌و متمانەی جەماوەر بە مامۆستایانی ئایینی ماوەو زۆرترین ڕێژەی خەڵکیی لەوێوە دەکەونە ژێر کاریگەریی.

**چوارەم:** بەندە کە ئەم داکۆکییە لە مزگەوت دەکەم، تەنها بۆ دیفاع کردنە لە عەدل‌و حەق‌و ڕاستی، وەگەرنا ئەوەشم لەبیرەو هەر عەدل‌و ڕاستی داوام لێ دەکات کە بڵێم: هەندێك وتاری مزگەوت‌و هەندێك زانای ئایینی‌و هەندێك بیرۆکەو نوسراوی ئیسلامیی هەن، کە بەجۆرێك لە جۆرەکان- لە سەر ئیسلام‌و خەڵکی ئیسلام دەژمێردرێن‌و برەو بە تیرۆرو بیری توندو تیژیش دەدەن. هەرگیز ڕاست نیە کە بڵێین پەنا نەبراوەتە بەر ئایین بۆ (تحريض)و هاندانی توندڕەویی، بە پێچەوانەوە لەبەر نرخ‌و بەهای ئایین، ڕەنگە کاریگەرییەکەی خێراترو زۆرتر بێ، کەبڵێین: دەکرێت لەڕێی بەکارهێنانی هەندێك چەمکی ئایینییەوە -بە تایبەتی بە پشتیوانی

کلتورێکی ئایینیی کەڵەکەبووی مێژوو، کە چاکیشی تێدایەو خراپیش، کە ڕاستیشی تێدایەو ناڕاستیش– گەورەترین خزمەت بە تیرۆر بکرێت، کە کراویشە، چ لە مێژووی کۆندا، چ لە سەردەمی هاوچەرخدا، بەڵام ئەوەش توێژیینەوەیەکی وردو زانستییو بە ئینسافانەی دەوێت.

بۆیە مزگەوتو مەلاو حوجرەی کوردەواریش، زاناو شێخانو تەکیەو خانەقاکانیش، بەشێك لە بەرپرسیارێتی ڕوویان تێ دەکات، چ بەرپرسیارێتی بەئاگابوونو توێژینەوە، چ بەرپرسیارێتی هۆشیارکردنەوەو ڕوبەڕوو بوونەوەی دیاردەکە، بە تایبەتی لەلایەنی بەرگریی لە ئایین –وەك خۆی–و بەرگریی لە پێگەو ڕۆڵی گرنگی مزگەوتو زانستە شەرعییەکانو کاریگەریی مەلایەتی لە کوردستاندا، بە مەبەستی خۆجیاکردنەوەو مەلەف جیاکردنەوە لەو ژمارە زۆر کەمەی کە بەرگی ئیسلامیان بە بەرخۆیاندا کردووەو وتارو خوتبەو میحرابو مینبەر عەیبدار دەکەنو تەئویلی ئایەتو فەرمودە بۆ مەرامەکانی خۆیان دەکەن.

لە سەرێکی ترەوە، دەبێت دەقە پیرۆزەکان جیابکەینەوە لە کلتورێك کە سێزدە سەدە تەمەنیەتیو بە ملیۆنەها کتێب

مەزەندە دەکرێ‌و ئاساییە کە چەندین فتواو ڕاو بۆچونی سەیرو سەمەرە لەخۆ بگرێت.

بەڵێ، دەبێ ئەو ڕاستییەش بڵێین کە هەر ئەو کلتورە دەوڵەمەندە بە توندی بە گژی (خەوارج)و یاخیبووەکان‌و بیرە توندوتیژەکانیشدا چووەتەوەو بە لادان لە ئیسلامی ڕاستەقینەی زانیوە.

**پێنجەم:** بە نیسبەت ئەو ژمارە تاوانبارەشەوە، ئەرکی بەرپرسانە کە بەشێوەیەکی یاسایی دادگاییان بکەن‌و هەموو ڕاستییەکان بە جەماوەر بڵێن‌و قەرەبووی خێزانی زیانلێکەوتووان بکەنەوەو هەموو بەشدارانی ئەو تۆڕە تیرۆرستییەو هەموو هاوکارانیان بە دادگاکردن مەشمول بکەن‌و بە هیچ نیازو مەبەستێك کەسی لێ دەرنەکەن.

هەقیش وایە پسپۆڕانی یاساو شەرعناس‌و دەروون‌و کۆمەڵناس لە توێژینەوەکان‌و باسی ڕێگەچارەکاندا، بەشدار بکەن. هیچ پێویست ناکات تەنها لە دەروازەی ئەمنیی‌و حکومیی، یان حیزبیی‌و سیاسییەوە بچینە ناو ئەم باسە ترسناکانە، کە لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی پەلیان بە هەموو لایەکدا هاویشتووەو زیاتر لایەنە ئەمنییەکە لەسەر دەروونی

تاکی هاوڵاتی‌و هەموو لایەنە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و – بگرە ئابورییەکانیش – کاریگەریی بەجێ هێشتووە.

**شەشەم:** ڕەنگە زۆر کەسی تریش لەگەڵ ئەم ڕاستییەدا بێت، کە باشترین ڕێگاو هۆکاری ڕووبەڕووبونەوەی ئەم دیاردە تیژڕەوی‌و توندڕەوییە – بە تایبەتی ئەو بەشەی بەناوی ئایینەوە دەکرێت– پشتگیری‌و برەودانە بە فکری میانەڕەویی ئیسلامیی، کە خۆشبەختانە لە گۆڕەپانی کوردستاندا جێدەستی دیارەو کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر توێژانێکی زۆری خەڵکی مزگەوت‌و زانکۆکان‌و هەموو ناوەندەکان هەیە. کاریگەریی فیکری میانەڕەویی لەوەدایە کەباشتر لەزمانی ئەم دەستەو تاقمانە دەزانێت، چونکە ئەوان لە پەنای ڕاڤەو تەئویلی دەق‌و فەرمودە پیرۆزەکاندا، گەشە بەخۆیان دەدەن‌و هەموو ئەو بەڵگە هێنانەوە ناهەق‌و تەئویلە نادروستانەش لای هەڵگرانی بیری ئیسلامی میانەڕەو، وەڵامیان هەیە.

بۆیە پێویستە بەرپرسانیش دڵسۆزانە ئەم ڕاستییە ڕەچاو بکەن، جگە لەوەش کە خۆیان بەرپرسن لە زنجیرەیەك کارو پرۆژەو ئەرکی چاکسازیی‌و ئیصلاحاتی سیاسی‌و ئەمنیی‌و

کۆمەڵایەتیی، تابتوانین بەشێوەیەکی هەرەوەزیی ڕووبەڕووی ئەم دیاردە نامۆیە بە ئایینو کلتورو گەلو وڵاتمان ببینەوە.

******************

**************

********